# تیڕوانینێکی نوێ
# بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا

نامەیەکە

**شیروان حسین حمد**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لەپێویستییەکانی
پلەی ماجستێر لەزمانی کوردیدا

**سەرپەرشت:**
**پ.ی.د.فاروق عومەر سدیق**

(2710)ی کوردی (2010)ی زاییني

ئەم نامەیە بەچاودێری من لەزانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لەزمانی کوردیدا.

ناو: د. فارووق عومەر سدیق
ڕۆژ: / / 2010

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د. دڵشاد عەلی
ل. خوێندنی باڵا
ڕۆژ: / / 2010

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتووێژو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا، گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی (         ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردیدا پێ‌بدرێت.**

**ناو: پ.ی.د.هۆگر مەحموود فەرەج**
**ئەندام**
ڕۆژ:   /   /2010

**ناو: پ.ی. د.فەرەیدوون عبدول محمد**
**سەرۆکی لیژنە**
ڕۆژ:   /   /2010

**ناو: د.صباح ڕشید قادر**
**ئەندام**
ڕۆژ:   /   /2010

**ناو: پ.ی.د.فاروق عومەر سدیق**
**ئەندام‌و سەرپەرشت**
ڕۆژ:   /   /2010

**لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسندکرا.**

**ناو:**
**ڕاگری کۆلێژی زمان**
ڕۆژ:   /   /2010

# پېشەلكى

# بەشی یەکەم

# وردبوونەوە لەسینۆنیم وەك دیاردەیەکی زمانی

# بەشی دووەم

# سینۆنیم لەچوارچێوەی فۆنیم و مۆرفیمدا

# بەشی سێیەم

# سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا

# ئەنجام

# سەرچاوەکان

# پێشکەشە بـــە:

- دایكو باوكم.
- خوشكو براكانم
- هاوسەرو جگەرگۆشەکەم (دەوان)

# سوپاسنامە

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای گەورەو بەڕێزم (پ. ی. د.فاروق عومەر سدیق)، کە بەوپەڕی لەخۆبردوویی و دڵسۆزییەوە، سەرپەرشتی نامەکەی کردووم و سەرچاوەکانی زمانی ڕووسی بۆ وەرگێڕاوم، بەردەوام ڕێنمایی کردووم، هیوای لەش ساغی و تەمەن دێژی بۆ لەیەزدانی مەزن دەخوازم، ئاواتەخوازم نموونەی زۆربێت.
- هەردوو مامۆستای بەڕێزم (د. هۆگر مەحموود) و (د. عەزیز گەردی) کە تائەوپەڕی ڕادە یارمەتییان داوم، هەرگیز لەچاکەیان دەرناچم.
- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە لەهەردوو کۆرسی خوێندنی ماجستێردا وانەیان پێوتم، کە مەودای بیرمیان فراوانتر کرد.
- هاوڕێیانی زێدەئازیزم (م. دلێر سادق، م. شێروان میرزا، م.خەسرەو ئەحمەد، م. هێمن عومەر، م. حاجی کەریم، م. دڵشاد حسێن) کە بەسەرچاوەو وەرگێڕان یارمەتییان داوم.
- بەڕێزان (د. ئازاد ئەحمەد حسەین) و (م.لوقمان) کە بەردەوام ڕێنیشاندەرم بوون.
- مامۆستایانی ئامادەیی ڕانیەی ئێواران، کە هەمیشە یارمەتیدەرم بوون، هیوای ئاسوودەییان بۆ دەخوازم.

# هێماو کورتکراوەکان

<table>
<tr><td>/ /</td><td>نیشانەی فۆنیم لەفۆنۆلۆژیو نیشانەی مۆڕفیم لەمۆڕفۆلۆژی</td></tr>
<tr><td>| –|</td><td>پاشگر</td></tr>
<tr><td>|– |</td><td>پێشگر</td></tr>
<tr><td>[ ]</td><td>دەنگ</td></tr>
<tr><td>≈</td><td>سینۆنیم</td></tr>
<tr><td>∞</td><td>هەتادوایی</td></tr>
<tr><td>(؟)</td><td>بێسالْی چاپ</td></tr>
<tr><td><</td><td>دەبێت بە</td></tr>
<tr><td>/</td><td>یان</td></tr>
<tr><td>ڕ1</td><td>ڕستەی یەکەم</td></tr>
<tr><td>ڕ2</td><td>ڕستەی دووەم</td></tr>
<tr><td>×</td><td>دژواتا</td></tr>
<tr><td>*</td><td>واتای ناڕێزمانی</td></tr>
<tr><td>ب1</td><td>بەرگی یەکەم</td></tr>
<tr><td>ب2</td><td>بەرگی دووەم</td></tr>
<tr><td>ن. ش</td><td>ناوی شوێن</td></tr>
<tr><td>ن. پ</td><td>ناوی پیشە</td></tr>
<tr><td>ن. و</td><td>ناوی واتایی</td></tr>
<tr><td>ف. ن</td><td>فرێزی ناوی</td></tr>
<tr><td>ف. ك</td><td>فرێزی کاری</td></tr>
<tr><td>ف. بەند</td><td>فرێزی بەند</td></tr>
</table>

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئ |
| Intonation | ئاوازە |
| Function | ئەرکی |
| Idiom | ئیدیۆم |
| | ب |
| Theme | باس |
| Obligatory | بەخورتی |
| Opposition | بەرامبەری |
| Semantic field | بوارەواتاییەکان |
| | پ |
| Suffix | پاشگر |
| Polysemy | پۆلۆسیمی/فرەواتا |
| Prefix | پێشگر |
| Structure | ڕۆنان |
| Entailment | پێوەستبوونی واتایی |
| Semantic relation | پێوەندییە واتاییەکان |
| | ت |
| Syntagmatic | تەکنشینی |
| Ambiguity | تەمومژی |
| Behavioural theory | تیۆری ڕەفتاری/ ڕەوشتکاری |
| Reference theory | تێۆری ئاماژە |
| | ج |
| Minimal pair | جووتۆکە |
| Pronoun | جێناو |

| | |
|---|---|
| **Paradigmatic** | **جێنشینی** |
| | **خ** |
| **Rhrme** | **خواس** |
| | **د** |
| **Derivation** | **داڕشتن** |
| **Text** | **دەق** |
| **Context** | **دەورووبەر** |
| **Modifier** | **دیارخەر** |
| **Head** | **دیارخراو/ سەرە** |
| | **ڕ** |
| **Root** | **ڕەگ** |
| **Sentences** | **ڕستە** |
| **Clarity** | **ڕوونی** |
| **Deep structure** | **ڕۆنانی ژێرەوە** |
| **Grammar structure** | **ڕۆنانی ڕێزمانی** |
| **Surface structure** | **ڕۆنانی سەرەوە** |
| **Synchronic** | **ڕێبازی پەسنی** |
| **Universal Grammar** | **ڕێزمانی گشتی** |
| **Transformational Grammar** | **ڕێزمانی گوێزانەوە** |
| | **س** |
| **Optional** | **سەرپشکی** |
| **System** | **سیستەم/ پێڕەو** |
| **Distinctive feature** | **سیمای جیاکەرەوە** |
| **Perfect synonymy** | **سینۆنیمی تەواو(پڕاوپڕ)** |
| **Context-dependent synonyms** | **سینۆنیمی دەوروبەربەند** |
| **implicational synonymy** | **سینۆنیمی شاراوە** |
| **Analytic synonymy** | **سینۆنیمی شیکردنەوەی** |
| **Partial synonyms** | **سینۆنیمی ناتەواو(ناپڕاوپڕ)** |

| | |
|---|---|
| | ش |
| Semantic analysis | شیکردنەوەی واتایی |
| style | شێواز |
| Form | شێوە |
| | ك |
| Voiceless | کپ |
| Speech act | کردەی قسەیی |
| Meaning constraints | کۆتی واتایی |
| Consonant | کۆنسۆنانت/ نەبزوێن |
| | گ |
| Voiced | گڕ |
| Presupposition | گریمانەی پێشەکی |
| Affixes | گیرەك |
| | ف |
| Phrase | فرەیز/ دەستەواژە |
| Verb phrase | فرەیزی کاری |
| Noun phrase | فرەیزی ناوی |
| | ڤ |
| Vowel | ڤاوڵ |
| | م |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Diminutive morpheme | مۆرفیمی بچووککردنەوە |
| Bound morpheme | مۆرفیمی بەند |
| Inflectional morpheme | مۆرفیمی ڕێزمانی |
| Free  morpheme | مۆرفیمی سەربەخۆ |
| Zero  morpheme | مۆرفیمی سفر |
| Locative morpheme | مۆرفیمی شوێن |
| Metaphor | میتافۆڕ |

| | |
|---|---|
| | ھ |
| **Collocation** | **هاوڕێیەتی** |
| **Hyponym** | **هایپۆنیم/ گرتنەوە** |
| **Homonym** | **هۆمۆنیم/ هاوبێژ** |
| **Stress** | **هێز** |
| **Symbol** | **هێما** |
| | و |
| **Thematic meaning** | **واتای بابەتی** |
| **Grammatical meaning** | **واتای ڕێزمانی** |
| **Stylistic meaning** | **واتای شێوازی** |
| **Lexical meaning** | **واتای فەرهەنگی** |
| | ی |
| **Unit** | **یەکە/دانە** |

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکی** |
| 1 | 0- 1: ناونیشانی نامەکە |
| 1 | 0 – 2: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| 2 | 0- 3: کەرەسەو سەرچاوە بەکارهاتووەکان |
| 2 | 0- 4: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| 2 | 0- 5: گرفتی نامەکە |
| 3-2 | 0- 6: بایەخی نامەکە |
| 4-3 | 0- 7: ناوەڕۆک‌و بەشەکانی نامەکە |
| | **بەشی یەکەم**<br>**وردبوونەوە لەسینۆنیم وەك دیاردەیەکی زمانی** |
| 7-5 | 1-1: یەکە واتاییەکان |
| 7 | 1- 2: پێوەندییە واتاییەکان |
| 9-7 | 1-2-1: پێوەندیی تەکنشینی |
| 11-9 | 1-2-2: پێوەندیی جێنشینی |
| 14-11 | 1-3: سینۆنیم لەڕووی چەمکەوە |
| 15-14 | 1-4: سینۆنیم لەڕوانگەی تیۆرە واتاییەکانەوە |
| 15 | 1-4-1: تیۆری ئەفلاتوون |
| 16-15 | 1-4-2: تیۆری هۆشەکی |
| 17-16 | 1-4-3: تیۆری ڕەفتاری |
| 18-17 | 1-4-4: تیۆری شیکردنەوە |
| 18 | 1-4-5: تیۆری بەکارهێنان |
| 19-18 | 1-4-6: تیۆری بوارەواتاییەکان |
| 19 | 1-5: فاکتەرەکانی پەیدابوونی سینۆنیم |
| 21-20 | 1-5-1: بوونی زارو شێوەزار |
| 23-21 | 1-5-2: شێوازی جیاوازی قسەکردن |

| | |
|---|---|
| 25–32 | 1–5–3: گاریگەریی زمانەکان لەسەریەکتری |
| 27–26 | 1–5–4: تابوو لەزماندا |
| 28–27 | 1–6:جۆرەکانی سینۆنیم لەڕووی واتاوە |
| 29–28 | 1–6–1: سینۆنیمی تەواو |
| 30–29 | 1–6–2: سینۆنیمی ناتەواو |
| 31–30 | 1–6–3: سینۆنیمی دەوروبەربەند |
| 31 | 1–6–4: سینۆنیمی شیکردنەوەیی |
| 32–31 | 1–6–5: سینۆنیمی شاراوە |
| 32 | 1–6–6: سینۆنیمی سیگنی فاکت |
| 33–32 | 1–6–7: سینۆنیمی دیناتات |
| 33 | 1–7: لەزمانەوانیدا چۆن تەماشای ڕۆڵی سینۆنیم کراوە؟ |
| 34–33 | 1–7–1: لەدەربڕینی واتادا |
| 34 | 1–7–2: لەنووسینی فەرهەنگدا |
| 34 | 1–7–3: لەزمان فێرکردندا |
| 35 | 1–7–4: لەڕوونکردنەوەی تەمومژو لێڵیدا |
| 36–35 | 1–7–5: بەهێزکردنی هێزوپێزی زمان |
| 36 | 1–7–6: دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان |
| 36 | 1–8: سینۆنیمو هەندێ پێوەندیی واتایی |
| 38–36 | 1–8–1: سینۆنیمو هایپۆنیم |
| 39–38 | 1–8–2: سینۆنیمو بەرامبەری واتایی |
| 56–40 | 1–9:پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر لەبواری سینۆنیمدا کراون |
| | **بەشی دووەم**<br>**سینۆنیم لەچوارچێوەی فۆنیمو مۆرفیمدا** |
| 61–57 | 2–1: سینۆنیمی لەچوارچێوەی فۆنیمدا |
| 65–61 | 2–2: مۆرفیمو جۆرەکانی |
| 66–65 | 2–3: سینۆنیم لەئاستی وشە (مۆرفیمی سەربەخۆ)دا |
| 71–67 | 2–3–1: سینۆنیم لەوشەی ئەرکی(ڕێزمانی)دا |

| | |
|---|---|
| 2–3–2: سینۆنیم لەوشەی فەرهەنگی(لێکسیکی)دا | 71 |
| 2 – 3– 2– 1: سینۆنیم بەپێی پێکهاتەی وشەکان | 72–71 |
| 2– 3– 2– 1–1: وشەی سادە | 72 |
| 2– 3– 2– 1–2: وشەی داڕێژراو | 73–72 |
| 2– 3– 2– 1–3: وشەی لێکدراو | 75–73 |
| 2 – 3– 2– 2: سینۆنیم لەچوارچێوەی چەند پۆلێکی وشەدا | 76–75 |
| 2– 3– 2– 2–1: سینۆنیمی لەناودا | 77–76 |
| 2– 3– 2– 2–2: سینۆنیمی لەئاوڵناودا | 78–77 |
| 2– 3– 2– 2–3: سینۆنیمی لەکرداردا | 79 |
| 2– 3– 2– 2–4: سینۆنیمی لەئاوڵکرداردا | 81–80 |
| 2– 4: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمە بەندەکاندا | 81 |
| 2–4–1: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژدا | 88–81 |
| 2–4–2: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ (ڕێزمانی)دا | 91–88 |
| 2–5: سینۆنیمو ئەکرۆنیم | 94–91 |
| 2–6: پێوەندیی ناوونازناو لەڕوانگەی سینۆنیمی ئاماژەوە | 96–94 |
| **بەشی سێیەم**<br>**سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا** | |
| 3 – 1: ڕستەو پێکهاتەکەی | 99–97 |
| 3–2: واتای ڕستە | 102–99 |
| 3–3: پەیوەندییە واتاییەکان لەئاستی ڕستەدا | 105–102 |
| 3–4: سینۆنیم بوونی ڕستە | 107–105 |
| 3–5: سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزدا | 109–107 |
| 3– 6: ڕێگاکانی سینۆنیم بوونی ڕستە | 109 |
| 3–6–1: جێگۆڕکێی کەرەستەکان | 110–109 |
| 3– 6–2: بوونی وشەو دەستەواژەی سینۆنیم | 112–111 |
| 3–6–3: سینۆنیم بوون بەپێی واتای شاراوە | 113–112 |
| 3–6–4: بوونی زانیاری لەبارەی جیهانی دەرەوە | 113 |
| 3– 6– 5: داڕشتن | 114 |

| | |
|---|---|
| 3– 6– 6: بوونەسینۆنیم بەهۆی واتای پڕاگماتیکییەوە | 115–114 |
| 3–7: پارافرێز Paraphrase و سینۆنیمی ڕستە | 119–116 |
| 3–8: سینۆنیم لەنێوان چەند ڕستەو دەستەواژەیەکی تایبەتدا | 120–119 |
| 3–8–1: سینۆنیم لەچوارچێوەی ئیدیۆمدا | 123–120 |
| 3–8–2:سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی دوعاکرندا | 127–123 |
| 3–8–3:سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردندا | 130–127 |
| 3–8–4:سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سلاّوکردندا | 132–130 |
| ئەنجام | 133 |
| سەرچاوەکان | 144–134 |
| خلاصة البحث | 145 |
| Abstract | 146 |

## 0 – 1: ناونیشانی نامەکە:

نامەکە لەژێر ناونیشانی (تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا)یە، کە لێکۆڵینەوەیەکە هەوڵی تێگەیشتن‌و ناساندنی ئەم دیاردە واتاییە لەڕوانگەیەکی نوێوە دەدات، بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی. لەم ڕووەوە، لەهەریەکێك لەئاستەکانی فۆنۆلۆژی‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکسدا، لایەنەکانی ئەم دیاردە واتاییە پڕاکتیك کراون لەگەڵ ئاماژەدان بەلایەنی پڕاگماتیکی. لەگەڵ خستنەڕووی چەند لایەنێکی نادیار لەم بابەتەدا.

## 0 – 2: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

سینۆنیمی وەك دیاردەیەکی واتایی، ڕاستەوخۆ پێوەستە بەفراوانکردن‌و دەوڵەمەندکردنی زمان‌و ڕێگەی زیاتر لەبەردەم قسەکەردا، بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی دەکاتەوە. مرۆڤیش لەگشت کات‌و سەردەمێکدا، هەوڵی ئەوەی داوە، کە دەدوێت بەجوانترین شێوەو سەرنجڕاکێشترین وشە بیری گوێگر بەلای خۆیدا کێش بکات. واتە تا توانیبێتی هەوڵی داوە بیرەکانی بەجوانی‌و ڕوونی‌و باشی بگەیێنێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەی سینۆنیمیش هۆکارێك بووە.

سەرەڕای ئەوەش دیاردەیەکی هێندە فراوانە، لەهەموو زمانێکدا دەبینرێت، تەنانەت لە زارو شێوە زارەکانیشدا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت. سەرباری فراوانییەکەشی دیاردەیەکی یەکجار ئاڵۆزە.

لە مێژووی زمانەوانیشدا بەڕێژەیەکی بەرفراوان، هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ باسی ئەم بابەتە کراوە، بەڵام بەزۆری لەچوارچێوەی وشەدایەو یەکە واتاییەکانی دیکەی زمان فەرامۆشکراون. بۆیە ئەم نامەیە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر هەموو یەکە واتاییەکان، لەڕوانگەی ئەم دیاردە زمانییەوە، پیشاندانی لایەنی ئەرێنی، بوونی سینۆنیم لەزماندا.

لەلێکۆڵینەوە زمانناسییە جیهانییەکاندا، سینۆنیم جێگەیەکی پڕبایەخی بۆ خۆی گرتووە، بەڵام لەزمانەوانیی کوردیدا، ئەم بابەتە تاوەکو ئێستا لابەلاو بەشێوەیەکی گشتی‌و لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا، باسی لێوەدەکرێت، بۆیە ئێمەش ئەم بابەتەمان کردە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەمان. بەو هیوایەی توانیبێتمان تیشکی پێویستمان لێدابێت.

## 0 – 3: کەرەسەو سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

لەنووسینی ئەم نامەیەدا، زاری کرمانجیی ناوەڕاست بەگشتی و شێوەزاری سلێمانی بەتایبەتی ڕەچاوکراوە، کەرەسەکانیشی بۆ نموونەکان، بەپلەی یەکەم زمانی قسەکردنی ئاسایی خەڵکن، لەگەڵ سوودوەرگرتن لەهەێندێك نموونەی نووسراو، لەهەمان زاردا. بۆ پیشاندان و سەلماندنی بۆچوونەکان لە لێکۆڵینەوەکەدا، کەڵك لەسەرچاوە کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی و ڕووسییەکان وەرگیراوە.

## 0 – 4: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەنووسینی نامەکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی و بەپلەی یەکەم، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەسنی (وەسفی) پەیڕەوکراوە. ڕەنگە لەهەندێك شوێندا ڕێبازەکانی دیکە کاریان کردبێتە سەر نووسینی ئەم نامەیە. بەپێی پێویستیی باسەکە، بەتایبەتی لەبەشی سێیەمدا ڕێبازی گوێزانەوەش پەیڕەوکراوە.

## 0 – 5: گرفتی نامەکە:

لەنووسینی هەموو توێژینەوەیەکی زانستیدا، لێکۆڵەر تووشی گرفت و تەگەرە دەبێتەوە. بەڵام گرفتی هەرە سەرەکیی لەبەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، قسەکردنە لە دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەکو سینۆنیم لەڕێڕەوێکی مێژووییەوە تائێستا و یەکلاکردنەوەی بیروبۆچوونەکان، کە ئێستاش بەدیاردەیەکی دژیەك و ناکۆك لەنێو زمانەوانیدا ناسراوە. هەروەها باسکردنی ئەم دیاردە واتاییە لەچوارچێوەی هەموو یەکە واتاییەکاندا گرفتێکی دیکەیە، لەبەردەم توێژەردا.

## 0 – 6: بایەخی نامەکە:

وەنەبێ سینۆنیم لەپێشتردا باسی لێوەنەکرابێت، بەڵام ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی، کە لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو، بەشێکیان شتی لاوەکین و لابەلا پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە. زۆربەشیان سیمایەکی دووبارەییان پێوەدیارە، کەرەسەی بەشی زۆریشیان تەنها وشەیە و یەکە واتاییەکانی دیکە کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە. هەروەها تێڕوانینی زۆربەشیان بەشێوەیەکی نێگەتیڤ بووە، بۆ بوونی سینۆنیم لەزماندا. بۆیە بایەخی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەوەدایە، کە سەرلەبەری بۆ سینۆنیم تەرخانکراوە.

دەستنیشانکردنی چەمکی سینۆنیمە بەتێڕوانینێکی نوێ. هەروەها زۆربەی یەکە واتاییەکان و بەتایبەتی فۆنیم و مۆرفیم و فریز و ڕستە کراونەتە کەرەسەی باسەکەمان، واتە لەچوارچێوەی هەریەکەیاندا لەم دیاردە واتاییە دوواوین. کە هەندێکیان (فۆنیم و مۆرفیمی بەند) بۆ یەکەمجارە لەزمانی کوردیدا، ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دیاریدەکرێت.

بایەخێکی دیکەی نامەکە لەوەدایە، کە بەپێچەوانەی تێڕوانینەکانی پێش خۆی، بوونی سینۆنیم لەزماندا، بەدیاردەیەکی پۆزەتیڤ دەزانێت. ئەمەش لەچەند لایەنێکی جیاوازەوە خراوەتەڕوو.

## 0 – 7: ناوەڕۆک و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە جگە لەپێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەسێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (وردبوونەوە لەسینۆنیم وەك دیاردەیەکی زمانی)ە، کە بەشێوەیەکی گشتی لایەنی تیۆری نامەکە دەگرێتەوە و چەند باسێك لەخۆدەگرێت، لەوانە دیاریکردنی یەکە واتاییەکان و پێوەندییە واتاییەکان، هەرلەم بەشەدا قسە لەسەر چەمکی سینۆنیم کراوە، دواتریش لەڕوانگەی چەند تیۆرییەکی واتاییەوە سینۆنیم دیاریکراوە. لەگەڵ باسکردنی فاکتەرەکانی پەیدابوونی سینۆنیم و جیاکردنەوەی جۆرەکانی. بابەتێکی دیکەی ئەم بەشە باسکردنی ڕۆڵی سینۆنیمە لەزماندا، لەگەڵ ئاماژەدان بە پێوەندیی سینۆنیم بەهەندێك  پێوەندیی واتاییەوە، لەکۆتایشدا پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوکارانەی پێشتر، لە بارەی ئەم بابەتەوە کراون، خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم: کە لایەنێکی پراکتیکیی باسەکەیە، برتییە لە (سینۆنیم لەچوارچێوەی فۆنیم و مۆرفیمدا)، کە تێیدا ئەم پێوەندییە واتاییە لەچوارچێوەی فۆنیمدا باسکراوە، دوواتر باسی مۆرفیم و جۆرەکانی کراوە، بەپێی پۆلینەکەی فرۆمکین، مۆرفیم پۆلێنکراوە، دوواتر سینۆنیم لەچوارچێوەی هەریەك لەجۆرەکانی مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەندا دەستنیشانکراوە. هەر لەبابەت چەشنەکانی مۆرفیمی سەربەخۆدا لەڕوانگەی پێکهاتەی وشەکان و پۆلی وشەکاندا بەجیا باسی سینۆنیم کراوە. هەر لەم بەشەدا ئاماژە بەپێوەندیی سینۆنیم و ئەکرۆنیم(کورتۆك)

**کراوە. لەکۆتاییشدا باسی پێوەندیی نێوان ناو ونازناو، لە ڕوانگەی سینۆنیمی ئامازەوە کراوە.**

**بەشی سێیەم: بۆ (سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزو ڕستەدا) تەرخانکراوە، لێرەشدا بەشێوەیەکی پڕاکتیکی لەچوارچێوەی ڕستەو فرێزدا، سینۆنیم دیاریکراوە. سەرەتا ئامازە بە ڕستەو پێکهاتەکەی دراوە، لەگەڵ باسێك لەلایەنی واتایی ڕستە. دوواتر باسی فرێزی سینۆنیم کراوە. هەر لەم بەشەدا بەوردی باسی ڕێگاکانی سینۆنیم بوونی ڕستە کراوە. هەروەها باسی پارافرێزو سینۆنیم کراوە، لایەنێکی دیکەی ئەم بەشە بۆ دەستنیشانکردنی سینۆنیم لەچوارچێوەی چەند ڕستەو دەستەواژەیەکی قاڵبگرتووی زماندا تەرخانکراوە، ئەوانیش، ئیدیۆم، دوعاکردنو سوێندخواردنو سڵاوکردنن.**

## 1-1: یەکە واتاییەکان:

دەستنیشانکردنی یەکەکانی هەر ئاستێکی زمان، لەدیاریکردنی یەکەکانی ئاستی واتاسازی ئاسانترە، چونکە واتا هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، هەر لەئاستی دەنگسازییەوە، کە فۆنیمەکانن، لەسەر بنەمای دروستکردنی جیاوازیی واتایی دادەنرێن و لەئاستی مۆرفۆلۆژیشدا، مۆرفیم و وشەن و لەئاستی ڕستەسازیشدا ڕستەو فریز هەن. لەپاڵ ئەوەشدا پێوەندیی واتایی لەنێوان یەکەی گەورەتریشدا دەبینرێت، کە دەق و ئاخاوتنن، بەڵام لەزمانەوانیدا بایەخی سەرەکی بەمۆرفیم دەدرێت. واتە مۆرفیم دانەیەکی گرنگی واتاییە، هەروەك بلوومفیلد ئاماژەی بۆ دەکات لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا (مۆرفیم بەبچووکترین یەکەی واتاداری زمان وەپێش چاوگیراوە.) (Bloomfild:1954:161) بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەزمانی کوردیدا، لایەنی واتایی مۆرفیم وەك پێویست لای لێنەکراوەتەوە، بەتایبەتی مۆرفیمی بەند. ئەم لالێنەکردنەوەش بەهەمان شێوە فۆنیمیشی گرتووەتەوە، بگرە زۆرجار وەك دانەیەکی واتاییش سەیرناکرێت.

کاتێك باس لەواتاسازی دەکرێت، وشە یەکەی سەرەکییە، بۆیە هەموو دیاردەو پێوەندییە واتاییەکان، بەزۆری لەڕێی وشەوە دەستنیشاندەکرێن، بەمشێوەیەی کە (واتاسازی پێویستی بەیەکەی گەورەتر لەمۆرفیم هەیە، ئەویش وشەیە.) (کورش صفوی: 1378: 32) هەرلەبەرئەوە لەلێکۆڵینەوەی واتاییدا، بەلای کەمەوە پێویستمان بەمۆرفیم و وشە دەبێت. زۆرجار بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیەك بەتەنها بەم دوو یەکە واتاییە ناگەینە ئەنجام، بۆیە دەبێت ڕستە خۆی وەك یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ وەربگرین. ڕستە سەرباری ئەوەی، کە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێزمانییە، ڕۆنانێکی واتایی بەهێزیشی هەیە، بەجۆرێك (هەموو کاتێك واتای ڕستە لەکۆی واتای وشەکان پێك نایەت، بەڵکو زۆرجار ڕستە واتای وشە دیاریدەکات.) (سیما وزیرنیا: 1379: 79) بۆیە ڕستەش وەك هەر دانەیەکی دیکە، پێویستە لەئاستی سیمانتیکدا بەگرنگ تەماشابکرێت، چونکە هەندێکجار وشەکان واتایان لێڵ و تەمومژاوییە تائەوکاتەی دەچنە ناو ڕستە. بۆیە (بۆ لیکۆڵینەوە لەواتا، بێجگەلە مۆرفیم و وشە پێویستمان بەیەکەی ڕستەش دەبێت.) (کورش صفوی: 1385: 21) بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانەی، کە ئاماژەمان پێدان بەپێویستی دەزانین، ئەو پۆلینەی کە (نیدا) بۆ یەکە واتاییەکانی کردووە، بخەینە بەرچاو:

1- وشەی سەربەخۆ
2- گەورەتر لەوشە (لێکدان)
3- بچووکتر لەوشە (مۆرفیمی بەند)
4- بچووکتر لەمۆرفیم (فۆنیم)

بەشێوەی ئەم هێڵکارییە دەخرێتەڕوو:




(أحمد مختار عمر: 1982: 32)

بەپێی ئەم پۆلێنکردنەی (نیدا)، واتا هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، واتە هەر لەفۆنیمەوە تاوەکو ڕستە. هەر لەڕوانگەی ئەم پۆلینەوە ئاماژە بەوەکراوە، کە (وشەی سەربەخۆ بەگرنگترین یەکەی واتایی دادەنرێت.)(سەرچاوەی پێشوو: 33) هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین، لەبەرئەو جێگا تایبەتەی، کە وشە لەلێکۆڵینەوەی واتاییدا هەیەتی، لەزمانەوانیدا هەمیشە بەکەرەسەی بنجی دەژمێردرێت.

لەپاڵ وشەدا، لەڕووی واتاییەوە، لەزانستی زماندا هێزو ئاوازەش شوێنو کاریگەریی خۆیان هەیە. بەجۆرێك کە توانای گۆڕینی واتای وشەو ڕستەیان هەیە، بۆیە دەکرێت وەك یەکەیەکی واتایی هەژماربکرێن، بەتایبەتی لەئاستی وشەو ڕستەدا سەروکاریان لەگەڵ واتادا دەبێت.( کورش صفوی: 1387: 32)

ئێمەش لەنامەکەماندا تیشکمان خستووەتە سەر هەریەکە لە فۆنیم و مۆرفیمی بەندو وشەو فرێزو ڕستە. وەك دانەیەکی واتایی، پێوەندی سینۆنیممان لەچوارچێوەی هەریەکێکیاندا، خستووەتەڕوو. هەرچەندە دەشێت ئەم پێوەندییە واتاییەی لەسەرووی ڕستەشدا هەبێت.

## 1– 2: پێوەندییە واتاییەکان:

دەرککردن و سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم بیرۆکەیە سۆسێرە. هەر دانەیەکی زمانی بگرین، ئەگەر لەڕوانگەی بنیادو پێکهاتەوە لێیبڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، کە توخمە پێکهێنەکانی دەتوانن، لەگەڵ یەکتر لەپێوەندییەکی توندو تۆڵدابن، بۆ نموونە کەرەسەیەکی وەك وشە، فۆنیمە پێکهێنەرەکانی بەهەرەمەکی یەکناگرن، بەڵکو بەپێی یاسای فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی دەکەونە کار.

پێوەندییە واتاییەکانیش دەکرێن بەدوو جۆرەوە، یەکەمیان لەسەر بنەمای توخمە دەرکەوتووەکان دیاریدەکرێت، کە (ئاسۆیی)شی پێدەڵێن. دووەمیان بەگوێرەی توخمە دەرنەکەوتووەکان دەستنیشاندەکرێت، کە زاراوەی (ستوونی)شی بۆ بەکاردێت. یان پێیاندەوترێت پێوەندیی تەکنشینی و جێنشینی. هەموو دانەیەکی زمانی ئەو دوو جۆرە پێوەندییە دەگرێتەخۆی، هیچ کەرەسەیەکی زمانی نییە بێ‌ئەو پێوەندییانە بێنەئاراوە. بەواتایەکی دیکە، لەهەموو ئاستەکانی زماندا ئەم دوو پێوەندییە هەن. هەربۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین، کە ئاماژە بەوە بدەین، کە لەم ڕووەوە (دەتوانین زمان بەکۆمەڵە پێوەندییەکی ئەندازەیی بچوێنین، کە دانەو ڕەگەزەکانیان لەگەڵ یەکتریدا لەپێوەندییەکی ئاڵۆزدان.) (مهدی مشکوەالدینی: 1373: 84)
ئاڵۆزییەکەشی لەوەدا دەرکەوتووە، کە هەردانەیەك، هەمیشە لەدوو پێوەندیدایە، پێوەندییەك لەگەڵ دانە دەرکەوتووەکانی خۆی، پێوەندییەکیش لەگەڵ دانە دەرنەکەوتووەکانیدا. لەئاستی جێنشینی واتایەو لەئاستی تەکنشینی بەهایە. بۆیە ئێمەش وا بەپەسندی دەزانین، کە بەجیا لەهەر یەکێك لەو پێوەندییانە بدوێین:

## 1–2–1: پێوەندیی تەکنشینی Syntagmatic relation :

ئەم پێوەندییە لەزمانەوانییدا بەئاسۆیی یان هەمنشینیش ناودەبرێت. مەبەست لەو (پێوەندییە، کە یەکەیەکی زمانی لەگەڵ ئەوانی تردا، لەیەك کۆنتێکستدا هەیەتی، وەکو پێوەندیی نێوان وشەکانی ڕستەیەك یان پێوەندی نێوان دەنگەکانی وشەیەك.)

(محمد علی الخولی: 1982: 280) سروشتی ئەم پێوەندییە ئاسۆییە، کە لەنێوان توخمە ئامادەبووەکاندا دروستدەبێت. بەشێوەیەك، کە (پێوەندیی تەکنشینی (زنجیرەیی) پێوەندییەکی زیندووە. واتە پێوەندی دوو یان چەند ڕەگەزێکە لەدەربڕاوێکدا، کە ئەم ڕەگەزانەی تێدابن.) (فردینان دوسوسور: 1382: 177) ئەم پێوەندییە زۆرجار، وەك دراوسێیەتی تەماشادەکرێت، لەنێوان توخمە پێکهێنەرەکانی یەکەیەکی زماندا. واتە ئەم دانە زمانییانە دەبنە دراوسێی یەکتری.

تەماشای هەر ئاستێکی زمان بکەین، لەنێوان یەکەکانیدا، هەست بەبوونی ئەم پێوەندییە دەکەین، بۆنموونە لە فۆنۆلۆژیدا، ڕیزبوونی فۆنیمەکان هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەپێی ئەو یاسا فۆنۆلۆژیانەن، کە لەزمانەکەدا ڕێگەیان پێدراوە. بەجۆرێك کە یەکەکان لەپێوەندیدان و لەسەر بنەمای سیمای ڕێککەوتن و یان تایبەتمەندیی گونجان بەیەکەوە گرێ دەدرێن. بۆنموونە لەچەند بڕگەیەکی وەکو: {چاو}، {دەم}، {ڕەش}، {شان}دا، دەبێت ئەو سەرەوڕیزبوونەی فۆنیمەکان لەزمانەکەدا هەبێت و ئەم قاڵبەش، کە بڕگەکە هەیەتی ڕێگەپێدراوبێت.

دیسانەوە لەڕێزمانیشدا، هەر ئەو پێوەندییە لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکاندا هەیە، واتە بەپێی یاسای تایبەتی، کە لەزمانێکی دیاریکراودا بۆ ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان پێڕەودەکرێت، دەبێت لەڕیزبوون و پێکەوەهاتنی وشەکاندا گونجان و نەگونجانی واتایی لەبەرچاوبگیرێت. بەشێوەیەك کە (لێکدانی وشەکاندا پێویستە لەڕووی ڕێساوە دروست بێت و لەڕووی واتاشەوە نەگونجاو نەبێت.)(برنارد کامری و دیگران: 1384: 128) هەروەها بەهای کەرەستەکان لێرەدا ڕۆڵ دەبینێت. بەنموونە لەڕستەیەکی، وەکو:

**دڵشاد نەمامەکانی ناشت.**

هەرسێ ڕەگەزی (دڵشاد)، (نەمامەکە)، (ناشت) هەم لەڕووی یاسا ڕێزمانییەکان و هەم لەڕووی واتاشەوە لەپێوەندییەکی تەکنشینیدان، بەشێوەیەکی دروست پێکەوە هاتوون، بەڵام لەڕستەیەکی، وەکو:

***دڵشاد نەمامەکانی خوارد.**

هەرسێ ڕەگەزی ڕستەکە لەڕووی یاسا ڕێزمانییەکانەوە، بەشێوەیەکی گونجاو پێکەوە هاتوون، بەڵام لەڕووی واتاو لۆجیکەوە نەگونجاون. بەم پێیە لەئاستی ئاسۆییدا پێوەندیی وشەکان پێوەندییەکی ڕیزبەندییە. (Crystal: 2003b: 160)

لەئاستی واتاشدا پێوەندیی تەکنشینی دەبینرێت، بەتایبەتی لە(بوونی ڕێگەیەك، کە چۆن واتای کەرەستەکان لەیەکتری دەدرێت، بۆئەوەی واتای پێکهاتەکە بدات بەدەستەوە.) (هیمداد حوسێن‌و صباح ڕشید: 2009: 49) دەشێت ئەم پێکهاتەیەش وشەی ناسادە یان فرێزو ڕستە بێت. وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| شەکردان | دان | + شوێن<br>+ لەحوکمی چاودابێت |
| * شەکرستان | ستان | + شوێن<br>− لەحوکمی چاودابێت |

## 2-2-1: پێوەندیی جێنشینی Paradigmatic relation:

ئەم پێوەندییە بریتییە لەوەی، کە کەرەسە زمانییەکان لەکۆنتێکستدا دەچنە شوێنی یەکتری‌و دەشێت جێگەی یەکتر بگرنەوە. بەواتایەکی دیکە (پێوەندییەکە لەنێوان یەکە زمانییەکاندا، کە هەندێکیان دەتوانن لەشوێنی هەندێکی تریان لەهەمان کۆنتێکستدا بێن.) (محمد علی الخولی: 1982: 202) ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر یەکەیەکی زمانی چۆن لەئاستی ئاسۆیی‌و پێکەوەهاتنیاندا لەپێوەندیدا دەبن، بەهەمان شێوە لەئاستی ستوونیش پێوەندییان بەکۆمەڵێك ڕەگەزی هاوشێوەی خۆیانەوە دەبێت. (پێوەندیی جێنشینی لەنێوان ڕەگەزە نەهاتووەکاندا، لەیەك دەربڕودا دەبێت‌و بەتوانای مێشك پێکەوە دەبەسترێنەوە.) (فردینان دوسوسور: 1382: 177) لەهەر ئاستێکدا دانەکانی زمان وەربگرین، پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵێك دانەی هاوشێوەی خۆیاندا هەیە، کە دەتوانن لەشوێنی یەکتری بێن‌و بەرامبەر بکرێن بێ‌ئەوەی ئەو دانەیەی، کە دروست دەبێت بێ‌واتا بێت، یان لەڕووی ڕێزمانییەوە نەگونجاوبێت. بۆیە زۆرجار (بۆ باسکردنی ئەم تایبەتمەندییە زاراوەی بەرامبەری opposition بەکاردەهێنرێت.) (ابوالحسن نجفی: 1387: 44) ئەمەش بۆ هەموو ئاستەکانی زمان گونجاوە. لەئاستی فۆنۆلۆژیدا، دەتوانین فۆنیمەکان لەشوێنی یەکتری دابنێین‌و لە

بەرامبەر یەکتری ڕابگیرێن، بەم پێیەش ژمارەی فۆنیمەکانی هەر زمانێك دەزانرێت، وەکو:

**داو، ناو، ڕاو، لاو، باو، خاو....هتد**

دیارە ئەمەش لەژێر ڕکێفی زماندا دەبێت، هەموو فۆنیمێك ناتوانێت شوێنی (د) بگرێتەوە. تەنها ئەوانە نەبن، کە توانای دروستکردنی وشەیەکی واتاداریان هەیە، دەچنە ناو سیستەمی فۆنیمەکانی زمانەکەوە. فۆنیمەکان لەهەریەکێك لە سەرەتاو کرۆك‌و کۆتایی قاڵبی برگەدا دێن.

لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا ((ئەو وشانەی کە لەپێوەندیی پاڕادیگماتیکیدان بەلای سۆسێرەوە بە سیستەم system ناودەبرێت.)) (سەلام ناوخۆش: 2008: 37) هەر بەپێی ئەم سیستەمەی زمان، وشەکان، لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە هاوبەشەی لەنێوانیاندا هەیە، پۆلێن دەکرێن. بۆنموونە:

**منداڵەکە سێوی خوارد.**

هەریەك لەڕەگەزەکانی (منداڵەکە)، (سێو)، (خوارد) لەگەڵ ژمارەیەك یەکەی هاوشێوەی خۆیان لەپێوەندیدان. (منداڵ) لەگەڵ هەموو ناوەکانی وەکو (پیاو، ژن، کچ، کوڕ، ئازاد، بێری....... ∞) پێوەندیی هەیەو جێگەی دەگرنەوە. هەروەها (سێو) بەهەریەك لەناوەکانی وەکو (هەنار، نان، مۆز..... ∞) و (خوارد)یش بەهەریەك لەکردارەکانی (کڕی، فرۆشت، برد، هێنا......∞) لێرەوە سیستەمێك پێکدێت، کە ڕێگە بەهەڵبژاردنی هەریەك لەم ڕەگەزانە دەدات، کە لەهەندێك تایبەتمەندیدا هاوبەشن‌و ڕێگەیەکە بۆ پۆلێنکردن‌و لێکجیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن، ئەمەش بەتوانای مێشکەوە بەستراوەتەوە. ئەم پێوەندییە (لەئاستی وشەکانی زماندا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت‌و وشەکان بەڕەچاوکردنی هاوڕێیەتی دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە.)(شێرزاد سعید صدیق: 2008: 16) بۆیە پێوەندی ستوونی کاریگەریی لەسەر هاوڕێیەتی‌و پێکەوەهاتنی وشە هەڵبژێردراوەکاندا دەبێت. لەبەرئەوە ئێمە لەم پێوەندییەدا بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە وشەیەك بتوانرێت بەوشەیەکی دیکە جێگەی بگیرێتەوە، کە لەڕووی واتاییەوە پێوەندی پێوەی هەبێت. (Crystal: 2003b: 160)

ئەگەر لەپێکهاتەی زمان وردببینەوە، زیاتر گرنگی ئەم پێوەندییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، چونکە (ئەگەر لەمێشکی قسەکەرانی زمانەکەدا نەبێت، ئەوا زمان ناتوانێت کردەی پێوەندیی خۆی ئەنجام بدات.) (ابوالحسن نجفی: 1387: 44) بۆیە

ئەم لایەنە دەکەوێتە سەر مێشك بۆ هەڵبژاردنی ڕەگەزەکانو دانانیان لەشوێنی ڕەگەزی تر، کە بەپێی چەند کۆتو بەندێك دەبێت، لەوانە (دەتوانین تەنیا لەسەر بنەمای وەکیەکی (لەیەکچوونی) واتایی بێت.) (فردینان دوسوسور: 1382: 180) ئەم چوونیەکی واتاییەشە، کە هەندێك پێوەندیی واتایی دەستنیشاندەکاتو بەشەکانی ئاخاوتن لێك جیادەکاتەوە.

پێوەندیی جێنشینی لەئاستی واتادا، خۆی لەچەند دیاردەیەکی واتایی، وەکو هایپۆنیمو جیاوازیو دژواتاییو سینۆنیمیو....هتد دا، دەبینێتەوە. ئەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەکارەکەی ئێمەوەیە هەیە سینۆنیمیە، کە لەچوارچێوەی پێوەندیی جێنشینیدا باسدەکرێتو بەشێوەکی گشتی (لەئاستی واتاسازیشدا ئەم جۆرە پێوەندییە لە سینۆنیمدا دەردەکەوێت.) (سەلام ناوخۆش: 2008: 39) لەسەر هەمان ئەو بنەمایەی کە سۆسێر بۆ ئەم پێوەندییە باسی کردووە، مەرجەکانی سینۆنیم کە یەکەمیان (چوونیەکی واتایی)یە، سینۆنیمی دەتوانرێت باسی لێوەبکرێت. هەروەها ئەو بنەما گرنگەی، کە لەپێوەندیی جێنشینیدا هەیە، لەبریدانانە، کەمەرجێکی دووەمو سەرەکیی سینۆنیمە لەنێو هەموو دانە واتاییەکاندا. کاتێك دەتوانین دوو دانەی زمانی بەسینۆنیم دابنێین، کە بەلای کەمەوە ئەم دوو مەرجەیان تێدابێت.

## 1-3: سینۆنیم لەڕووی چەمکەوە:

بەرلەوەی لەچەمکی سینۆنیم بدوێین، بەباشیدەزانیین، کە ئاماژە بەزاراوەکەی بدەین. لەزمانی کوردیدا، کۆمەڵێك زاراوە بەرامبەر سینۆنیم لەلایەن زمانەوانو ڕێزماننووسەکانەوە بەکارهێنراون، لەوانە (موتەرادیف، جێوی، هاومەعنا، هاوواتا، سینۆنیم) تەنانەت بەهەڵەش لەگەڵ زاراوەی (ئەلۆمۆڕف) لەبەرامبەر یەکتری دانراون.[1] ئێمەش لەنووسینی ئەم نامەیەدا بەمەبەستی ئەوەی کەزمانی کوردی لەڕووی زاراوەوە لەو زاراوانەی کە ئەمڕۆ لەزمانەوانیی ئەورووپیدا بەکاردەهێنرێن نزیك بکەینەوە،

---

[1]- بۆ هەریەك لەم زاراوانە، بڕوانە: موتەرادیف: (سعید صدقی کابان: 1928)، جێوی: (جگەرخوێن: 1961)، هاومەعنا: (فاوووق عومەر سدیق: 1975)، (ئەوڕەحمانی زەبیحی: 1376)، هاوواتا: (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1975)، (محەمەد مەعروف فەتاح: 1990)، (هۆگر مەحموود فەرەج: 2000)، سینۆنیم: (سازان زاهیر سعید: 2009)، ئەلۆمۆڕف: (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ: 1995).

دیاره بەمەش فەرهەنگی زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەکرێت، هەروەها لەڕووی زانستیشەوە پێکهاتەی زاراوەی (سینۆنیم)مان بەپەسەندتر لەوانی دیکە زانیوە. هەر لەبەرئەمەیە کە لەسەرتاپای ئەم نامەیەدا خۆمان بەبەکارهێنانی زاراوەی جیهانیی (سینۆنیم)ەوە بەستووەتەوە.

دەبارەی چەمکی سینۆنیم لە زمانەوانیدا ڕاو بیروبۆچوونی جیاواز هەن، واتە لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەیان دان بەبوونیدا دەنێن، بەڵام هەندێکیش نەك هەر دان بەبوونیدا نانێن، بەڵکو نکوڵیشی لێدەکەن. بەڕای (ماجد نجاریان) (نکوڵیکردن لەبوونی، گرنگیی سینۆنیم دەسەلمێنێت، چونکە ناکرێت نکوڵی لەبوونی بکرێت لەبەر زۆرییەکەی لەزماندا) (ماجد نجاریان: 2009: 8) ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەچەمکی سینۆنیم دەگەڕێتەوە. شوێنی گرنگی سینۆنیم لەزماندا، کارێکی وای کردووە زمانەوانان بەیەکێك لەگرانترین و ئاڵۆزترین پێوەندیی واتایی دابنێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەناسراوترین پێوەندیی واتایی هەژماردەکرێت، لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییەشدا سینۆنیم بەدرێژایی مێژووی زمانەوانی بەشێوەی جۆراوجۆر لێیکۆڵراوەتەوەو پەنچەی بۆ ڕاکێشراوە. هەموو ئەو سەرنجە جیاوازانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە ئایا نزیکی و لێکچوونی واتاییە، یان یەکسانییە لەواتادا؟، چونکە دانانی هەریەك لەم بۆچوونانە بەچوارچێوەیەك بۆ سینۆنیم، گۆڕان لەچەمکەکەیدا دروست دەکات و بەمەش ڕای جیاواز لەبارەی دیاردەکەوە، سەرهەڵدەدەن.

ئەوانەی کەپێیان وایە سینۆنیم نزیکییە لەواتادا، بەئاسانی بوونی دەسەلمێنن. بەڵام هەن دەڵێن یەکسانییە لەواتادا، ئەمەش وایان لێدەکات کە زۆرجار نکوڵی لەبوونی بکەن، بەتایبەتی لەجۆری سینۆنیمی تەواودا، چونکە هیچ دوو یەکەیەکی واتایی نابینین، کە لەزماندا بەتەواوی وەك یەك بن. هەربۆیەش چەند جۆرێکی سینۆنیم لێکجیادەکەنەوە. لەوانەش هەندێکیان لەزماندا نین، کە ئەمەش جێی هەڵوەستەکردنە.

لەتێڕوانینماندا بۆ چەمکی سینۆنیم وای دەبینین، کە (دوو وشە یان زیاتر، کە واتایەکی زۆر نزیك لەیەکتریان هەبێت و بەزۆری نەك هەمیشە، بتوانن لەڕستەدا لەشوێنی یەکتر لە چەند شوێنێکی تایبەتدا بەکاربهێنرێن) (Yule: 1996: 118) دەبن بەسینۆنیم. هەروەها ستیپانۆڤ باوەڕی وایە کە (لیکچوونی چەند وشەیەك لەواتادا سینۆنیمە) (یو. س. ستیپانۆڤ: 1975: 15) بەم پێیە نزیکی و لێکچوون لەواتادا دەمانگەێنێتە چەمکی ڕاستەقینەی سینۆنیم و لەکۆمەڵێك ئەگەر دوورمان

دەخاتەوە بەتایبەتی لەوەی، کە گومان لەهەندێك جۆری بکەین. هەروەها جیا لەم دوو چەمکە بۆ سینۆنیم، بەجۆرێکی دیکە پێناسە دەکرێت بەوەی، کە (وشەیەك هاوشێوەی تری لەڕووی واتاوە، هەرلەو زماندا هەبێت.) (محمد علی الخولی: 1982: 278) واتە پێوەرێکی دیکە بۆ دیاریکردنی سینۆنیم هاوشێوەبوونە. لەدیاریکردنی چەمکی سینۆنیمدا ئەوە لەبەرچاودەگرین، کە (پێوانەی گونجاو بۆ ناسینی سینۆنیم ((لێکچوونی واتایی))یە، نەك ((یەکسانیی واتایی)).) (میترا معدنی: 1383: 109) چونکە یەکسانیی واتایی هێندە سنوورەکەی تەسك دەکاتەوە، بەشێوەیەك کە زۆرجار گومان لەبوونی بکرێت. لەبەر تیشکی بیروبۆچوونی ئەم زمانەوانەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سینۆنیم یەکسانی لەواتادا نییە، بەڵکو لێکچوون و نزیکییە لەواتادا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك زمانەوان هەن، باوەڕیان وایە کە سینۆنیم وەکیەکی و یەکسانیی واتاییە، کە لەڕاستیدا ژمارەیان کەمە ئەو نموونانەی بۆ بیروبۆچوونەکانیان دەهێننەوە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت، لەوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، باوەڕی وایە کە ((دوو وشە یان زیاتر کە یەك واتا ببەخشن،)) (محمد معروف فتاح: 1990: 164) دەبنە سینۆنیم، هەروەها کلوجیرمان ریمۆ لۆبلان، باوەڕیان وایە کە سینۆنیم (ئەو وشانەن کە لەهەموو چوارچێوەو بەکارهێنانێکدا دەتوانین بیان گۆڕینەوە بەیەکتر یان لەبری یەکتری بەکاریان بهێنن.) (کلود جێرمان و ریمۆ لۆبلان: 2006: 46) بەمەش ژمارەیەکی یەکجار کەم ئەم توانایەیان هەیە. هەروەها لەم بارەیەوە ڕایەکی دیکە هەیە، کە پێی وایە سینۆنیم بریتیە لەوەی ((دوو وشە یان زیاتر لەواتادا وەکیەکن.)) (سەلام ناوخۆش: 2004: 35) ئەگەر ئەمانە پێوەری دیاریکردنی سینۆنیمبن، ئەوا لەتەنها چەند نموونەیەکی یەکجار کەمی زماندا نەبێت، ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوناکەوێت، هەربۆیە ئێمە بەم تێڕوانینە کار لەسەر سینۆنیم ناکەین.

سەرباری ئەمانەش، لەدەستنیشانکردنی چەمکی ئەم دیاردە واتاییەدا دەبێت ئەوە بزانین، کە (لەپێوەندییە واتاییەکانەو لە ئاستی هەموو یەکە واتاییەکانی زماندا هەیە.) (کورش صفوی: 1384: 123) بۆیە کاتێك باس لەچەمکی سینۆنیم دەکەین نابێت تەنها لەچوارچێوەی وشەدا کورتی بکەینەوە. چونکە (سینۆنیم لەبچووکترین یەکەی زمانییەوە کە فۆنیمە دەستپێدەکات بۆ مۆرفیم و وشەو ڕستە.). (یو. س. ستیپانۆڤ: 1975: 84)

بەشێکی دیکەی چەمکی سینۆنیم لەوەدا کورتدەکرێتەوە، کە دەبێت یەکە زمانییەکان بتوانن لەبەکارهێناندا شوێنی یەکتری بگرنەوە. لەم لایەنەشەوە بەشێکی زۆری زمانەوانان کۆکن، بەڵام ئەوەی کە هەیە، ئایا لەهەموو دەورووبەرێکدا شوێنی یەکتری دەگرنەوە، یان لەهەندێك دەورووبەردا؟ ئەمەش کراوەتە ڕێگەیەك بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی سینۆنیم. بەشێوەیەکی گشتی، دەورووبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەجۆرێك کە (نور الهدی لوشن) باوەڕی وایە کە (دەورووبەر سینۆنیم دیاریدەکات.) (نور الهدی لوشن: 2006: 168) بۆیە دەبێت لەم دیاردە واتاییەدا جەخت لەسەر گرنگی دەورووبەر بکرێتەوە، تاوەکو بڕیار لەسەر سینۆنیم بوونی دەستەیەك بدرێت، کە بتوانرێت لەنێوان دانەکاندا هەڵبژاردن بۆ هەندێك دەورووبەر بکرێت. (Crystal:2003a: 450) بەم پێیە یەکە سینۆنیمەکان دەتوانن لەهەندێك دەورووبەردا شوێنی یەکتری بگرنەوە، نەك لەهەموو دەورووبەرێکدا. هەر ئەم ڕۆڵ و گرنگییەی دەورووبەرە وایکردووە کە سنووری سینۆنیم یەکجار فراوان بێت و کاریش بکاتە سەر دروستکردنی، بەجۆرێك، کە(هەر وشەیەك دەگونجێت لەدەورووبەری تایبەتدا سینۆنیمی تایبەتی هەبێت.) (برنادر کامری و دیگران: 1384: 134) ئەمە بۆ یەکە واتاییەکانی دیکەش ڕاستە، کە ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا هەبێت. ئەگەر لەم ڕووەوە لەزمانی کوردی بڕوانین، بەشێکی زۆری وشەکانی لەدەورووبەری جیاجیادا دەبن بەسینۆنیم، کەچی لەفەرهەنگدا لەوانەیە دژیەکیش بن، وەکو:

**شەقێکی باشی تێهەڵدا.**

**شەقێکی خراپی تێهەڵدا.**

لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو وشەی (باش)و (خراپ) سینۆنیمن، هەرچەندە لەفەرهەنگدا دوو وشەی دژیەکن، بەڵام لێرەدا دەورووبەر کردوونی بەسینۆنیم. سەرەڕای ئەمانەش هەندێك فاکتەری دیکەش هەن، کەڕۆڵیان لەدروستکردنی سینۆنیم و زیادبوونی لەزماندا هەیە.[1]

لەدیاریکردنی چەمکی سینۆنیمدا، دەبێت بەشێوەی پەسنییانە (ئێستایی) ڕەچاوبکەین، چونکە هەموو یەکە زمانییەکان کەدەبنە سینۆنیم، ئێستا دەبن بەسینۆنیم. لەبەرئەوەی زمان بەپرۆسەی گەشەکردندا دەڕوات، بەپێی ئەم گەشەکردنەش هەندێك لەوشەکان لەسینۆنیمی دەکەون و بەپێچەوانەشەوە هەندێکی

---

[1] – بۆ ئەم هۆکارانە، هەر لەم بەشەدا، بڕوانە: (1–5)

دیکە کە پێشتر سینۆنیم نەبوون دەبن بەسینۆنیم. (کلیوێڤا ڤ. ن. : 1961: 3)، بۆیە بەقۆناغی ململانێی وشە دادەنرێت. کە تێیدا هەریەك لەوشەکان هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات.

## 1-4: سینۆنیم لەڕوانگەی تیۆرە واتاییەکانەوە:

لەبەئەوەی چەمکی واتا بەرجەستەو جێگیر نییەو تەنیا لەئاستێکی زماندا نابینرێتو بەسەر هەموو ئاستەکانی زماندا دابەش بووە، سەرەڕای ئەمەش نەبوونی پێناسەیەکی گونجاو و نەگۆڕ، بۆ واتا وایکردووە تیۆری جۆراوجۆر بۆ لێکدانەوەی چەمکی واتا سەرهەڵبدەن. تێڕوانینو شیکردنەوەی هەریەك لەدیاردە واتاییەکان بەپێی ئەم تیۆرانە جیاوازییان هەیە، سینۆنیمیش وەك دیاردەیەکی واتایی لەڕوانگەی هەریەك لە تیۆرەکانی واتاوە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت. دوواتر ئەنجامی هەموویان لەخاڵێکدا یەکانگیردەبێت، کە دوو هێمان یان زیاتر، بەرامبەر بەیەك واتا دەوەستن. لێرەدا هەوڵدەدەین سینۆنیم بەپێی چەند تیۆرییەکی واتایی شیبکەینەوە:

### 1-4-1: تیۆری ئەفلاتوون:

زۆرجار بەم تیۆرە دەوترێت، تیۆری (ناولێنان)، کە جەخت لەسەر پێوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو دەکات. بۆ یەکەمجار لەلایەن (ئەفلاتوون)ەوە خراوەتەڕوو، کە باسی پێوەندیی نێوان هێماو تەن کراوە. هەر ئەم پێوەندییەش بە واتا دانراوە. یان بەپێی ئەم تیۆرەییە واتا بریتیە لەپێوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو (فرانك. ر. پالمر: 1385: 30). بەپێی ئەم بۆچوونە واتا پێوەندییەکی دوو قۆڵییە لەنێوان هێماو تەندا. ئەگەر بەپێی ئەم تیۆرە لەسینۆنیم وردببینەوە، ئەوا هەر تەنێك لەبەرامبەر دوو هێمادا بوەستێت، ئەوا ئەم دوو هێمایە دەبن بەسینۆنیم، وەکو:




ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە، بڕوانینە هەریەك لەوشەکانی (دار، درەخت) دەبن بەسینۆنیم، بەڵام ناتوانن لەهەموو شوێنێکدا لەبری یەکتری بێن.

## 1–4–2: تیۆری هۆشەکی:

ئەم تیۆرە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی تیۆری ئەفلاتوون هاتەکایەوە، کە (بەپێی ئەم تیۆرە کاتێك وشە واتادار دەبێت، کە بیرێك یان چەمکێك یان وێنەیەك دروست بکات.)(عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2005: 26) ئەم تیۆرە واتا وەکو پێوەندییەکی سێقۆڵی باس دەکات، لەنێوان هێما و چەمك‌و تەندا. دوواتر ئەم تیۆرە وەك سێگۆشەی واتایی ئۆگدن‌و ڕیچاردز، ناسراوە. (کورش صفوی: 1384: 88) وەك لەم وێنەیەدا پێوەندییەکان خراونەتەڕوو:




بەپێی ئەم تیۆرە، دوو دەربڕین دەبن بەسینۆنیم، کە هەریەك وێنەو چەمکی هۆشەکییان هەبێت (احمد مختار عمر: 1982: 223)و بەواتایەکی دیکە هەریەك لەگۆشەکانی چەمك‌و تەن یەك شتە، بەڵام گۆشەی هێماکە دەبێت بەدوو، وێنەکە ئەم شێوەیەی دەبێت:




بۆ نموونە هەریەك لەوشەکانی (فرمێسك و ئەسرین) یەك چەمك بەدەستەوە دەدەن‌و یەك تەنیش بەرامبەریان دەوەستێت، بەڵام دوو هێمان. بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە دەبن بەسینۆنیم، چونکە هەریەك بیرو وێنەی هۆشەکیشمان دەدەنێ.

## 1–4–3: تیۆری ڕەفتاری:

ئەم تیۆرە، بە (ڕەوشتی)یش ناسراوە، لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەکەی (باڤلۆڤ) دانراوە، کە واتا وەکو کارو کاردانەوە دەبینێت. بەوە پێناسەی واتا دەکات، کە

بریتییە لەو بارودۆخەی کە دەربڕاوەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت و لەگەڵ ئەو کاردانەوەیەی، کە لەلایەن گوێگرەوە دەبێت. ( جمعة سید یوسف: 1990: 132)

بەپێی ئەم تیۆرە سینۆنیم دەوەستێتە سەر ئەو کاردانەوانەی، کە یەکە واتاییەکان لەلای گوێگر دەیانبێت بەجۆرێك (دوو دەربڕین، کە هەریەك کاریگەری و وەڵامدانەوەیان هەبێت، دەبن بەسینۆنیم.) (احمد مختار عمر: 1982: 224) بۆچوونی ئەم تیۆرە لەبارەی سینۆنیمەوە زیاتر لەگەڵ ڕستەدا گونجاوە، بۆ نموونە ئەم دوو دەربڕینە، یەك کاریگەری و کاردانەوەیان هەیە:

**تکایە جگەرەکێشان قەدەغەیە≈ تکایە جگەرە مەکێشە**

**گوندەکانیان وێران کردین≈ گوندەکانیان کاولکردین.**

**پان مەکەوە ≈ ماستاو مەکە**

هەروەها ئەم تیۆرە هەموو وشەیەکیش دەکاتە سینۆنیم، کە یەك کاردانەوەیان هەبێت.

## 1–4–4: تیۆری شیکردنەوە:

ئەم تیۆرە کار لەسەر سیماواتاییەکانی وشە دەکات، هەموو وشەیەك بۆ پێکهاتەی واتایی جیادەکاتەوە. لەهەر یەکەیەکی واتاییدا چەند سیمایەکی واتایی هەن. هەر لەڕێی ئەم تیۆرەوە دەتوانین پێوەندییە واتاییەکانی وەك دژواتایی و سینۆنیمی و هایپۆنیمی دیاری بکەین، هەروەها ئەم تیۆرە لەلێکۆڵینەوەی پێوەندییە واتاییەکاندا زانستیانە و وردە. (محمد محمد یونس علی: 2004: 33) بەشێوەکی گشتی مەبەست لەسیماواتاییەکان یەکەی بەرامبەری و بچووکترین پێکهێنەری چەمکی وشەکەیە. (کورش صفوی: 1384: 112)

بەپێی ئەم تیۆرە دوو وشە یان مۆرفیم و هەر یەکەیەکی واتایی، کە سیمای واتاییەکانیان یەك بێت، دەبن بەسینۆنیم، یان سیما سەرەکییەکانیان هاوبەش بێت. بەجۆرێك (کرووز) باوەڕی وایە، کە (سینۆنیمی پێوەندیی نێوان ئەو وشانەیە، کە سیما واتاییە بنەڕەتییەکانیان یەکبێت، بەڵام هەندێکجار سیما لاوەکییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن) (Cruse: 1986: 268) بۆ نموونە:

**چێڵ {+ گیانلەبەر + مێ + شیردەر}**

**مانگا{+ گیانلەبەر + مێ + شیردەر}**

**ئاڵتوون {+مادە +بریسکدانەوە+ گرانبەها}**

**زێڕ {+مادە +بریسکدانەوە+ گرانبەها}**

ئەگەر سیماواتاییەکانی ئەم وشانەی سەرەوە وردتر بکەینەوە، لەهەردووکیاندا هاوبەشن و (دوو وشەکە لەکۆمەڵێك تایبەتمەندیی سەرەکیدا هاوبەش بن، دەبن بەسینۆنیم) (احمد مختار عمر: 1983: 224) ئەگەر هەندێك سیمای ناسەرەکی لەنێوان ئەم دوو یەکە واتاییەدا جیاوازبن، سینۆنیمەکە دەبێتە ناتەواو. ئەمە لەکاتێکدا دەبێت، کە سیما واتاییەکان زۆر ورد بکرێنەوە. وەکو:

**پێنووس {+ ئامێر + نووسین + ڕەسەن}**

**قەڵەم {+ ئامێر + نووسین + خواستراو}**

**خامە {+ ئامێر + نووسین + بەکارهێنانی ئەدەبی}**

## 1-4-5: تیۆری بەکارهێنان:

ئەم تیۆرە واتا وەکو بەکارهێنان دەبینێت، بەشێوەیەك کە(واتای وشە بەگوێرەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی دیاری دەکرێت.) (بێخاڵ عەبدوڵا سەعید: 1989: 35) واتە وشە واتای تەواوی دەرناکەوێت، تاوەکو نەچێتە بواری بەکارهێنانەوە، دەوروبەر واتای یەکە واتاییەکان دەستنیشان دەکات.

بەشێك لەوانەی هەوڵی ناساندنی چەمکی سینۆنیمیان داوە، ئەم خاڵە دەکەنە پێوەر. کە دەبێت دوو یەکەی سینۆنیم، بتوانن لەشوێنی یەکتر بەبێ هیچ گۆڕانێکی واتایی بەکاربهێنرێن. بەپێی ئەم تیۆرە هەر دوو یەکە واتاییەکە دەبن بەسینۆنیم، ئەگەر توانای ئەوەیان هەبێت لەشوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن و گۆڕانی واتاییش ڕوونەدات، وەکو:

**سەرباز ≈ عەسکەر**

**مەلایکەت ≈ فریشتە**

ئەمە بۆ هەموو یەکە واتاییەکانی دیکەش ڕاست دەبێت، ئەگەر هاتوو توانایان هەبێت، کە شوێنی یەکتری بگرنەوە.

## 6-4-1: تیۆری بواره واتاییەکان:

بواری واتایی (ئەو کۆمەڵە وشەیە دەگرێتەوە، کە بەهەموویان بوارێکی بیری دەگرنەوەو پێوەندییەکی واتایی ئاشکرا لەنێوانیاندا هەیە.) (هۆگر مەحموود فەرەج: 1989: 5) بەپێی ئەم پێوەندییەی نێوان وشەکان، وشەکانی هەموو زمانێك لەچەند بوارێك کۆدەبنەوە، بەڵام بوارەکان داخراونین‌و زیادو کەم دەکەن‌و پێوەندییان پێکەوە هەیە، ئەگەر لەدانەکانی هەر بوارێك وردببینەوە ئەوا دەبینین لەنێو خۆیاندا پێوەندیی واتایی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو هایپۆنیم‌و سینۆنیم‌و دژواتایی‌و.....هتد.

یەکە واتاییەکان دەبن بەسینۆنیم (بەگوێرەی تیۆری بواره واتاییەکان semantic fields ئەگەر کۆمەڵێك وشە لەبەکارهێناندا بۆ دەربڕینی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕووداوێك لەگەڵ یەکتریدا هاوشان بن بۆ دەربڕینی سینۆنیمی لەیەك نزیك) (سەلام ناوخۆش: 2004: 38) بۆ نموونە هەریەك لەوشەکانی (پاك، خاوێن، تەمیز، پوخت، ڕێك......هتد) دەکەونە یەك بواری واتاییەوە، هەندێ جاریش دەتوانن لەشوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن‌و ببن بەسینۆنیمی یەکتری، هەروەها ئەم وشە سینۆنیمانە توانیوویانە لەناو بوارەکەی خۆیاندا بوارێکی بچووکتر دروست بکەن. (محەمەدی مەحوی: 2009: ب1: 110) وەکو:

خواردنێکی پاکیان بۆ هێناین.

خواردنێکی خاوێنیان بۆ هێناین.

خواردنێکی پوختیان بۆ هێناین.

جێگۆڕکێی وشەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات، لەبوارێکی واتاییدا ڕوودەدات، بەڵام دەبێت ئەو وشانەی جێگەی یەکتری دەگرنەوە سینۆنیم بن‌و لە هەموو لایەنێکەوە وەکو یەك بن.(کورش صفوی: 1385: 103) هەر وشەیەك پێویستە سینۆنیمەکەشی هەر لەو بوواره واتاییدا بێت، دوو وشە نابن بە سینۆنیم کە بوارەکانیان جیاواز بێت.

## 5-1: فاکتەرەکانی پەیدابوونی سینۆنیم:

دروستبوون‌و سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەکی واتایی‌و هاتنەناوەوەی هەر وشەو دانەیەکی زمانی لەخۆوەو بێ‌مەبەست نییە، سینۆنیمیش وەك دیاردەیەکی واتایی، فاکتەری دروستبوونی خۆی هەیە، ئەوانەی باسیان لێوەکردووە، ئەگەر بەکورتییش بێت ئاماژەیان بۆ فاکتەرەکانی دروستبوونی کردووە. زۆرجاریش فاکتەرەکان بوونەتە

ڕێگایەك بۆدیاریکردنی جۆرەکانی. بەڵام ئێمە لەم بارەیەوە هەڵوەستەیەکی دیکە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین و چەند فاکتەرێکی دیکە باسدەکەین، کە لەزمانی کوردیدا، لەدروستکردنی سینۆنیم و گەشەکردنیدا زۆر چالاکن.

## 1 –5–1: بوونی زاروو شێوەزار:

بوونی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز لەناو هەر زمانێکدا، ڕێگەیەکە بۆ پەیدابوون گەشەکردنی سینۆنیم، بەتایبەتی لەڕووی وشەوە بەشێوەك کە (دەگونجێت وشە سینۆنیمەکان هەریەکەیان بەشێوە جیاوازەکانی زمانەوە پەیوەست بن.) (أحمد ابو محبوب: 1383: 132) بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە وشەکانی دوو دیالێکتی زمانێك لەبەرامبەر یەکتری نابن بەسینۆنیم، وەك لەهەندێك لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا دەبینرێت، کە وشەکانی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو لەگەڵ وشەکانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست بۆ یەکتری بەسینۆنیم دانراون.[1] چونکە مەرجی سینۆنیم بوون، ژینگەیەکی زمانیی یەکسانە. فرە دیالێکتی کاتێك کاریگەریی دەبێت، کە یەکە واتاییەکان لەناو دوو دیالێکتدا تێکەڵ بن و بەکاربهێنرێن، ئەمەش مەرج نییە لەهەموو ناوچەی قسەپێکردنی دیالێکتەکەدا ببینرێت، لەوانەیە لەتەنها ناوچەیەکدا ئەم تێکەڵبوونە ڕوو بدات. بەتایبەتی ئەو ناوچانەی بەریەککەوتنیان زیاترە. ئەم گۆڕان و کارتێکردنەش سەرەتا لەئاستی دەنگەوە دەسپێدەکات و فۆڕمی جیاواز بۆ هەمان واتاو مەبەست دروست دەکات و هەندێك جاریش فۆڕمەکان تەواو جیاواز دەبن و بەم پێیەش دەبنە سینۆنیم، وەکو:

خەڵووز ≈ ڕەژوو

باوەش ≈ ئامێز

گەلا ≈ پەلك

هەروەها دەشێت ((لەئەنجامی لێکنزیك بوونەوەی هەندێك دەنگ یان خود لەئەنجامی خاسیەتی تایبەتی بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی کوردی پەیدابن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 21) زۆرجاریش ئەم فاکتەرە ڕۆڵ دەبینێت لەهاتنەناوەوەی هەندێك وشە بەفۆڕمی تەواو جیاوازەوە، وەکو:

دۆڵمە ≈ یاپراغ

---

[1]– بڕوانە: (سەلام ناوخۆش: 2004)، (ئارا عەلی ئەحمەد: 2007)

**قژ ≈ پرچ**

**گندۆره ≈ کاڵەك**

**ئەگەر زمان بەبازنەیەکی فراوان وێنابکەین، دیالێکتو شێوەزارەکانیش بە بازنەیەکی بچووکتر لەناو بازنەی زماندا دابنێین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دیاردە واتاییە لەسنووری زمانێکدا یەکجار زۆرو بەرفراوانە، بەڵام لەبازنەی دووەمدا، کە دیالێکتە سینۆنیم کەمتر دەبێتەوە بەبەراورد لەگەڵ بازنەی زمانو ڕێژەیەکی مام ناوەند وەردەگرێت. لەبازنەی سێیەمیشدا کە شێوەزارەکان وێنادەکات، سینۆنیم یەکجار کەم دەبێتەوە، تەنها ئەو دانە واتاییانە دەمێننەوە، کە فاکتەری دیکە ڕۆڵ لەدروستکردنیدا دەبینێت. وەك لەم وێنەیەدا[1] دیارە:**




---

[1]- **بۆ دروستکردنی ئەم وێنەیە ڕاوێژ لەگەڵ (د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی)، پسپۆڕی بواری دیالیکتۆلۆژی کراوە.**

## 1-5-2 شێوازی جیاجیای قسەکردن:

هەموو ئەو مەبەستانەی، کە قسەکەر هەیەتی، دەکرێت بەشێوازی جیاجیا دەربڕدرێن، هەریەك لەشێوازەکانیش بۆ کاتو شوێنێ تایبەتی گونجاون. بابەتیش ڕۆڵێکی گرنگ لەهەڵبژاردنی شێوازی دەربڕینەکاندا دەبینێت. بۆیە زۆرجار دەوترێت (شێواز کۆمەڵێك توانان، کە زمان بە ئەندازەیەکی گەورەو جوانییەکی کارامە، بەدەستیان دەهێنێت ئەمەش هەر لەگرنگیی واتا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو گەیاندنی واتایە بەڕوونترین و جوانترین شێوە، ئەگەر ئەمە ڕووی نەدا، ئەوا لەشێواز دەکەوێت.) (عبدالسلام المسدی: (؟): 85) بەڵام ئەو وشەو ڕستەو دەستەواژانەی لەشێوازی جیاجیادا دەگوترێنو هەر یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن، دەبن بەسینۆنیم، بەشێوەیەك کە(چەند وشەیەك دەگونجێت لەشێوازو بەکارهێنانە جیاوازەکانیاندا ببنە سینۆنیم.) (فرانك. ر.پالمر: 1385: 108) کەواتە قسەکەر بەپێی شێوازەکانو بەکارهێنانیان، یەکە واتاییەکان هەڵدەبژێرێت، (واتا بەتەنها جەوهەری شێوازە.)(عبدالسلام المسدی: (؟): 85) بۆیە شێواز لەزمانەوانیدا زیاتر لایەنی واتایی لەخۆدەگرێتو ئامرازی پراگماتیکیشن. وەکو:

**بەڕێزتان ≈ جەنابتان ≈ ئێوە**

زۆرجار هەریەك لەم دەربڕاوانە بەپێوەندی نێوان قسەکەرو گوێگرەوە پەیوەستن، یان شوێنو کات، یان ئەو دەورووبەرەی، کە گوتنەکەی تێدا دەوترێت، چونکە (دەگونجێت دوو وشە لەدوو شێواز یان بەکارهێنانو بارودۆخی تایبەتدا لەگەڵ یەکتریدا ببن بەسینۆنیم.)( أحمد ابو محبوب: 1383: 132) وەکو:

**ژن ≈ خانم ≈ مادام ≈ هاوسەر ≈ دایکی منداڵان**

هەریەك لەم وشانە، لەشێوازو کەلتوورە جیاوازەکانو بەپێی بیرکردنەوەی تاکەکەس بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەموویان یەك ماناو مەبەست دەدەن، دەبن بەسینۆنیم، کە هەموویان بۆ یەك کەس بەکاردەهێنرێن. هەریەکێك لەشێوازەکان لەوانەیە فەرمیو نافەرمی یان خوێندەواری و نەخوێندەواری......هتد بێت. (بێخاڵ عەبدوڵا: 1989: 81) هەندێك جاریش لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی زانستییەوەو وشەکە بەزاراوەی زانستیو وشەی ئاسایی بەکاردەهێنرێن، هەردووکیان بەرامبەر یەك شت دەوەستن، وەکو:

**کلۆریدی سۆدیۆم≈ خوێ**

ئاو ≈ $H_2O$

ئەنفلۆنزای باڵندە ≈ $H_1N_1$

ئەنفلۆنزای بەراز ≈ $H_5N_1$

هەروەها زۆرجار زمانی ئەدەبی ڕۆڵ لەدروستکردنی سینۆنیمدا دەبینێت، کە(یەکێك لەدوو وشە یان زاراوەکە دەگونجێت یەکێکیان ئەدەبی بێتو ئەویتریان وشەیەکی ئاسایی بێت)(محمد رضا باطنی: 1385: 227) وەکو:

خامە ≈ پێنووس

هۆنراوە ≈ شیعر

قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا زۆرجار شێوازی قسەکانی خۆی دەگۆڕێت، گۆڕانەکەش لەئاستی وشە بەدەردەبێت (بنیادی ڕێزمانیو دەنگیی زمانیش دەگۆڕێت) (فرانك. ر.پالمر: 1385: 108) بۆیە هەندێك ڕستە بەپێی شێواز دەبن بەسینۆنیمو یەك مەبەستو واتا دەدەن، وەکو:

جەنابتان فەرمووتان. ≈ ئێوە گوتتان

هەروەها لەئاستی وشەی لێکدراویشدا، ئەم ڕاستییە لەزمانەکەدا هەستی پێدەکرێت و (لەئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی جودا لەچۆنیەتی داڕشتنو دروستکردنی وشەدا، گەلێك وشەی سینۆنیم لەزمانی کوردیدا پەیدابوون.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 22) وەکو:

سەربەرەوخوار≈ سەربەرەوژێر≈ سەربەرەولێژ

سەرەوخوار ≈ سەرەوژێر ≈ سەرەولێژ

لێرەوە دەتوانین بڵێن شێوازگەری وەکو زانستی شێواز لەزمانەوانی جیاناکرێتەوە، هەروەك ڕیفاتیز، دەڵێت: شێوازگەری ((شیکردنەوەیەکی زمانییە بۆ بونیادی دەق)) (هیمداد حوسێنو صباح ڕشید: 2009: 57) وەك چۆن زمانەوانی، زانستەکانی دەنگو وشەو ڕستەو واتا دەگرێتەوە. هەربەو شێوەیەش ئەوەی لەبەشە لاوەکییەکانی هەریەك لەمانە دەکۆڵێتەوە، خۆی لەشێوازدا دەبینێتەوە. بۆنموونە (سینۆنیم) وەك چەمکێکی زمانی لەهاوبەشیی واتای دوو وشە یان زیاتر دەکۆڵێتەوە. بەشێوەکی گشتیش (شێوازگەری زانستێکی زمانەو بەلێکۆڵینەوەی بواری ڕەفتارکردن

لەسنووریو بنەماکانو بونیادی ڕێکخستنی سیستەمی زمانەوە پەیوەستە.) (سەرچاوەی پێشوو: 56)

## 3-5-1: کاریگەریی زمانەکان لەسەریەکتری:

یەکێکە لەگرنگترین ئەو ڕێگایانەی، کە سینۆنیم لەناو زماندا دروستدەکات، بەتایبەتی لەیەکەی وشەو مۆرفیمی بەنددا، ئەم فاکتەرە زۆر کاریگەرە، چونکە ئەم دانە واتاییانەی خاوەنی ڕۆنانێکی بەهێزی واتایین و گواستنەوەیان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ئاسانە. بۆیە (وشە بە ئاسانی لەزمانێکەوە دەچێتە ناو زمانێکی دیکەو هەر لەڕێی وشەوە فۆنیمو مۆرفیمەکان دەگوازرێنەوەو دواتر لەناو زمانەکەدا پەل دەهاوێن.) (فارووق عومەر سدیق: مۆڕفۆلۆژی: 2008–2009) هەرکاتێك ئەو مۆرفیمو وشانە دێنە ناو زمانەکەوە، سەرەتا لەگەڵ وشە ڕەسەنەکەی زمانەکەدا دەکەوێتە ململانێو لەبەرامبەریدا دەوەستێتو دەبێت بەسینۆنیمی. ماوەیەکی زۆر لەبەرامبەری یەکتری دەوەستن، دوواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەریەکەیان سیمای جیاکەرەوەی لاوەکی وەردەگرن، وەکو:

فەقیر ≈ هەژار

ئاواز ≈ میلۆدی

بەجیهانی بوون≈ عەولەمە ≈ گلۆبالیزم

زۆرجار ئەم دوو وشەیە دەچنە پاڵ یەکتریو شێوەی وشەی لێکدراوی بەستراو[1] وەردەگرن، کە پێوەندی نێوان هەردوو کەرتەکانیان سینۆنیمی دەبێت، وەکو:

پێوقەدەمی بەخێربێت.

ئێمە حازروئامادەین.

جێگەی فەخروشانازییە.

فەقیروهەژاریان بیرنەماوە.

ئەم وشە بێگانانە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەهەموو زمانێکدا دەبینرێن، (هەرچەندە لەزمانی کوردیدا بۆ هەندێك مانا وشەی ڕەسەنی کوردی هەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕێککەوتووە، کە بۆ هەمان مانا لەزمانی بێگانەوە وشە بکەونە ناو زمانەوە، لەگەڵ وشە کوردییەکاندا بېن بەسینۆنیم.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:

---

1– بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح: 1989)

1975: 22) ئەم لێکدانەوەیە بۆ مۆرفیمە بەندەکانیش هەربەو شێوەیە دەبێت، بەڵام ئەوەی کە مۆرفیم جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ساغکردنەوەی ڕەگو پیشەی مۆرفیم قورسترە. مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ وشەدا هاتوون، بەڵام دوواتر لەگەڵ ئەو گرووپەی خۆیاندا، بەرامبەری یەکتر وەستاون‌و بوون بەسینۆنیمی یەکتری، بۆنموونە (مۆرفیمی |– چی| کە ناوی پیشە دروست دەکات لەزمانی تورکی عوسمانلییەوە هاتووتە ناو زمانی کوردی‌و هەربەو واتایەش لەبەرامبەر چەند مۆرفیمێکی دیکە وەستاوە.) (فاروق عومەر سدیق: لێکسیکۆلۆژی: 2008–2009) ئەگەر تەماشای بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمە بکەین، دەبینین پێوەندیی سینۆنیمی لەگەڵ چەند مۆرفیمێکی دیکەی ئەو گرووپەدا دروستکردووە. وەکو:

چەخماخچی ≈ چەخماساز

فیتنەچی ≈ فیتنەباز

قومارچی ≈ قومارکەر

توتنچی ≈ توتنەوان

هەریەکێك لەم وشەو مۆرفیمانە، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، هەوڵدراوە لەگەڵ سروشتی زمانەکەدا بگونجێنرێن. بەتایبەتی لەڕووی قاڵبی فۆنەتیکییەوە، لەنووسینیشدا لەگەڵ ڕێنووسی زمانەکەدا گونجێنراون. وەکو:

امتحان > ئیمتیحان ≈ تاقیکردنەوە

علاج > عیلاج ≈ چارەسەر

عمر > عومر ≈ تەمەن

جرس > جەڕەس ≈ زەنگ

بەڵام هەندێك لەو وشە بێگانانە، فۆڕمە بنجییەکەیان بەوردی لای خەڵکی ئاسایی دیاریناکرێت، بەشێوەیەك کە دەشێت چەند دەنگێکیان لێگۆڕا بێت، وەکو:

ارض > ئەرز > عەرز > عەرد ≈ زەوی

حاضر > حازر ≈ ئامادە(طالب حسین علی:2002:83)

لەبەرئەوەی (زمان بوونەوەرێکی زیندووەو گەشە دەکات‌و کارتێکەرو کارتێکراوە.) (عبدالقادر ابو شریفە و اخرون: 1989: 65) بۆیە کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەرییان لەهێنانە ناوەوەی وشەو هەر دانەیەکی دیکەی واتایی بۆ ناو هەر

زمانێك، هەیە. ئەم فاکتەرانەش بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن. بۆنموونە زمانی کوردی لەسەدەی ڕابردوودا بەزۆری کەوتبووە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، بۆیە وشەی زۆری ئەو زمانە لەو قۆناغەی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بەڵام ئێستا پتر کەوتووتە ژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی و وشەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەزمانەکەماندا دەبینرێن.

## 1- 5-4: تابوو لەزماندا:

زۆرجار وشەکان بەشێوە بنەڕەتییەکەی خۆیان بەکارناهێنرێن، چونکە بەپێی داب ونەریت و کەلتووری کۆمەڵ ئەم جۆرە دەربڕینانە جوان نیین و بێئەدەبی پیشاندەدەن، بۆیە قسەکەر لەگەڵ ویستی ناوهێنانی ئەم کەرەسانەدا ناوەکەیان بۆ وشەی دیکە دەگۆڕێت و بەم پێیەش پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوانیاندا دروستدەبێت، بەشێوەك کە (فاکتەری کۆمەڵایەتی و داب ونەریت و باری دەروونی و خووڕەوشتی تاکەکان، وا لەمرۆڤ دەکەن لەناوی شتەکانی دەوروبەریان، بەمەجازی بنێن، لەجیاتی ئەوەی بەڕاستەوخۆیی ناوی شتەکە دەربڕن.) (حاکم مالك لعیبی: 1980: 104)

لەزمانی کوردییشدا ئەم فاکتەرە ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاوگێڕاوە، چەندین وشە لەڕێی ئەم کۆتەوە وشەی دیکەی بۆ هاتووەو دوواتر بوون بەسینۆنیم، وەکو:

**ئاودەست ≈ ئەدەبخانە ≈ تەوالێت ≈ سەراو ≈ WC**

**ئاوەڵکراس ≈ دەرپێ**

**مەمکدان ≈ سوخمە ≈ ستیان**

لەلایەکی دیکەوە، (لەزمانی کوردیدا سڵکردنەوە لەبەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینەی هەندێك نەخۆشی و ڕووداودا تائێستا بەدیدەکرێت، بۆنموونە زۆرجار نەخۆشی (شێرپەنچە) بە (دووابڕاو) ناودەبرێت نەخۆشی سورێژە ناوی (موبارەکە)ی لێنراوە، وشەی (موو لێهاتن) بۆ برینی پیس بەکاردێت، دیسان زۆرجار لەجیاتی مردن (کۆچی دوایی) کردن، بەتایبەتی لەزمانی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت.) (فاروق عومەر سدیق: 1990: 17)

هەموو ئەو دیاردانەی بەلای مرۆڤەوە جێگەی پیرۆزی و ترس و خۆشەویستی بوون، کەمتر بەناوی ئاسایی دەربڕاون، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا بۆ لەدایکبوون و مردن، چەندین دەستەواژە هەن، وەکو:

**لەدایك بوو ≈ چاوی بەژیاندا هەڵێنا ≈ هاتەسەر دونیا ≈ هاتە دنیاوە**
**کۆچی دواییکرد≈مرد≈ئەمری خوای کرد[1] ≈لەدنیا دەرچوو ≈ چووە بەردیوانی خوا**

فراوانی بەکارهێنانی دەستەواژەی جیاجیا بۆ مردن دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی کە(میللەتی کورد مردنی لەلا گەورەیەو زۆریشی لێ مردووە لەئەنجامی داگیرکردن و شەڕو پێکدادان لەگەڵ دوژمن بۆیە سینۆنیمی مردنی زۆرە.) (عەبدولوەهاب شێخانی: 2009: 341) ئەمە بۆ هەموو زمانەکانی دیکەش ڕاستە.

بەم پێیە مەجاز فاکتەرێکە لەفاکتەرەکانی زۆریی وشەی سینۆنیم، بەڵام ئەوەی کەپێویستە لەبەرچاوبگیرێت، دەبێت واتا مەجازییەکە بۆ واتای ڕاستەقینە بگوازرێتەوە. (حاکم مالك لعیبی: 1980: 104) بۆیە بەشێوەیەکی گشتی میتافۆڕ [2] دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە دروستبوونی سینۆنیمدا. بەڵام پێویستە واتای ڕاستەقینە لای قسەپێکەرانی زمانەکە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرابێت، زۆربەمان بەو پێوەندییە ئاشنابین، کە لەنێوان هەردوو وشە سینۆنیمەکەدا هەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ئەم فاکتەرە زیاتر لەدروستکردنی وشەو ئیدیەمی سینۆنیمدا ڕۆڵدەبینێت و (قسە تابووکانیش زیاتر پێوەندییان بەلایەنی سێکس و مەرگ میتافیزکەوە هەیە، بۆ ئاماژەدان بەم جۆرە تابوویانە شێوەی دیکەی زمانی دروستدەکرێت.) (ابراهیم جگنی: 1382: 443) هەروەها وەك هەر یەکەیەکی دیکەی واتایی ڕۆڵ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا دەبینن.

## 1–6: جۆرەکانی سینۆنیم لەڕووی واتاوە:

ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی لەبارەی چەمکی سینۆنیمەوە، لەنێو زمانەوانانداهەن، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانیشی هەبووە. بۆیە پۆلێنێکی یەکگرتوو بۆ جۆرەکانی نابینین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ئاڵۆزترین پێوەندیی واتاییە.)(مترا معدنی: 1383: 104) سەرەڕای ئەوەش خودی واتا و جۆرەکانی کۆدەنگییان لەسەر نییە، لەبەرئەمە چەندین تیۆری واتایی بۆ لێکدانەوەو دەستنیشانکردنی جۆرەکانی، سەریانهەڵداوە. بۆیە سینۆنیمیش وەك پێوەندییەکی

---

[1]- عەبدولوهاب شێخانی(150) ئیدیەمی بۆمردن تۆمارکردووە. بڕوانە:(عەبدولوەهاب شێخانی: 2009) هەروەها بۆ پۆلێنکردنی ئەم ئیدیۆمانە بڕوانە: (Jawad, H. F: 2010)

[2]– بۆ زانیاریی زیاتر، لەبارەی میتافۆڕ لەڕووی زمانەوانییەوە، بڕوانە: (بەکر عومەر عەلی: 2000)

واتایی، هەریەك لەم تیۆرانە بەجۆرێك لێی دەڕوانن و جۆرەکانی دیاریدەکەن. بەگشتی واتاناسان بەدوو شێوە جۆرەکانی سینیۆنیم دیاریدەکەن. بەشێکیان بەگوێرەی فاکتەرەکانی دروستبوونی، بەشێکی تریان بەگوێرەی توانای بەکارهێنانی ئەو دوو یەکە سینۆنیمە لەشوێنی یەکتری و لەدەورووبەری جیاجیادا. ئێمەش بەپشت بەستن بەو تێڕوانینانەو چەند لایەنێکی دیکە، ئەم جۆرانەی سینۆنیم دیاریدەکەین:

## 1-6-1: سینۆنیمی تەواو Perfect synonymy :

زمانەوانان تێڕوانینیان لەبارەی ئەم جۆرە سینۆنیمە لێك نزیکە، بەزۆری باوەڕیان وایە، کە لەزماندا نییە، یان ئەگەر هەشبێت لەماوەیەکی یەکجار کورتدا دەبێت. بەوە دەناسرێت، کە دوو وشە بتوانن بەتەواوی شوێنی یەکتر بگرنەوەو وەکیەکبن، هیچ خاوەن زمانێك هەست بەجیاوازییان نەکات.(أحمد مختار عمر: 1982: 220) لەڕوانگەی زمانەکانی ترەوە ئەم پێوەرانەی بۆ سینۆنیمی تەواو دانراون، لەزمانی کوردیشدا بەکاردەهێنرێن و بوونی ڕەتدەکەنەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە وشە سینۆنیمەکان لەململانێدان، بەتایبەتی لەقۆناغێکی دیاریکراودا بەرامبەر یەکتری دەوەستن و دەتوانن لەو قۆناغەدا شوێنی یەکتری بگرنەوە. وەکو:

کردار ≈ فرمان ≈ کار

ئاوڵفرمان≈ ئاوڵکردار ≈ ئاوڵکار

جێناو ≈ ڕاناو

بەپێی ئەو مەرجانەی جۆن لاینز بۆ سینۆنیمی تەواو دایناون، ئەمانە دەبن بەتەواو، کە ئەو مەرجانەیان تێدابێت:

1- هەموو واتاکانیان یەکسان بێت.
2- لەگەڵ هەموو دەورووبەرێکدا بەکاربێن.
3- لەڕوانگەی واتاناسییەوە هاوتای یەکتری بن. (جان لایز: 1383: 95)

لەزمانی کوردیدا هەندێك گیرەکی سینۆنیم هەن، کە دەچنە سەر وشە دەتوانن لەهەموو دەورووبەرێکدا ئەو واتایە بگەێنن، قسەکەرانی زمانەکەش وەك یەك بەکاریاندەهێنن، هەست بەهیچ جیاوازییەکیان ناکەن، ئەگەر شارەزاییەکی وردی زمانەوانی و ئیتمۆلۆژییان نەبێت، وەك:

یارمەتیدەر ≈ یاریدەر

زمانەوانی ≈ زمانناسی

**کۆمەڵانی ≈ کۆمەڵناسی**

لەم نموونانەدا، کە زاراوەن، جیاکردنەوەیان ئەستەمەو نەکراویشە. لەناو وشەکانی دیکەشدا چەندین نموونەی لەم جۆرەمان هەن، وەکو:

**قوتابی ≈ خوێندکار**

**قوتابخانە≈ خوێندنگا**

**ئازادی≈ سەربەستی**

**بەندیخانە≈ زیندان**

**لوغم ≈ مین**

بۆیە بڕیاردان لەسەر نەبوونی سینۆنیمی تەواو، بەپێی ئەو چەمکەی دیاریمانکرد، لەزمانی کوردیدا، کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو (بەتەنها لەدانەدانەی ئەو وشە زۆر تایبەتمەندانەدا هەیە، کە لێکسیمەکانیان واتای پەسنکەرانەی ڕوونیان هەیە.)(محەمەدی مەحوی: 2001: 201) بۆیە دەکرێت بڵێین سینۆنیمی تەواو، لەزمانی کوردیدا هەیە، بەڵام بەو تێڕوانینەی کە لێکچوونی واتاییە، نەك یەکسانی واتایی. ڕێژەکەشی بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانی دیکە کەمترەو تەمەنەکەشی کورتترە. ئەمەش بۆ سروشتی ململانێی یەکە واتاییەکان دەگەڕێتەوە، کە بەدرێژبوونەوەی کات یەکێکیان زیاتر لەدەورووبەرە جیاجیاکاندا دەرکەوتووتر دەبێت. فاکتەرێکی دیکە بۆ ئەو گۆڕانە بەردەوامەی کە بەسەر واتای وشەدا دێت، دەگەڕێتەوە، چونکە (ئەو وشانەی کە بەسینۆنیمی تەواو دادەنرێن بۆماوەیەکی کەم بەم شێوەیە دەمێننەوە، دوواتر چەمکەکانیان لێڵی و تەمومژی تێدەکەوێت.) (ستیڤن ئۆڵمان: 1997 : 119) بۆیەش بەشێکی سینۆنیمەکان لەقۆناغێکدا، تەواوبوون.

## 1-6-2: سینۆنیمی ناتەواو Partial synonyms:

ئەم جۆرە زۆرجار بەزۆرە سینۆنیم یان سینۆنیم ئاسا ناودەبرێت. دوو وشە یان زیاتر لەڕووی واتاییەوە ئەوەندە لێك نزیکن، کە جیاکردنەوەیان بۆ ئەوانەی کە زمانەوان نەبن ئەستەمە. ( أحمد مختار عمر: 1982: 221) زمانەوانان لەسەربوونی ئەم جۆرەیان کۆکن و لەنێو هەموو زمانێکیشدا هەست بەبوونی دەکرێت. هەموو یەکە واتاییەکانیش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن کە دەتوانن لەهەندێك شوێندا لەبری یەکتری بێن و واتاکانیان لێك نزیك بێت. ناتەواوی هەریەکێکیان بۆ فاکتەرێك

لەفاکتەرەکانی دروستبوونی دەگەڕێتەوە. لەوانەیە هەندێکیان لەشێوازدا جیاوازبنو هەندێکیان لە بەکارهێنانیان لەنێوان زارو شێوەزارەکانداو هەندێکیان بەهۆی زمانی بێگانەوە هاتبنە ناوزمانەکەو.....هتد. وەکو:

**دەرپێ ≈ ئاوەڵکراس**

**کاڵەك ≈ گندۆرە**

**پێنووس ≈ خامە**

**مرد ≈ کۆچی دوایی کرد**

**کتێب ≈ پەرتووك**

## 1–6–3:سینۆنیمی دەوروبەر بەند Context-dependent synonyms:

لەم جۆرەیاندا وشەکانو یەکە واتاییەکان بەپێی ئەو دەورووبەرەی کە تێیدا دەردەکەون دەبن بەسینۆنیم، بەم پێیە (بەسینۆنیمی ئەو وشانە دەوترێت کە بەگوێرەی دەورووبەر بتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە.)( کورش صفوی: 1384: 124) زۆرجار ئەم وشانە جیاوازنو (ناکەونە یەك بواری واتاییەوەو بەپێی هێڵکاری واتایی تەواو جیاوازن.) (میترا معدنی: 1383: 109) و تەنها دەورووبەر ڕۆڵ لەدروستکردنیدا دەبینێت، وەکو:

**ڕاوەستە بابزانم چی دەڵێت.**

**سەبرکە باتێبگەم چی دەڵێت.**

لەم دوونموونەیەدا (ڕاوەستان)و (سەبرکردن) لەلایەكو (زانین)و (تێگەیشتن) لەلایەکی تر، بەپێی ئەو دەورووبەرە بەسینۆنیمی یەکتری دەژمێردرێن. ئەگینا بەشێوەکی گشتی نابن بەسینۆنیم. ئەمەش لەژێر کاریگەریی هەلومەرجێکی تایبەتدا دروست دەبێتو لەخۆوە نییە، یان لەنموونەیەکی وەك:

**پارەیەکی زۆرم خەرجکرد.**

**پارەیەکی باشم خەرجکرد.**

هەردوو وشەی (زۆر)، (باش) لەم ڕستەیەدا سینۆنیمن، کەچی لەفەرهەنگدا لەیەك بواری واتاییش نینو بەشە ئاخاوتنی جیاوازن. هەر بەپێی ئەم جۆرەیان گەلێك جار وشە دژەکانیش دەبن بەسینۆنیم، وەکو:

کوتکێکی چاکی لێدا.

کوتکێکی خراپی لێدا.

بەپێی ئەم دەورووبەرە (چاك)و (خراپ) بوونەتە سینۆنیم، هەرچەندە لەفەرهەنگدا بەدژیەك هەژماردەکرێن.

## 1–6–4: سینۆنیمی شیکردنەوەییAnalytic synonymy:

لەنێوان یەکە زمانییەکاندا پێوەندییەکی شیکردنەوە هەیە، وشەیەك بەهۆی وشەیەکی دیکەوە شیدەکرێتەوە، پێوەندیی نێوانیشیان لەڕووی واتاییەوە دەبێت بەسینۆنیم، بەشێوەیەك، کە (بەو وشانە دەوترێت، کە بەگوێرەی هەلومەرجی پێویست، تەواو خۆیان بکەن بەشوێنکەوتەی ئەو هەلومەرجانە.) (کورش صفوی: 1384: 125) هەروەها لەنێوان ئەکرۆنیمو وشە سەرەکییەکاندا ئەم جۆرە سینۆنیمە هەیە. بەگشتی پێوەندیی نێوان ئەم دوو وشەیە، ئەوەیە (کە یەکێکیان ناسێنەری ئەوی دیکەیەو مەحەکی وشەی جێگرمان بۆ دەردەخات، کە ئەم دوو وشەو وشەگەلی لەو چەشنە زیاتر لەگەڵ یەکتردا سینۆنیمن.) (کورش سەفەوی: 2005: 38) وەکو:

برازا≈ کچ/کوڕی برا

ئامۆزا≈ کوڕ/کچەمام

مام≈ برای باوك

ژ. ك. ≈ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

ف. ل. ك.≈ فەرماندەیی لەشکری کوردستان

## 1–6–5: سینۆنیمی شاراوەimplicational synonymy:

ئەم جۆرە سینۆنیمە زیاتر لەواتای پڕاگماتیکیدا دەردەکەوێت، کە (بەو وشانە دەوترێت، کە واتای شاراوەیان وەکیەکبێت.) ( کورش صفوی: 1384: 125) نموونەی لەم جۆرە لەزمانی کوردیدا زۆرە، کە ئەمەشە بۆ کەلتوورو شارەزایی لەلێکدانەوەی واتاکەدا دەگەڕێتەوە، وەکو:

دەڵێی حوشترە.

دەڵێی مەڕە.

دەڵێی عەلەشیشە

هەرسێ وشەی(مەڕ)و (حوشتر) (عەلەشیش) لەم ڕستەیەدا، لەواتایی پڕاگماتیکیدا دەبن بەسینۆنیم، چونکە واتای شاراوەیان یەکە، کە مەبەست لە (گێژی)یە. هەروەها هەردوو وشەی (شێر)و (پڵینگ) لەواتای شاراوەیان هاوبەشە کە هەردووکیان (ئازایەتی) پیشان دەدەن. لەڕستەیەکی لەم چەشنەدا:

**دەڵێی شێرە.**

**دەڵێی پڵینگە.**

## 1–6–6: سینۆنیمی سیگنی فاکت:

دیارترین جۆری سینۆنیمە، کە یەکە واتاییەکان بەشێوەی گرووپ یەك چەمك دەردەبڕن، بەڵام بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی لەچوارچێوەی چەمکەکەدا هەن، لێك جیادەبنەوە. (یو. س.ستیپانەۆ: 1975: 34). ئەم جۆرە کار لەسەر چەمکی هاوبەشی نێوان وشەو یەکە واتاییە هاوبەشەکان دەکات. هەر گرووپێك لەوشە، کەچەمکەکەیان هاوبەش بێت، بەپێی ئەم جۆرە دەبن بەسینۆنیم. ئەم جۆرەیان بەتایبەتی بۆ دەستنیشانکردنی سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمە بەندەکاندا سوودی لێوەردەگرێت و پێوەندی مۆرفیمەکانی گرووپێکمان لەڕووی واتاییەوە بۆ دیاریدەکات. بۆنموونە هەموو ئەو مۆرفیمانەی چەمکی شوێن دەگەێنن، یان ئەوانەی چەمکی پیشە دەگەێنن یان ئەوانەی چەمکی بچووکردنەوە دەگەێنن، هەریەکەیان لەناو گرووپەکەی خۆیدا هەر لەگەڵ ئەو مۆرفیمەدا دەبن بەسینۆنیم. جگەلەمەش هەندێکیان دەتوانن لەشوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن.[1] وەکو:

**ناوی شوێن: |–گە|، |–گا|، |–ستان|، |–دان|........هتد.**

**ناوی پیشە: |–چی|، |–کەر|، |–ەوان|، |–ەر|........هتد.**

**بچووککردنەوە: |–ۆکە|، |–کە|، |–ڵە|، |–ۆڵە|........هتد.**

## 1–6–7: سینۆنیمی دیناتات:

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەقاوغی فۆنەتیکییاندا جیاوازن، بەڵام بەرامبەر کەرەستەیەك، لەسروشتدا دەبن بەناولێنەر، سەرەڕای ئەوەش هەریەکێك لەوشەکان خاوەنی چەمکی تایبەتی خۆیەتی.(سەرچاوەی پێشوو: 33) ئەم جۆرەیان زیاتر

[1] - بۆ زانیاریی زیاترو نموونەی پتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (2–4)

لەسەر ئەو وشانە کاردەکات، کە کەرەستەو شتی مادین و ڕووبەرێك لەسروشتدا داگیردەکەن. بۆیە لەڕێگەی پێوەندی نێوان ناولێنەرو ناولێنراوەکە سینۆنیمەکە دیاری دەکات، هەرکاتێك دوو ناولێنەر بەرامبەر کەرەستەیەك وەستان دەبن بەسینۆنیم.
وەکو:

دەرکە ≈ دەرگا ≈ قاپی

قەل ≈ عەلەشیش

بەرماڵ ≈ دووگورد

## 1-7: لەزمانەوانییدا چۆن تەماشای ڕۆڵی سینۆنیم کراوە؟

هەر دیاردەیەکی زمانی، گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، بەجۆرێك لەجۆرەکان کار لەکردەی پێوەندیکردن و گەیاندنی واتا دەکات. لەم ڕوانگەیەوە سینۆنیمی، وەك ناسراوترین و ئاڵۆزترین پێوەندیی واتایی، ڕۆڵێکی کارا لەزماندا دەبینێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەناو زمانەوانانیدا و بەتایبەتی لەنێو زمانەوانی کوردیدا لەڕوانگەیەکی نەرێنیەوە لێی دەڕوانن، وا لێیدەدوێن، کە بەسەر زمانەوە بارگرانی بێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەموو پێوەندییە واتاییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنی لەکردەی گەیاندنی واتادا دەبینن. ئەگەر لەم ڕووەوە لەسینۆنیم وردببینەوەو بچینە بواری بەکارهێنانەوە، بەیاریکردن بەوشەش ناسراوە. دەبینین کە لەزمانی ئاسایی ڕۆژانەدا لەچەند ڕوویەکەوە ڕۆڵی کارا و گرنگ دەبینێت، لەوانە:[1]

### 1-7-1: لەدەربڕینی واتادا:

سینۆنیم ڕێگەو شێوازی زیاتر لەبەردەم قسەکەردا بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستەی کە هەیەتی، دەکاتەوە. (عبدالرحمن بن حسن المحسني: 2009: 2)، هەتا یەکەی سینۆنیم زیاتر بێت، ڕێگاکانیش زیاتر دەبن، بەشێوەیەك کە (قسەکەر بەیارمەتی ئەم دیاردەیە دەتوانێت قسەکانی خۆی بەشێوەیەکی هەمەجۆر دەربڕێت) (ئارا عەلی ئەحمەد: 2007: 41) بۆیە بەهۆی سینۆنیمەوە قسەکەر دەستی لەهەڵبژاردنی یەکێك لەم ڕێگایانەدا، کراوەتر دەبێت و سەرپشك دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی زانینی

---

[1] - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە هەریەك لە: (محەمەد مەعروف فەتاح: 1990)، (قەیس کاکل تۆفیق: 2000)، (بێخاڵ عەبدوڵا سەعید: 1989)، (سازان رضا معین: 2005)

سینۆنیمی زمانی دایك، وادەكات دەربڕینەكان نەرمونیان و ڕازاوەترین و بیرەكان زیاترو وردترو باشتر دەگەیێنرێن. (كلیویڤا ڤ. ن.: 1961: 3) هەروەها (تایبەتمەندیی بوونی سینۆنیم لە ئاستەكانی وشەو ڕستەدا، نابێت بە شتێكی كەم سەیربكرێت، كە بەپێی پلانێكەو لەخۆوە نایەتە كایەوە، بەكارهێنانی خۆی هەیە، كە بەهۆیەوە دەربڕین فراوان دەكات.) (ڕا. بوداگەڤ : 1974: 59) ئەمەش زیاتر لەڕستەدا دەردەكەوێت.

## 1–7–2: لەنووسینی فەرهەنگدا:

لەم ڕووەوە ئەم دیاردە واتاییە گرنگیی زۆری هەیە، (بەشێوەیەكی گشتی فەرهەنگنووسەكان بۆ پیشاندانی چەمكی وشەیەك سوود لەسینۆنیمەكانی ئەو وشەیە وەردەگرن) (كورش صفوی: 1385: 68) ئەمە بەتایبەتی لەنووسینی فەرهەنگە یەك زمانییەكاندا بەرچاودەكەوێت. زۆرجار چەمكی سینۆنیم لەڕێگەی ئەم ڕۆڵەیەوە پیشاندەدرێت و دەوترێت كە (پێوەندییەكە بەزۆری فەرهەنگنووسەكان لەدەربڕینی واتای وشەكاندا بەكاریدەهێنن) (سیما وزیرنیا: 1379: 82)، بۆئەم مەبەستەش ئەگەر تەماشای فەرهەنگە یەك زمانییەكانی زمانی كوردی بكەین، ئەو ڕۆڵەمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە. لەنێو هەموو زمانەكانیشدا (فەرهەنگ تاكە سینۆنیمێك یان زیاتر لەواتایەك باس دەكات و ڕاڤەی تاكە وشەیەك دەكات.) (محمود عكاشە: 2005: 160) كە بەگشتی واتە و بەكارهێنانیان لێك نزیكە.

## 1–7–3: لەزمان فێركردندا:

ئەم دیاردە واتاییە لەفێربوونی زمانی یەكەمدا ڕۆڵیكی گرنگ دەگێڕێت، بەتایبەتی كاتێك منداڵ فەرهەنگی وشەكانی دەوڵەمەند نییە، تووشی وشەیەك دەبێت، كە واتاكەی نازانێت، سینۆنیمی ئەو وشەیە بۆ فێربوون و زانینی واتای ئەم وشەیە یارمەتییدەدات. (بۆ فێركردنی وشەو دەستەواژەی نوێ لای منداڵ لەقوتابخانە، هەمیشە بەیارمەتی سینۆنیمی وشەو دەستەواژەكە دەبێت) (برنارد كامری و دیگران: 1384: 124) سەرەتای فێربوونی وشەكە، منداڵ نازانێ كە یەك شتن، بەڵام بەهۆی نزیكیی واتاكانیانەوە وشەكە فێردەبێت.

بۆئەم مەبەستە ئەگەر تەماشای كتێبەكانی قۆناغی بنەڕەتی بكەین، دەبینین لەكۆتایی هەر بابەتێكدا فەرهەنگۆكێك، بۆ لێكدانەوەی واتای وشە نوێیەكان كراوە، كە

تێیدا پشت بەم دیاردە واتاییە بەستراوە. بۆیە سینۆنیم لەبواری فێربوونی زماندا ئاسانکاری دەکات ، بەپێچەوانەی ئەو ڕایەی گوایە زمان بەرەو قورسبوون دەبات.

## 1-7-4: لەڕوونکردنەوەی تەمومژو لێڵیدا:

ئەم دیاردە واتاییە بەوە پێناسە دەکرێت، کە (وشەیەك یان ڕستەیەك (هەریەکەیەکی واتایی) لەواتایەك زیاتر بگەیەنێت.)(Crystal: 2003a: 21) سینۆنیم ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆنەهێشتنی تەمومژو لێڵی، چ لێڵیی فەرهەنگی بێت، کە لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژەوە دروستدەبێت، چ لێڵیی سینتاکسی، کە لە ڕێگەی ڕۆنان و داڕشتنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەوە دەبێت. سەرەڕای ئەوەش هەندێك ڕێگەی دیکە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەمومژە هەن. بۆنموونە وشەی (بیر) لێڵە، بەڵام لەڕێگەی سینۆنیمەکانییەوە ڕوون دەکرێتەوە، وەکو:

**بیر ≈ فکر**

**بیر ≈ بیری ئاو**

لەئاستی ڕستەشدا، سینۆنیم دەتوانێت لێڵییەکەی بڕەوێنێتەوە، وەکو:

**پێی لێنا ≈ دانیپێدانا**

**پێی لێنا ≈ وەسەری کەوت/پێی پێدانا**

بەشێوەیەکی گشتی (وشە سینۆنیمەکان، بەپێچەوانەی وشە فرەواتاکانەوە، بۆ نموونە بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوە سوودیان لێدەبینرێت و تەمومژی سینتاکسی دروست ناکەن.) (محەمەدی مەحوی: 2009:ب1: 111) بۆیە دەبێت پەنا بەرینە بەر سینۆنیم بۆئەوەی بیرەکانمان بەسادەی بێ تەمومژ بگەیێنینە گوێگر.

## 1-7-5: بەهێزکردنی هێزوپێزی زمان:

سینۆنیم زمان دەڕازێنێتەوە، بەجۆرێك کە لەزمانی ئاخاوتندا (بواری جوانکاری قسەکردن فراوانتر دەکات و زمانپاراوی زیاتر دەکات.) (عبدالرحمن بن حسن المحسنی: 2009: 2) هەروەها لەنووسیندا، چونکە نووسەر لەدووبارەکردنەوەی وشە بەیەك فۆڕم دووردەخاتەوە، ئەمە لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی واتاوە دەبێت، بەتایبەتی کاتێك نووسەر دەیەوێت، جەخت لەواتایەك بکات، هەر ئەو وشەیە بەکارنەهێنێت، سوودی لێوەردەگیرێت، ئەمەش لەڕێگەی شیکردنەوەی چەمکی

سینۆنیمەوە دەبێت، ئەم نموونەیە لەشیعرو چیرۆکی کوردیدا زۆر بەرچاودەکەوێت. بەچەشنێك کە (خوێنەر تووشی ڕیتمێکی خێرا دەکات، کە چاوەڕێ ناکات، هەرئەو واتایە بدات، بەڵام کەشی دەربڕین خۆشترو جوانتر دەکات.) (هێمن عومەر خۆشناو: 2010: 135) ئەمەش جوانکاریو شیعرییەت لەم دەقەکەدا زیاتر دەکات. بەجۆرێك کە (دووبارەکردنەوەی وشە گرنگەکان بەڕێگای بەکارهێنانی سینۆنیم، وادەکات دەقێکی پتەو دروست بێتو لەجیاتی دووبارەکردنەوەی وشەیەك وەکو هۆیەکی تری لکاندنی دەق بەکاردەهێنرێت.) (شێرکۆ حمەئەمین قادر: 2009: 63)

## 1-7-6: دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان:

هەر زمانێك یەکەی سینۆنیمی زۆربێت، نیشانەی ئەوەیە فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەندە، بەجۆرێك، کە (سینۆنیم زیندوویێتیو نوێبوونەوەی ئەو زمانە لەشوێنی خۆیدا دەگەیێنێت.) (عبدالرحمن بن حسن المحسنی: 2009: 1) هەروەها لەسەر ئاستی تاکەکەسیشدا هەر کەسێك، کە سینۆنیمی زۆر بزانێت، ئەوە بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئەوکەسە.

## 1-8: سینۆنیمو هەندێك پێوەندیی واتایی:

وەك زانیمان، ئەم دیاردەیە پێوەندییەکی واتاییی جێنشینییە، کە زۆر ئاڵۆزو زۆریش ناسراوە، لەنێوان هەموو دانە واتاییەکاندا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێوەندییە واتاییەکاندا دەبینرێت. لەنێوان هەریەکەیان چەند هاوبەشیو جیاوازییەك دەبینرێت. لەم بابەتەدا بۆئەوەی باشتر چەمكو سنووری سینۆنیم دەستنیشان بکەین. هەوڵدەدەین پێوەندیی سینۆنیم بەچەند پێوەندییەکی دیکەی واتایی وەکو، بەرامبەری واتاییو هایپۆنیمو...هتد، ڕوونبکەینەوە:

### 1-8-1: سینۆنیمو هایپۆنیم:

هایپۆنیم بەیەکێك لەپێوەندییە واتاییەکان دادەنرێت، کە (لاینز) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (بریتییە لەو پێوەندییەی کە لەنێوان دوو وشەدا هەیە، بەشێوەیەك واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت، بتوانێت واتای وشەکەی تریش لەخۆبگرێت.)

(کورش صفوی: 1380: 191) بۆیە دەتوانین پێوەندییەکە بەشێوەی قوچەکی وێنابکەین، کە وشەی سەرخان واتاییەکی گشتی هەیەو دەتوانێت واتای وشەکانی ژێرخانیش لەخۆبگرێت. کەواتە پێوەندییەکی ستوونییە، بنەمای ئەو ڕێگەیەیە، کە شتی پێدابەشدەکرێت. ئەو وشانەی، کە هایپۆنیمیی ئەو وشەیەن پێیاندەڵێن: کۆهایپۆنیم co-hyponym (Finch: 2005 :158) بۆ نموونە هەریەك لەوشەکانی (سوور، زەرد، شین، سەوز.....هتد) کۆهایپۆنیمی وشەی (ڕەنگن)ن.

پێوەندیی نێوان سینۆنیمو هایپۆنیم لەوەوە دروست دەبێت، کە ئەگەر بێتو وشەی سەرخان(گشتی)یەکە لەگەڵ وشەیەکی ژێرخان (تایبەتی) بتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، بێئەوەی گۆڕانی واتایی دروست بێت. بەشێوەیەك، کە (ئەگەر x توانی y بگرێتەوەو y یش توانی x بگرێتەوە، ئەوا دەبن بە سینۆنیمی ڕێژەیی یەکتری.) (کورش صفوی: 1380: 193) لەزمانی کوردیدا ئەم جۆرە نموونانە زۆرن، کە ئەم تایبەتمەندییەیان تێدابێت. بۆنموونە هەریەك لەوشەکانی (مەکینە) و (تراکتۆر) لەم ڕستانەدا، مەبەستەکە باشتر ڕووندەکەنەوە:

**زەوییەکەم بەتراکتۆر کێڵا.**

**زەوییەکەم بەمەکینە کێڵا.**

لەم دوو ڕستەیەدا هەردوو وشەی (مەکینە)و (تراکتۆر) سینۆنیمن، بەڵام لەڕاستیدا پێوەندیی نێوان ئەم دوو وشەیە بەپێی پێوەندییە واتاییەکان، هایپۆنیمییە، چونکە (تراکتۆر) جۆرێکە لەجۆرەکانی مەکینە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە سینۆنیمەکە سنوورەکەی زۆر فراوان نییەو ڕێژەییییە.

زۆرجار ئەمە لەئاستی وشە کۆهایپۆنیمەکانیشدا دەبینرێت، وەك ئەوەی کە ئەو لێکسیمانەی کە بەسینۆنیم ناومان بردوون لەهایپۆنیمدا دەبنە کۆهایپۆنیمی یەکتر، وەك: شایی، زەماوەند، ئاهەنگ، حەفلە......هتد. کە (ئاهەنگ گێڕانن) هایپۆنیمی هەموویانە. (عەبدوڵا عەزیز بابان: 2005: 37) زۆرجار ئەمانە دەبن بەسینۆنیمی یەکتری بەئاسانی لەشوێنی یەکتریدا دێن، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

**بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی خۆشمان کرد.**

**بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە شاییەکی خۆشمان کرد.**

**بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە حەفلەیەکی خۆشمان کرد.**

ئەمە دەشێت لەئاستی ڕستەشدا ڕووبدات، چونکە پێوەندییە واتاییەکان، وەك چۆن لەئاستی وشەدا هەن، هەربەو شێوەیە لەئاستی ڕستەشدا هەن. [1] پێوەندی سینۆنیم بە هایپۆنمەوە لەم ئاستەدا بەوەدا دەردەکەوێت (ئەگەر ڕستەیەکی وەکو (ڕ1) ڕستەیەکی تری، وەك (ڕ 2)ی گرتەوەو (ڕ 2)ش (ڕ1)ی گرتەوە، ئەوا ئەم دوو ڕستەیە دەبن بە سینۆنیم.) (بێخاڵ عبدالله : 1989: 79) بۆیە لێرەدا هایپۆنیم دەبێتە مەرج بۆ بەسینۆنیم بوونی ئەم دوو ڕستەیە. وەکو:

هیوادارم بەڵێنەکەت جێبەجێبکەیت.

ئاواتەخوازم پەیمانەکەت نەشکێنی.

ئەگەر بمانەوێت بەسادەترین شێوە جیاوازیی نێوان ئەم دوو پێوەندییە واتاییە بکەین، دەتوانین بڵێین پێوەندیی نێوان دوو یەکەی واتایی لەسینۆنیمدا لەسەر بنەمای لێکچوون‌و وەکیەکی واتایی دروستدەبێت، بەڵام لە هایپۆنیمدا لەسەر بنەمای بوونی واتای یەکێکیان لەوی تریاندا دروست دەبێت‌و هەردووکیان لەواتادا یەکسان نین.

## 1-8-2: سینۆنیم‌و بەرامبەری واتاییOpposition :

بەرامبەری واتایی جۆرێکە لەدژواتایی‌و جەمسەر گرتنی تێدایە، بەوە ناسراوە کە (پێوەندیی نێوان دوو وشەیە، کە چەمکیان لەبەرامبەر یەکتریدا پێچەوانەو دژبێت.) (کورش صفوی:1384:36) بەرامبەری واتایی دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە، بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیانە هەندێکیان لەهەموو بارێکدا دژی یەکتری ناوەستنەوە، بە شێوەیەك ژمارەیەك پێوەندی هەن کە هەندێك وشەیان تێدایە، پەیوەستن بەیەکەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن یان جیاوازن.( saeed: 1997: 66) لەنێو جۆرەکانی بەرامبەری واتاییدا، هەندێکیان پێوەندییان بەسینۆنیمەوە هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی بەهۆی مۆرفیمەکانی نەرێوە بەرامبەرەکەیان دروست دەکرێت، وەکو:

ئارام × نائارام

ئاسایی × نائاسایی

بەئاگا × بێئاگا

یاسایی × نایاسایی

---

[1]- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (کورش صفوی: 1385)، (کورش صفوی: 1387)

ئەم جۆرە دژیەکانە کاتێك دەچنە ناو ڕستەوە لەگەڵ کارەکە دەتوانن سینۆنیمی دروست بکەن، وەك (لاینز) ئاماژەی پێکردووە، کە (بەکارهێنانی کارێکی ئەریێ لەپاڵ ئاوەڵناوی نەرێ، سینۆنیمی بەکارهێنانی کارێکی نەرێیە لەپاڵ ئاوەڵناوی ئەرێدا.) (کورش صفوی: 1380: 188) وەك لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**قسەکانی یاسایی نەبوون.≈ قسەکانی نایاسایی بوون.**

ئەم جۆرە پێوەندییە، تەنها لەئاستی ڕستەدا دەردەکەوێت و ڕێگەیەکە بۆ دروستبوونی سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەدا.

سەرەڕای ئەوەش لەبەرامبەری تەواوکاریدا، کە جۆرێکە لەجۆرەکانی بەرامبەری واتایی و پلە لەنێوانیاندا نییە (Finch: 2005 :158) دەتوانین هەست بە بوونی سینۆنیم بکەین، بەتایبەتی بەنەرێکردنی یەکێك لەگەڵ ئەرێی ئەویتریاندا، واتای یەکسان بەدەستەوە دەدەن، وەکو:

**زیندوو × مردوو**

**کەوتوو × دەرچوو**

**خێزاندار × سەڵت**

هەریەکێك لەم دژیەکانە وەربگرین، هەر دانەیەکی نەرێیان، دەبێتە سینۆنیم بۆ دانە ئەرێیەکە، وەکو:

**نەمردوو ≈ زیندوو**

ئەم جۆرەشیان زیاتر لەناو ڕستەو فرێزدا مەبەستەکان ڕوونتر دەردەخات، توانای دروستکردنی ڕستەی سینۆنیمیی هەیە، وەکو:

**نەخۆشەکە نەمردووە≈ نەخۆشەکە زیندووە.**

**خوێندکارە دەرنەچووەکان≈ خوێندکارە کەوتووەکان**

لەبەر فراوانیی ئەم پێوەندییە واتاییە دەتوانیین لەڕوانگەی جیاجیاوە پێوەندیی لەگەڵ سینۆنیمدا دیاریبکەین، سەرەڕایی ئەوەی ئەو دوو یەکە واتاییەی ئەم پێوەندییەیان لەنێواندا هەبێت واتاکانیان بەرامبەر یەکتری دەوەستن و دوو واتای جیاواز دەگەیێنن، بەمەش زۆر لەچەمکی سینۆنیم دووردەکەوێتەوە.

## 1-9: پێداچوونەوەوهەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی پێشتر لەبواری سینۆنیمدا کراون:

هەرچەندە لێکۆڵینەوە لەواتا، بەبەراورد لەگەڵ ئاستەکانی دیکەی زمان، مێژوویەکی دووری نییە، سەرەڕای ئەمەش هەندێك لە زمانەوان و نووسەرانی کورد بەشێوەکی گشتی لەچوارچێوەی نووسینەکانیاندا لەسینۆنیم دوواون. هەرچەندە تاوەکو ئێستا لێکۆلینەوەو نووسینی سەربەخۆ زۆرکەم لەم بوارەدا بەرچاودەکەوێت.[1] ئەوەی کە هەیە لەچوارچێوەی بابەتی واتاو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەشی واتا، لە کتێبە زمانەوانییەکاندا دەبینرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین بیروبۆچوونی هەندێك نووسەرو زمانەوانی کورد لەم بارەیەوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی کورتی ئەم بیروڕایانە، بخەینەڕوو.

بۆیەکەم جار لەلایەن (سەعید سدقی کابان)ەوە، ئاماژە بەم دیاردە واتاییە کراوە، لەچوارچێوەی جۆرەکانی ناودا باسی کردووە، کە ناوی بۆ چەند بەشێك پۆلێن کردووە، یەکێك لەو بەشانە، ناوی (مترادیف و متضاد)ە، بۆچوونی وایە کە ((اسم مترادف، دو اسمن لە لفضا جوی، لەمەعنادا یەك بن)) (سعید صدقی کابان: 1928: 10) بەبۆچوونی نووسەر سینۆنیم تەنها لەئاستی ناودایە. لەدوای پێناسەکەی چەند وشەیەکی ناوی بەنموونە هێناوەتەوە، کە هەموویان جووتە وشەی لێکدراون، کەرتەکانیان لەپێوەندیی سینۆنیمی دان لەوانە(کەژوکێو، قاچ وقول، هەراوهوریا، قوڕگ و گەروو) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێت نموونەکان باش خزمەتی پێناسەکە ناکەن و بیرەکە ڕوون ناکەنەوە.

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی بەهەنگاوی سەرەتاو یەکەم دادەنرێت، کە چەند بابەتێکی ڕێزمانی و زمانەوانیی وروژاندووەو بەبەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی زمان لەزمانی کوردیدا، دادەنرێت. هەرچەندە تێڕوانینی لەبارەی سینۆنیم زۆر کورت و سەرپێییە، بەلام بۆکاتی خۆی ئاشکراکردنی ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا گرنگیی تەواوی داوەتە بیروبۆچوونەکە.

---

[1] – جگە لە ماستەرنامەی (ئارا عەلی ئەحمەد)، نەبێت، کە بەشێکی کارەکەی پەیوەستە بەسینۆنیم، لایەنەکەی تری پەیوەستە بە واتای شێوازی. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی (تالیب حوسێن عەلی) بەناوی (دیاردەی هاوواتایی لەزمانی کوردیدا)، کە بەشێوەکی گشتی هەندێك لایەنی ئەم دیاردەیەی خستووەتەڕوو.

(جگەرخوێن) لە کتێبی (اوائو دەستورا زمانی کوردی) بەشێوەکی گشتی باسی ڕێزمانی کوردی دەکات، هەروەك سەعید سدقی کابان لەچوارچێوەی جۆرەکانی ناودا باسی سینۆنیمی کردووە. لەبەرئەوەی کارەکەی گشتییە، بۆیە بەچڕیی دەستی بۆ ئەم دیاردە واتاییە نەبردووە. بۆچوونی وایە، کە ((ناڤێ چێوی ئەوە کو دوو ناڤ سەر ب خوە ژبۆ داخوازەکی هاتبن.)) (جگر خوین: 1961: 53) تێڕوانینی بۆ ئەم دیاردە واتاییە لەوەدا کورت دەکاتەوە، ئەگەر دوو ناو بۆ یەك مەبەست بەکاربێن، دەبن بەسینۆنیم. لێرەدا پێوەر تەنها توانای بەکارهێنانە، کە ئەمەش سنووری دیاردەکە بەتەواوی دەستنیشان ناکات، هەریەك لەنموونەکانی (مور– گێرك، چیلەك – مانگا، می – مەڕ، ڕەڤ – پەز)ی هێناوەو ڕوونکردنەوەیەکی کورتی لەبارەی نموونەکان داوە، وەك، دەڵێت: ((هەردوو ناڤ داخوازەکی ددەن زانین دەما دبێژن: موری داخواز ژگێرکێ چییە تێ زانین، هەروەها دما دبێژن: گێرك داخواز ژمورێ چەیە تێ زانین.)) (سەرچاوەی پێشوو: 53) بەم پێوانەیە ئەگەر ناوێك توانی واتای ناوێکی دیکە بەدەستەوە بدات، ئەوا ئەم دوو ناوە دەبنە سینۆنیم.

لەڕوویەکی دیکەوە باسی سنووری ئەم دیاردە واتاییە لەزماندا دەکات، ئاماژە بەفاکتەری دیالێکت و شێوەزارەکان لەفراوانکردنیدا دەکات، بەشێوەیەك کە ((ئەو ناڤێ (چێوی) دزمانێ کوردی دەهنگێ پڕ دبن چە دما شێوێن کوردی هەموو د (قاموس)و (ڕێزمانێ) مە دە گهانە هڤ لێ هەر شێوەیەك سەر ب خوە دبی دایرو دەست تەنگ بی)) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) بەم جۆرە تەنها فاکتەرێك، بۆ کەمی و زۆری سینۆنیم لەزماندا دیاریدەکات، کە دیارە کۆمەڵێك فاکتەری دیکەش هەن، کە کاریگەرییان لەسەر ئەم بابەتە هەیە.

لایەنێکی دیکە، کە سەرنج ڕادەکێشێت، زاراوەی (چێوی)یە، کە بەرامبەر سینۆنیم دانراوە، ئەگەر لەمانای زاراوەکە وردبینەوە، کە (لەشوێنی ئەو) دەگەیەنێت، واتە ناوێك دەبێت بە سینۆنیم، کە توانای ئەوەی هەبێت لەشوێنی ناوێکی دیکە بێت. تاڕادەیەکیش زاراوەکە بۆ زمانی کوردی گونجاوە، بەڵام کەم ڕۆیشتووە.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە کتێبی (وشەی زمانی کوردی)دا، باسی ئەم دیاردەیەی کردووەو سەرەتا لەپێناسەیەکدا، دەڵێت: ((بەو وشانە دەڵێن کە یەك مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێك نزیکە، بەڵام لەخوێندنەوەو نووسیندا جیاوازن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 20) بەپێی ئەم تێگەیشتنە لەچەمکی سینۆنیم،

دوو جۆری لێ جیادەکرێتەوە، ئەوانەی کە یەك واتای یەکسانیان هەیەو ئەوانەی واتای لێك نزیکیان هەیەو واتاکانیان لێك دەچن. لێرەشەوە سینۆنیمی تەواوو ناتەواو دێنەئاراوە.

پاشان سەرچاوەکانی دروستبوونی وشەی سینۆنیمی دیاریکردووە، کە تەنها ئاماژەی بۆ سێ فاکتەری سەرەکی کردووە، ئەوانیش بوونی چەند دیالێکتێك لەزمانی کوردیدا، بەکارهێنانی شێوازی جیا، هاتنەناوەوەی وشەی بێگانە. بۆ هەریەکێکیش لەم فاکتەرانە نموونەی هێناوەتەوە. (سەرچاوەی پێشوو: 21و22) لەم بارەیەوە هەندێك لە فاکتەرەکانی دەستنیشان نەکردووە، لە فاکتەری پەیدابوونی سینۆنیم بەهۆی بوونی دیالێکتی جیاوازەوە، ئاماژەی بەجۆرێك کردووە، کە تەنها یەك دەنگیان جیاوازە، دەڵێت: ((هەندێك لەو وشانە لەخوێندنەوەو نووسیندا، تاڕادەیەك وێك دەچن. بەڵام لەشێوەی فۆنەتیکیدا تۆزێك جیاوازییان هەیە.)) (سەرچاوەی پێشوو: 21). وەك خۆی ئاماژەی پێداوە، ئەمە تەنها گۆڕانێکی فۆنەتیکییە، لەدیالێکتێك یان شێوەزارێکەوە بۆ یەکێکی تر. ئەم نموونانەی هێناوەتەوە:

(دامێن – داوێن، هیشك – وشك، چاڤ – چاو، پاری – پارو......∞) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە).

هەریەك لەم نموونانە تەنها لەیەك دەنگدا جیاوازن، دەشێت فۆنیمەکان بووبنە سینۆنیم، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر بەم پێیە سینۆنیم دیاری بکەین، بەتایبەتی لەنێوان دوو دیالێکتدا، ئەوا سنووری یەکجار فراوان دەبێت، بەشێوەیەك لەوە نزیکدەبێتەوە کە بڵێین زۆربەی وشەکان لەزمانی کوردیدا سینۆنیمێكو بگرە زیاتریشی هەیە.

ئەو نموونانەی بۆ بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی هێناونییەتەوە، بەتەواوی مەبەست ناپێکن. بۆ نموونە ئەم وشانەی هێناوەتەوە:

بەرەوژێر – بەرەوخوار، بەرەوخوارکە – بەرەوخوارە، بەرەولێژە – سەرەولێژە (سەرچاوەی پێشوو: 22)

جیاوازیی هەریەك لەم وشانە بۆ شێواز ناگەڕیتەوە، ئەوەندەی بەلایەنی جیاوازیی قسەکردن لەنێوان دیالێکتەکانو شێوەزارەکانی زمانی کوردیەوە پەیوەستن.

ئەم کتێبە لەزمانی کوردیدا بە هەنگاوێکی سەرەتا دادەنرێت، بۆکاتی خۆی یەکەم سەرچاوەیە، کە باسی چەند لایەنێکی واتای وشەی کردووە، هەربۆیەش زۆر بەوردی نەچووەتە ناو سینۆنیمو پێوەندییە واتاییەکانیشەوە، بەڵام چەند لایەنێکی نوێی خستووەتەڕوو. بەتایبەتی فاکتەرەکانی دروستبوونیو دیاریکردنی چەمکەکەی.

بۆیە وەك كارێكی زانستی لەچوارچێوەی كتێبێكدا بووە بەسەرچاوە بۆ زۆربەی ئەوانەی دوواتر لەم بارەیەوە لێكۆڵینەوە دەكەن.

بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید لەنامەی ماستەرەكەیدا، كە بەناوی (واتاسازی وشە- لێكۆڵینەوەیەكی كارەكی)یە، باسی سینۆنیمی كردووە، لەچوارچێوەی پێوەندییە شوێنییەكاندا ئەم دیاردە واتاییەی شیكردووەتەوە. بۆ ناساندنی چەمكەكەی دوو بۆچوونی جیاوازی خستووەتەڕوو، ئەوانیش هەریەك لەبۆچوونەكانی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) و بۆچوونی (لاینز)ە. شتێكی زیاتری بۆ ناساندنی چەمكی سینۆنیم، نەخستووەتەڕوو.

لەسەر بنەمای بیری هەندێك زمانەوان، پلەكانی سینۆنیمی دیاریكردووە، كە ڕای وایە سینۆنیمی ((پلەی هەیە، واتە هەر كۆمەڵێك لەكەرەستە فەرهەنگییەكان ئەتوانرێت ڕیزبكرێن بەپێی پلەی لێكچوون و جیاوازی لەشوێنەكانیاندا بۆ نموونە (أ) و (ب) لەڕووی شوێنەوە یەكبن، ئەوا هاوواتای تەواون، كە (أ) و (ج) لەڕووی شوێنەوە تاڕادەیەك لەیەك بچن ئەوا هاوواتای ناتەواون.)) (بێخاڵ عبدالله: 1989: 76) زمانەوانانی دیكە كەمتر باسی پلەیان كردووە، ئەمە زیاتر وەكو جۆرەكانی باسی لێوەكراوە، خودی مەبەستەكەش هەرئەوە دەگەیێنێت.

هەر لەڕوانگەی پلەكانەوە، جۆرەكانی سینۆنیم دیاریدەكات، كە بۆ دوو بەشی سەرەكی دابەشیان دەكات، كە تەواو و ناتەواون. دەڵێت سینۆنیمی تەواو (لەیەكچوونی واتای دوو وشە (یان زیاتر) بەجۆرێك كە هەریەكەیان بتوانرێت لەجێی ئەویتریان دابنرێت لەهەموو دەقێكدا بەبێ هیچ گۆڕانێك لەواتای هۆشەكی كێشەكیدا) (سەرچاوەی پێشوو:77) بەم پێیە بێت، دەبێت دوو وشەكان لەواتادا یەكسان بن، نەك لەیەكبچن، هەر ئەمەش كرۆكی گەنگەشەی زمانەوانانە، لەباری ئەم دیاردە واتاییەوە.

ئەو نموونانەی كە بۆ ئەم جۆرەی هێناونەوە، ناتوانن لەهەموو شوێنێك لەبری یەكتری بەكاربهێنرێن، وەكو:

گەلێكی شادمان

گەلێكی بەختیار

گەلێكی كامەران

* گەلێكی پیٚخۆشحاڵ

لەنموونەکانی تر، کە هەر بۆ ئەو مەبەستە هێنراونەتەوە، ڕستەن نەك وشە، کەچی لەپێناسەکەدا باسی وشەی کردووە، سەرباری ئەوەش ناتوانرێت لەهەموو دەورووبەرێکدا لەجیاتی یەکتری بەکاربهێنرێن، وەکو:

**تەماشات کراوە؟**

**سەیرت کراوە؟**

***تێت ڕوێنراوە؟**

هەروەها لەپەراوێزی ئەو بابەتەدا گومان دەخاتە سەر ئەم جۆرەیان، کە ئەمەش لەگەڵ باسەکەی خۆیدا دژدەوەستێت. بەتایبەتی لەوەدا، کە دەڵێت: (زۆر گرانە لەڕاستیدا دوو وشە بەیەك واتا بمێننەوەو بژین لەزمانێکدا.) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە)

لەجۆری ناتەواودا، پێوەر بۆ دیاریکردنی ئەوەیە، کە بتوانن لەهەندێك شوێندا لەبری یەکتری بێن نەك لەهەموو شوێنێکدا، کە دەشێت ئەمە تەنها پێوەرێك بێت. چەند جۆرێکی ناتەواوی دیاریکردووە، کە هەریەکەیان بەهۆیەك دەبن بە سینۆنیم، بۆنموونە بەهۆی گرتنەوەوە، کە لەڕاستیدا ئەمە فاکتەر نییە، بەڵکو پێوەندیی نێوان ئەم دوو پێوەندییە واتاییە (سینۆنیمو هایپۆنیم)یە، تەنها لەئاستی ڕستەدا باسی کردووە، کەچی لەئاستی وشەشدا هەیە. کەموکوڕییەکی دیکە لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە کارەکە بۆ وشە تەرخانکراوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە تەنها باسی ڕستەی کردووە. هەروەها باسی ئەوانەی کردووە، کە بەهۆی واتای هۆشەکییەوە، دەبن بەسینۆنمو واتای کێشەکیان جیاوازە، وەك کچ = کیژ، ژن = ئافرەت، ئەوانەی بەهۆی هاتنیان لەدەقدا دەبن بەسینۆنیم، لەدەرەوەی دەقدا ئەم توانایەیان نییە، وەکو: کڕی، پەیدایکرد. (سەرچاوەی پێشوو: 79و80)

هەر لەچوارچێوەی باسکردنی سینۆنیمدا، فاکتەرەکانی دروستبوونی خستووەتە ڕوو. لەوانەش بوونی چەند دیالێکتێك لەزماندا، بەکارهێنانی شێوازی جیاواز، هاتنی وشەی بێگانە، خۆشکردنی هەندێك دیاردە، کە خۆیان ناخۆشن.(سەرچاوەی پێشوو: 81و82) لەڕاستیدا ئەم فاکتەرە بەشێکە لەشێوازو دەکرێت هەر لەو چوارچێوەیەشدا قسەی لەسەر بکرێت.

بۆ ڕۆڵی سینۆنیم، وای دەبینێت، کە ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینێت، لەزماندا بەجۆرێك، کە ئەم دیاردە واتاییە (لە توانای زمان کەمدەکاتەوە.) (سەرچاوەی پێشوو: 77) ئەمەش جێگەی هەڵوەستەکردنە.

هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی بۆ واتای وشە تەرخانکراوە. گرنگییەکەی لەوەدایە، کە بەشێوەیەکی زانستییانەو ئەکادیمیانە بەپشت بەستن بەچەندین سەرچاوە نووسراوە، هەرچەندە شتێکی نوێی نەخستووەتە سەر ئەو بیروڕایانەی پێش خۆی لەهەمبەر بابەتەکەی ئێمە. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەر پێوانەیەك بیگریت بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کارەکانی دووای خۆی.

(محەمەد مەعروف فەتاح) لەکتێبی (زمانەوانی)دا. بۆ ناساندنی چەمکی سینۆنیم، دوو پێناسەی کردووە، کە هەریەکەیان ئاماژە بەلایەنێکی دیاردەکە دەکات، کە یەکێکیان ئەوەیە کە (دوو وشە یان زیاتر یەك واتا ببەخشن.) (محمد معروف فتاح: 1990: 164) لەم پێناسەیەدا پێوەرەکەی وەکیەکبوونی وشەکانە، بەڵام دوواتر دەڵێت (( نەك هەر واتایان وەك یەك بێت، بەڵکو لەبریی یەکتریش بێن.))(سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) بەپێی ئەم تێڕوانینە مەرجی بەسینۆنیمبوون، ئەوەیە، کە دەبێت دوو وشەکە هەر ئەو واتایەیان هەبێتو بتوانن لە دەورووبەری جیاجیاشدا لەبریی یەکتری بێن. بەڵام ئەمە بۆ هەموو جۆرێکی سینۆنیم ناگونجێتو ئەگەر تەنها پێوەر ئەمە بێت سنووری تا نزیکی نەبوون تەسك دەبێتەوە.

دوواتر ڕێگاکانی لێکجیاکردنەوەی سینۆنیمی باسکردووە، کە وەك ڕێگاکانی دروستبوونی تەماشادەکرێت. هەریەك لەوانەی دیاریکردووە: بوونی دوو دیالێکتی جیاواز، شێوازی جیاواز، سینۆنیمبوون لە واتای هۆشەکیدا و جیاوازییان لەواتای کێشەکیدا، هەروەها سینۆنیمبوون لەچەند شوێنکی تایبەت، نزیکیی واتایی نەك وەکیەکبوون.(سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێت ئەو جۆرەیە، کەبەندە بەقەوارەو توانای بەکارهێنانی وشەکەوە، کە لەوانەیە تەنها لەچەند دەورووبەرێکدا لەشوێنی یەکتر بێن، بەڵام لەبەرئەوەی توانای ئەوەیان هەیە، هەرئەو مەبەستە بەدەستەوە بدەن، بەسینۆنیم هەژمارکراون، بۆیە ئەم جۆرەیان جێگەی هەڵوەستەکردنە، چونکە سنووری بەکارهێنانی زۆرکەمو لەتەنها چەند نموونەیەکدا ئەم توانایەیان هەیە. هەر لەڕێگەی ئەم جۆرەیانەوە پێوەندیی هایپۆنیمو سینۆنیم

دياريدەكات. بەشێوەيەك، كە (چارەسەری ئەم جۆرەيان لەگرتنەوەدا دەبينێتەوە.) (سەرچاوەی پێشوو: 165)

بەگشتی تێڕوانينەكەی بۆ سينۆنيم كورتو سادەيە، لەوانەيە ئەمەش بۆ سروشتی كارەكە بگەڕێتەوە. تەنها لەسنووری وشەدا باسی دياردەكەی كردووە، يەكە واتاييەكانی ديكە ڕەچاونەكراون. هەروەها لێكچوونێكی زۆر لەڕووی ئەم بابەتەی ئێمەوە، لەنێوان ئەم كتێبەو نامەكەی (بێخاڵ عەبدوڵا سەعيد)دا هەيە، تەنانەت نموونەكانو داڕشتنی بەشێكی زۆری ڕستەكانيش وەك يەكن. هەربەو شێوەيە تێڕوانينێكی نێگەتيڤی بۆ سينۆنيم هەيە، كە باوەڕی وايە ((لەتوانای زمان كەم دەكاتەوە.)) (سەرچاوەی پێشوو: 164) بەشێوەيەكی گشتی گرنگی ئەم كتێبە لەوەدا دەردەكەوێت، كە بۆ كارەكانی دوای خۆی سەرچاوەيەكی گرنگە، بەتايبەت ئەوانەی كە باسيان لە سينۆنيم كردبێت، سوودێكی زۆريان لێوەرگرتووە.

(عەبدلواحيد مشير دزەيی) لەباسێكيدا، بەناوی (هاوواتا لەنێوان بوونو نەبووندا) لەم دياردە واتاييە دواوە. سەرەتا لەبارەی ئەو گفتوگۆيەی كە لەزمانی عەرەبيدا زۆر گەرمە، بوونو نەبوونی سينۆنيم. لەژێر كاريگەريی بۆچوونی زمانەوانە عەرەبەكاندا، دوو كۆمەڵەی جياكردووەتەوە، يەكێكيان ئەوانەن، كە باوەڕيان وايە سينۆنيم لەزماندا هەيە. ئەوانەشی بۆ دوو دەستە دابەش كردووە، ئەوانەی سينۆنيم بەهيچ بنەمايەكەوە نابەستنەوە، دەستەكەی تريان ئەوانەن، كە سينۆنيم دەبەستنەوە بەچەند مەرجێكەوە. دوواتر نموونەی زمانەوانانی باس كردووە. كۆمەڵەكەی تريان ئەوانەن، كە نكوڵی لەبوونی سينۆنيم دەكەنو ناوی چەند زانايەكی بێگانەو عەرەبيش لەم باريەوە دەهێنێت. (عبدالواحيد مشير دزەيی: 1999: 56– 60)

دووای باسكردنی ڕای زۆرێك لەزمانەوان بەدواييەكتريدا، بەكۆمەڵێك كۆتو بەند مەرجەوە دان بەبوونی سينۆنيمدا دەنێت، دەڵێت كە (ئەگەر مەبەستمان لەسينۆنيم بەرامبەريی تەواوی وشە بێتو بتوانين لەشوێنی يەكتری بيان گۆڕينەوەو بەكاريان بهێنين بێئەوەی هيچ جياوازييەك لەنێوانياندا لە واتای هۆشەكیو شێوازیو هەموو جۆرەكانی واتا لەيەك زمانو ئاستی زمانو لەيەك ماوەی كاتو لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵێكی يەك زماندا هەبێت، ئەوا سينۆنيمی نييە.)(سەرچاوەی پێشوو: 60) هەريەك لەمانە مەرجی سينۆنيمن، بەبيروڕای نووسەر ناشێت هەموويان لەنموونەيەكدا

کۆببنەوە، ئەگەر ئەمە بۆ جۆرێکی سینۆنیم ڕاست بێت، ناتوانرێت بۆ هەموو جۆرەکانی دیکە لەبەرچاوبگیرێن.

بۆ پێناسەکردنی باوەڕی وایە، کە چۆن زمانەوانان لەسەربوون و نەبوونی ڕێکناکەون، لەسەر ناساندنەکەشی ڕێکناکەون، بۆیە هەشت پێناسەی نووسەران و زمانەوانانی دیکەی هێناون، بێئەوەی ڕای خۆی لەبارەی هیچ یەکێکان دەربڕێت یان یەکێکیان پەسەند بکات و لەکارەکەیدا پشتی پێ‌ببەستێت.

هەر لەچوارچێوەی باسەکەیدا، نووسەر باسی لەپەرەسەندن و سەرچاوەی دروستبوونی سینۆنیم کردووە، وەك لێکۆڵینەوەکانی دیکە، هەرئەو فاکتەرانەی باسکردوون و کە هەریەکە لە بوونی دیالێکتی جیاوازو بەکارهێنانی شێوازی جیاجیا، وەرگرتنی وشەی بێگانە، بەکارهێنانی هەندێك وشە بەفاکتەری دەروونین.

هەر لەدرێژەی باسەکەیدا جۆرەکانی سینۆنیمی لێکجیاکردوەتەوە، کە حەوت جۆری دیاریکردووە، کە هەندێك لەمانە پێوەندییان بەدیاردەکەوە نییەو هەروەکو سینۆنیمی پێوەندییەکی واتاین.

ئەوەی لەم وتارەدا سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە نووسەر کەمتر ڕای خۆی لەبارەی بابەتەکانەوە دەربڕیووە. زیاتر ڕای زمانەوان و نووسەرانی تری هێناوەتەوە. لەم باسەدا کەمتر تایبەتمەندیی زمانی کوردی لەبەرچاوگیراوە، زیاتر بەپێوەری زمانی عەرەبی و لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی (ئەحمەد موختار عومەر)دا شیکردنەوە بۆ دیاردەکە کراوە. سەرەڕای ئەوەش، تەنها لەچوارچێوەی وشەدا باسی سینۆنیمی کردووە، یەکە واتاییەکانی دیکە باس نەکراون.

قەیس کاکل تۆفیق، لەنامیلکەیەکدا، بەناوی (ژن و ئافرەت لەدیدی سیما پێکهێنەرەکاندا) لەڕوانگەی جیاکردنەوەی سیما واتاییەکانی ئەم دوو وشەیە لەسینۆنیم دواوە. باوەڕی وایە کە ((تائێستاش بوونی سینۆنیم لەزماندا لەنێوان پەسەندکردن و ڕەتکردنەوە دایە.)) (قەیس کاکل تۆفیق: 2000: 19) بەم پێیەش لە کەرستەی باسەکەی بەگومانە. دوواتریش لەم بارەیەوە باسی کۆمەڵێك بیروڕای جیاوازی کردووە. لەژێر تیشکی بیروبۆچوونی جۆن لاینزدا باسی مەرجەکانی سینۆنیم دەکات، لەوانە وەکیەکبوونی هەموو واتاکانیان، بەکارهێنان و شوێن گرتنەوەیان لەهەموو دەوروبەرێکدا.(سەرچاوەی پێشوو: 30–33) هەروەها باسی فاکتەرەکانی دروستبوونی سینۆنیمی کردووە، کە هەندێك لەو فاکتەرانەی باسی

کردوون، فاکتەرنین، بەڵکو جۆری سینۆنیمن، لەوانە، دەڵێت: ((هەندێك وشە واتای هۆشەکیان وەکو یەکە بەڵام واتای لاوەکیان جیایە، هەندێك وشە واتایان لەیەکتر نزیکەو بە سینۆنیم دانراون.)) (سەرچاوەی پێشوو: 36) سەرباری ئەوەش تەنها وشەی وەك نموونە بەکارهێناوە. هەر لەژێر تیشکی بۆچوونەکانی محەمەد مەعروف فەتاحدا، پێیوایە بوونی سینۆنیم لەتوانای زمان کەمدەکاتەوە. (سەرچاوەی پێشوو: 23)

(تالیب حسێن عەلی) لەتوێژینەوەیەکی زانستیدا، بەناوی (دیاردەی هاوواتایی لەزمانی کوردیدا) باسی چەند لایەنێکی ئەم پێوەندییە واتاییەی کردووە. لەبەشی یەکەمدا باسی چەمك و سنووری سینۆنیمی کردووە، لەژێر کاریگەریی چەند زمانەوانێك لەوانە (جۆن لاینزو حاکم مالك لعیبی و ئەحمەد مختار) دیاردەکەی پێناسەکردووە، لەبارەی سنووری سینۆنیم ڕای وایە، کە (وەك دیاردەیەکی واتایی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەواتای وشەکانەوە هەیە.) ( طالب حسین علی: 2002: 62) وەك ئەوەی کە ئەم پێوەندییە واتاییە لە یەکە واتاییەکانی دیکەدا بوونی نەبێت.

هەر لەم بەشەی باسەکەیدا ئاماژەی بەبوونی ڕای جیاواز، لەسەر چەمکی ئەم دیاردەیە داوە. چەند جۆرێکی سینۆنیم ڕەتدەکاتەوە، کە پێشتر لەزمانی کوردیدا باسیان لێوەکراوە، بەتایبەتی جووتە وشەی لێکدراوی سینۆنیم و ئەوانەی لەڕێگەی مەجازەوە دروست بوون. ڕای وایە، کە (وشەی لێکدراو جیاوازیی لەگەڵ بیری سینۆنیمدا هەیە، بۆیە دەبێت بەسینۆنیم دانەنرێن، ئەو وشانەی بەڕێگەی مەجاز دەبنە سینۆنیم دەبێت لابرێن، چونکە مەجاز نابێت بەسینۆنیم، تاوەکو بەکارهێنانی واتا مەجازییەکە نەگۆڕێ بۆ واتای دروستی وشەکە.) (سەرچاوەی پێشوو: 64و 65) هەر کاتێکیش ئەمە ڕوویدا، ئەو کات تەنیا یەك وشە دەمێنێت. بەمەش لە دیاردەکە دووردەکەوینەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەندێك نموونەی هێناوەتەوە، کە گوایە بەڕێگەی مەجازەوە بوون بەسینۆنیم و ئەویش بە سینۆنیم هەژماریان ناکات، لەوانە:

**دیل......ژێردەست**

**بەفیز/ بایی بوون .....لووت بەرز**

**هەژارو دەست کورت...........هتد(سەرچاوەی پێشوو65)**

هەریەك لەو نموونانەی سەرەوە لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن و هەرئەو واتایەش دەدەن، قسەکەر بیری بۆئەوە ناچێت، کە ئەم واتایە مەجازییە. هەرکاتێك واتای وشە

فراوان بوو، كە بەشێكی زۆری خەڵكی لێیتێگەیشتن، چ واتای ڕاستەقینەی بێت یان مەجازی، وشەكان واتای لێك نزیكیان هەبوو، توانیان لەدەورووبەری جیاجیادا شوێنی یەكتری بگرنەوە، دەبن بەسینۆنیم.

دوواتر باسی مەرجەكانی سینۆنیم دەكات، لەوانە ڕیككەوتنی تەواو لەواتادا، پێداگری لەسەر ئەم مەرجە دووبارە سینۆنیم بەرەو كەناری نەبوون دەباتەوە، هەموو ئەم گفتوگۆیە درێژەی كەلەم بارەیەوە هەبووە، لەم خاڵەوە دەستی پێكردووە.
مەرجێكی دیكە ئەوەیە كە (دەبێت وشەكان لەبیئەیەكی زمانیدا سەریان هەڵدابێت) (سەرچاوەی پێشوو: 67) ئەگەر ئەم مەرجەش بكەینە پێوەر دەبێت هەموو ئەو یەكە واتاییانە وەلابنێین، كە لەڕێگەی زمانی بێگانە، بوونی دیالێكتی جیاوازەوە دەبن بەسینۆنیم. ئەمەش هێندەی دیكە سنووری سینۆنیم تەسكتر دەكاتەوە. مەرجێكی دیكەی ئەوەیە كە (نابێت ئەو وشانەی لەكۆندا بەكارهاتوون‌و ئێستا باویان نەماوە لەگەڵ وشە نوێیەكانی زمانەكەدا تێكەڵ بكرێن‌و سینۆنیمیان لێ دیاری بكرێت.) (سەرچاوەی پێشوو: 67) ئەگەر ئەمە ڕوویدات، دوو لایەنی سینكرۆنی‌و دایكرۆنی تێكەڵ دەبێت. ئەمەش لەگەڵ سروشتی سینۆنیمدا ناگونجێت. دووا مەرج ئەوەیە كە (هەردوو وشەكە لەئەنجامی گەشەو گۆڕانی دەنگی یەكتری ڕوویان نەدابێت.) (سەرچاوەی پێشوو: 68) هەروەها بەپێی تیۆری شیكردنەوەش باسی لەسینۆنیم كردووە، چەند نموونەیەكی وەك پراكتیك بەكارهێناوە.

لە دەستنیشانكردنی جۆرەكانی سینۆنیمدا، سێ جۆری دیاریكردووە، تەواو، ناتەواو، نیمچە سینۆنیم. بەڵام جیاوازیی نێوان ناتەواو و نیمچە سینۆنیمی نەكردووە، نموونەی هەریەكەیان بۆ ئەویتریان گونجاوە. جیاكردەوەشیان ئەستەمەو زۆرێك لەزمانەوانان بەیەكیان دادەنێنن.

لەدیاریكردنی فاكتەرەكانی پەیدابوونی سینۆنیمدا، چەند فاكتەرێكی هێناوەتەوە. لەوانە گۆڕانی واتا، كە هیچ نموونەیەكی نەهێناوەتەوە، كەوابێت ئەم فاكتەرە لەزمانی كوردیدا چالاك نییەو پێویستیش بە باسكردنی تیۆریانەی ناكات، بەشێوەیەك ڕای وایە كە (دەبێت لەڕووی واتاسازیی مێژووییەوە بڕوانینە پەرەسەندن‌و گۆڕانی واتای وشەكان، كە لەگەڵ قۆناغەكانی ژیانی وشەكانی زماندا سەرهەڵدەدات، بۆئەوەی بزانیت ئەو وشانە چۆن بوون بە سینۆنیمی یەكتری، دەبێت بەپێی ئەو قۆناغە بكەوینە دووای بەكارهێنانی وشەكانەوە.)(سەرچاوەی پێشوو: 74) ئەمەش دەمانباتەوە، ناو لایەنی مێژوویی، وشەی كۆن و نوێ لەبەرامبەر یەكتری دادەنرێن، كە

لەڕاستیدا ئەمە لەگەڵ سروشتی ئەم پێوەندییە واتاییەدا ناگونجێت، هەروەك توێژەریش پێشتر ئاماژەی بۆ کردبوو. فاکتەری دووەمیش، کە واتای مەجازیی وشەیە، کە لەم بارەیەوە، دەڵێت: (لەبەر تیشکی ئەو گۆڕانانەی کە بەڕێگەی مەجازی بەسەر واتای وشەکاندا دێت، دەکرێ بەشێکی زۆری وشە سینۆنیمەکان لێك بدرێتەوە.) (سەرچاوەی پێشوو: 74) ئەمەش لەگەڵ بیروڕایەکی خۆی دژ دەوەستێت کە دەڵێت: (ئەو وشانەی بەڕێگەی مەجاز دەبنە سینۆنم دەبێت لابرێن.)(سەرچاوەی پێشوو: 64)

فاکتەرێکی دیکە سیما باوەکانی وشەیە، جیاوازیی نێوان زارەکان یەکێکی دیکە لەفاکتەرەکان، کە ئەمەش لەگەڵ ڕایەکی پێشووتری دژدەوەستێتەوە، کە مەرجی سینۆنیمی بەوە داناوە، کە (نابێت سینۆنیمی لەزارە جیاوازەکان و دوورەکانی زمانی کوردی تێکەڵ بەیەکتری بکرێن.)(سەرچاوەی پێشوو: 67) کەچی نموونەکانی بۆ ئەم فاکتەرە لەزارە جیاوازەکان وەرگرتووە. سەرباری ئەوەی کە جیاوازی نێوان زارو شێوەزاریشی نەکردووە.

دووایین فاکتەر، خواستنی وشەی بێگانەیە، کە بەپێی مەرجەکانی بێت ئەو وشانەی لەزمانێکی ترەوە دێنەناوەوە، بۆ ژینگەی جیاواز دەگەڕێنەوە، بۆیە بەم پێیە ئەستەمە ببن بەسینۆنیم. هەر لەم بارەیەوە ڕای وایە کە(ژمارەی ئەو وشانەی وەرگیراون و بوون بەسینۆنیم لەگەڵ کوردییەکە زۆر نین.)(سەرچاوەی پێشوو: 84) ئەمەش بەڕای ئێمە بڕیارێکی قورسە، چونکە ئەم فاکتەرە تائێستاش لەزمانی کوردیدا زۆر کاریگەرە، هەریەك لەزمانەکانی عەرەبی و فارسی بەدرێژایی مێژوو، زمانی تورکی بۆ ماوەیەکی درێژو لەم دووایانەشدا زمانە ئەوروپییەکان وشەیان بۆ زمانی کوردی ناردووە، وشەکانیش ماوەیەك لەگەڵ وشە خۆماڵییەکە لەململانێدا بوون، لەم قۆناغەشدا بوون بەسینۆنیم.

بەگشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە بنەما زانستییەکانی تێدا ڕەچاوکراوەو پەردەی لەسەر هەندێك لایەنی نادیاری دیاردەکە هەڵداوەتەوە. سەرباری ئەوەی، کە تەنها لەچوارچێوەی وشەدا سووڕاوەتەوەو هەندێك بیروڕای دژیەکیشی تێدایە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێمان ناڵێت، سینۆنیم چییە؟ نزیکییە لەواتادا، یان یەکسانییە لەواتادا؟

(سەلام ناوخۆش بەکر) لەکتێبی (زماناسیو هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی)دا، بابەتێکی لەبارەی سینۆنیمەوە نووسیوە، بەناوی (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لەبارەی چەمکی هاوواتا لەکرمانجی سەروو و خواروودا) سەرەتا چەمکی سینۆنیمی لەژێر تیشکی بیروبۆچوونی چەند زمانەوانێکدا خستووەتەڕوو. ئەوەی لەم نێوەدا لەلێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی جیای دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئاماژە بەڕۆڵی دەورووبەر دەکات. بەشێوەیەك کە(دەوری دەق context لەو بووارەدا زیاتر دەردەکەوێ.) (سەلام ناوخۆش: 2004: 35) هەر سەبارەت بە چەمکی سینۆنیم، دەڵێت: (لەم نێوانەدا جۆرە لێڵییەك Ambiguity لە واتای هەندێك وشەی سینۆنیم دروست دەبێت.) (سەرچاوەی پێشوو: 36) بەڵام ئەگەر لەچەمکی سینۆنیمو بەکارهێنانی وردبینەوە، پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، چونکە یەکێك لەڕۆڵە گرنگەکانی سینۆنیم، نەهێشتنی لێڵییە بەهەردوو جۆری لێڵیی فەرهەنگیو لێڵیی ڕێزمانییەوە.

هەر لەم بەشەی باسەکەیدا، سینۆنیمی پۆلێن کردووە، کە بۆ دوو جۆری تەواو و سینۆنیم ئاسای دابەشیکردوون، لەجۆری دووەمیاندا بەپێی فاکتەرەکانی دروستبوونی سینۆنیم، چەند جۆرێکی دیکەی جیاکردووەتەوە، کە لەڕاستیدا هەریەك لەمانە فاکتەرن نەك چەشنو جۆری سینۆنیم. هەروەها لەپیشاندانی نموونەی هەریەکەیاندا وشەی هەردوو دیالێکتەکە لەبەرامبەر یەکتری دانراون، هەندێکیشیان بەهیچ شێوەك لەدیالێکتێکدا نابن بەسینۆنیم، چونکە بەکارناهێنرێن، بۆنموونە وشەکانی، وەکو:

**زڕبرا : براماك**

**زڕدایك : ژن باب**

**شووتی شفتی، زەبەش، شامی**

**پاك، خاوێن، پاقژ، بژوین**

**پور: پلك: میمك، مەت، خالەت (سەرچاوەی پێشوو36و37)**

هەریەك لەوشەکانی (براماك، ژن باب، زەبەش، شامی، مەت، خالەت) لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا بەکارناهێنرێن، بۆیە نابنە سینۆنیم، چونکە ناتوانن لە دەورووبەری جیاجیادا لەبری یەکتری بێن، لەیەك ژینگەی زمانیدا نین. تەنانەت لەکرمانجیی ژووروشدا (مەتو خالەت) جیاوازن

دوواتر بەپێی کێڵگەی واتایی، سینۆنیمی پۆلێن کردووە، چەند کێڵگەیەکی وەرگرتووەو لەنێوان کرمانجیی خوارووو کرمانجیی ژووروودا بەراوردی کردوون.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنج ڕادەکێشێت، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیە، کە بەراوردی چەمکی دیاردەیەکی واتایی کراوە، کە لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە، لەلایەکی دیکەوە ئەو نموونانەی هەڵیبژاردوون، خزمەتی چەمکی سینۆنیم ناکەن، چونکە دەبێت سینۆنیمەکان لەناو یەك دیالێکتدا بن و یەك ژینگەی زمانەوانییان هەبێت، مەبەستەکە ئەوەیە کە کەسێك لەیەك ژینگەی زمانیدا بە ئازادی ئەو دوو وشەیە بۆ یەك واتا بەکاربهێنێت. (حاکم مالك لعیبی:1980: 66) بۆیە بەپێی ئەم مەرجە گومان لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە دروستدەکات بۆ ئەو مەبەستەی بۆی نووسراوە، زیاتر بەرامبەرکردنی چەند کێڵگەیەکی واتاییە لە نێوان هەردوو دیالێکتەکەدا.

عەبدوڵا عەزیز بابان، لەنامەی دکتۆراکەیدا بەناوی (هایپۆنیم و هەندێك پێوەندی واتایی لەزمانی کوردیدا) لەچوارچێوەی باسکردنی پێوەندیی هایپۆنیم بە پێوەندییە واتاییەکان، باسی سینۆنیمی کردووە. وەك هەموو کارەکانی دیکە سەرەتا پێناسەی دیاردەکەی کردووە، بەکورتیش ئاماژەی بەچەند ڕێگەیەکی دروستبوونی سینۆنیم کردووە، هەروەها جۆرەکانیشی بۆ سینۆنیمی تەواو، سینۆنیم ئاسا(زڕ) دابەشکردووە.

لەڕوویەکی ترەوە باسی پێوەندیی سینۆنیم و هایپۆنیم دەکات و ڕای وایە هەموو ئەو وشانەی دەبن بەسینۆنیم لە هایپۆنیمدا دەبنە کۆهایپۆنیمی یەکتری. (عەبدوڵا عەزیز بابان: 2005: 37) بەمەش پێوەندیی نێوان ئەم دوو دیاردە واتاییە دەستنیشاندەکات. لەڕوانگەیەکی دیکەوە ئەم پێوەندییە دیاری دەکات، بەجۆرێك ئەگەر لێکسیمی (أ) بتوانێت لێکسیمی (ب) بگرێتەوە، پەیچەوانەشەوە (ب) (أ) بگرێتەوە ئەوا (أ) و (ب) دەبن بەسینۆنیم. (سەرچاوەی پێشوو: 38) بۆیە زۆرجار دەتوانین، لەهایپۆنیمەوە کەرەسە سینۆنیمەکان دیاری بکەین.

– (سازان رضا معین) لەنامەی ماستەرەکەیدا، بەناوی (واتا و دەوروبەر لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە)، لەچوارچێوەی پێوەندی جێنشینی باسی سینۆنیمی کردووە. پێناسەی دیاردەکەی لەچەند زمانەوانێك وەرگرتووە، بێ ئەوەی هیچ شیکردنەوەیەك لەسەر پێناسەکان بدات. لەجۆرەکانیشدا هەریەك لە سینۆنیمی تەواو

و ناتەواوو نزیکی واتایی لە جۆری ناتەواو و نزیکی واتاییدا چەند چەشنێکی دیکەی جیاکردووەتەوە، لەجۆری تەواودا، لەژێر تیشکی بۆچوونێکی محەمەد مەعروف فەتاحدا، باوەڕی وایە، کە (زمان بەرەو قورسی فێربوون دەبات)( سازان رضا معین: 2005: 19) بەڵام لەڕاستیدا یارمەتیی کردەی فێربوون دەدات. ئەو نموونەیەی کە بۆ جۆری ناتەواو هێناویەتیەوە (گەورە – مەزن) زیاتر فاکتەری دیالێکتەکان هێناویەتی هیچ پێوەرێکیش نییە، کە بیسەلمێنێت چەمکی گەورەیی لە (مەزن)دا زیاتربێت. بۆیە ئەم نموونەیەی باش مەبەستی نەپێکاوە. هەربەو شێوەیە ئەو نموونانەی بۆ سینۆنیمی ناوئاخنکراوو سینۆنیمی بەهۆی کات و شوێنەوە هێناونی ئامانج ناپێکن. بۆ نموونە ڕای وایە کە (فاکتەری کات بەفاکتەرێکی بەرچاو دادەنرێت بۆ ئەم مەبەستە.) (سەرچاوەی پێشوو: 20) دواتر نموونەیەکی هێناوەتەوە، کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم بیرەدا ناگونجێت، نموونەکە:

**چوو بۆ سلێمانی تا سەردانی کەسوکاری بکات.**

**چوو بۆ سلێمانی تا چاوی بەکەسوکاری بکەوێت.**

لەشیکردنەوەی چەمکی ئەم دیاردە واتاییەدا، دەبێت کات لەوەدا لەبەرچاو بگرین کە هەردوو یەکە واتاییەکە بکەونە سەردەمێکەوە. لەجۆرێکی دیکەدا باسی نزیکیی واتای کردووە، جۆرێکی دیکەی ناوناوە، کە بەهۆی ڕیزبوون و ڕێکخستنەوە دروست دەبێت، لەڕێی زانیاریی ڕستەیەکەوە بە زانیاریی دیکە دەگەین، وەکو:

**شیلان ئەمڕۆ گەیشتە سلێمانی.**

**شیلان دوێنێ لەسلێمانی نەبوو. (سەرچاوەی پێشوو21)**

ئەمانەش نابن بەسینۆنیم، چونکە ئەم دوو ڕستەیە یەك واتایان نییەو ناتوانین لەناو دەقدا لەبری یەکتری بەکاریان بهێنین، هەریەکەیان زانیارییەك دەدەن. دیارە واتای ڕستەی دووەم ڕاستەوخۆ لەگەڵ بیستنی ڕستەی یەکەم دەگاتە گوێگر. بەم پێیەش هەموو ڕستەیەك خاوەنی دەرکەوتەی واتایی دیکەیە، ئەم دیاردەیەش لەواتاسازییدا پێدەوترێت گریمانە پێشەکییەکان Presupposition.

لەجۆرێکی دیکەدا، باسی دەربڕینی وەکیەك یان ڕستەی سینۆنیم دەکات، دوو ڕست یان زیاتر لەزمانێکی دیاریکراودا یەك واتایان هەبێت. کە بەڕێگەی گواستنەوەو تێکچڕژانی فەرهەنگی دروست دەبێت. (سەرچاوەی پێشوو: 21و 22) بەگشتی بۆ ئەم

پۆلێنکردنە سوودی لە ئەحمەد موختار عومەر وەرگرتووەو هەرئەو پۆلێنەیە بەڵام بەکەرەسەی زمانی کوردی.

هەرچەندە ئەم باسە لابەلا لەسینۆنیمی دواوە، بەڵام ئەوەی کە لەکارەکانی پێش خۆی جیایدەکاتەوە ئەوەیە کە ئاماژەیەکی کورتی بەسینۆنیم لەئاستی ڕستەدا کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر کەمتر بیروڕای خۆی دەربڕیوە.

(ئارا عەلی ئەحمەد) لە نامەی ماستەرەکەیدا، بەناوی (کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو (گۆڤەرا بەهدینان))ە، باسی ئەم دیاردە واتاییەی کردووە، بۆ یەکەم جاریشە نامەیەکی زانستی، بۆ سینۆنیم تەرخان کرابێت. هەرچەندە بەشێکی ئەم نامەیەی بۆ دانراوە، بەڵام لەچوارچێوەی کارێکی زانستیدا، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەندێك لایەنی نوێی ئاشکراکردووە.

بەشی دووەمی ئەم نامەیە تایبەتە بە سینۆنیم، کە لەچوارچێوەی پێوەندیی شوێندا باسکراوە، سەرەتا چەند پێناسەیەکی لەژێر کاریگەریی چەند زمانەوانێكو تیۆرێکی واتاییدا وەرگرتووە لەم ڕووەوە هەر بۆچوونەکانی (ئەحمەد موختار)ن. لە بەندی دووەمدا جۆرەکانی سینۆنیمی باسکردووە، لەم ڕووەشەوە هیچ شتێکی زیادەی نەخستووەتە سەر کارەکانی پێش خۆی. هەر پۆلێنی ئەحمەد موختار عومەری وەرگرتووە. تەنها جیاوازییەك، کە ئەویش سروشتی کارەکە پێی بەخشیوە، ئەوەیە کەنموونەکانی لەشێوەزاری بادینان وەرگرتووە.

لەبەندێکی تردا، بەدوورو درێژی لەسەر بوونو نەبوونی سینۆنیم دواوە، کە نەدەبوو توێژەر خۆی لەم باسە بدات، چونکە ئەگەر گومانی لەبوونی هەبێت، ئەوا سەرلەبەری باسەکەی پووچەڵ دەبێتەوە. لەبەرئەوەی توێژینەوە لەسەر بابەتێکی گوماناوی ناکرێت. دوواتر ئەم بەندە هیچ خزمەتێکی باسەکەی نەکردووە، ئەنجامێکی زانستییشی بۆ زیادنەکردووە. توێژەر بەشێوەیەکی مێژوویی بیروڕای ژمارەیەکی یەکجار زۆری زانایانی عەرەبیو ئەورووپیی هێناوەتەوە، بێئەوەی ڕەچاوی تایبەتمەندیی زمانی کوردی کردبێتو زۆرجار نموونەی لەزمانی بێگانەوە هێناوە. دوواتر لەژێر تیشکی بۆچوونی ئۆلماندا دەڵێت (هەڤ واتایا تەواو نینە دزمانیدا، یانژی ئەگەر هەبیت بۆ دەمەکێ کێم دمینیت، ڤێجا چ حەفتیەك یان هەیڤەك یان سێ هەیڤا ب مینیت.) (ئارا عەلی ئەحمەد: 2007: 54) ئاشکرایە، کە ئەم دوو وشەیە لەقۆناغێکدا دەبن بەسینۆنیمو ململانێ دەکەن، بەڵام دیاریکردنی ئەم ماوەیە کارێکی زانستیو

ڕاست دەرناچێت، هەروەها ئەستەمو مەحاڵیشە. چونکە هیچ گۆڕانێکی زمانی هێندە خێرا نییە.

لەبەندێکی دیکەدا، باسی فاکتەرەکانی دروستبوونی سینۆنیمی کردووە، تێدا چەند فاکتەرێکی دیاریکردووە، نموونەی بۆ هەندێکیان هێناوەتەوە. لەوانە بوونی چەند دیالێکتێکو بەکارهێنانی شێوازی جیاو وەرگرتنی وشەی بێگانە، بەکارهێنانی سیفەت وەکو ناو، کە ڕای وایە (ئێك ژ ژێدەرێن دی ئەوە کو دەمێ ناڤەکی چەند سیفەتەك هەبن، ب تێپەڕبوونا دەمی ئەڤ سیفەتە وەکو ناڤی دهێتە ب کارهێنان) (سەرچاوەی پێشوو: 57) بەڵام ئەم ڕێگەیە لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا لەزمانی کوردیدا باسدەکرێت، ئەگینا زۆر چالاك نییە، هەر لەبارەی ڕێگاکانی دروستبوونی ڕای وایە کە (ل دەمێ دەنگەك یان چەند دەنگەك ژ پەیڤەکێ دهێنە گوهورین وێنەکی دی ژێ دروست دەبیت.) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) بەم پێیە ئەم دوو فۆڕمە دەبن بەسینۆنیم، بەڵام لەڕاستیدا گۆڕانی دەنگی، سینۆنیمی لەئاستی فۆنیمدا دروست دەکات.

لەبەشی سێیەمدا، لە کۆتی واتای شێوازی بۆ سینۆنیمی تەواو دوواوە، کە پێی وایە (هەر پەیڤەکا فەرهەنگی واتایا بنەڕەتیا جێگرا خۆ یا هەیە، بەلێ دەمێ دچیتە دناڤ شێوازیدا واتایا بارکراو وەکو سیمایەکا سەربار وەردگریت، ئەڤە دەبیتە ئەنجامێ دروستبوونا هەڤ واتایی دناڤ پەیڤاندا ژ لایێ شێوازو دەربڕینا زمانی ڤە.) (سەرچاوەی پێشوو: 79) بۆیە کۆتی واتای شێوازییش ناتوانن ڕێگە لەبوونی سینۆنیمی تەواو بگرن.

ئەوەی بەگشتی لەم باسەدا جێگەی هەڵوەستەیە، ئەوەیە کە تەنها باسی وشەی کردووە، کەچی کۆتەکان لەکاتی بەکارهێنانو لەدەورووبەردا زیاتر دەردەکەون.

محەمەدی مەحوی، لەهەردوو بەرگی کتێبی (زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە) باسی ئەم دیاردە واتاییەی کردووە، بەم شێوەیە چەمکەکەی دەخاتەڕوو، (ئەو وشانەن کە واتاکانیان لێك نزیکن‌و لەنووسین‌و دەربڕیندا جیاوازن) (محەمەدی مەحوی: 2009:ب1: 110) هەروەها لەبارەی پێوەندی نێوان وشە سینۆنیمەکانەوە ڕوونی دەکاتەوە کە وشەکان لەناو کێڵگەی واتایی گەورەدا بواری واتایی بچووك دروستدەکەن، ئەندامانی بوارە بچووکەکە دەتوانن لەبری یەکتری بێن.

هەروەها سینۆنیم بۆ نەهێشتنی تەمومژ، سوودی لێدەبینرێت. (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە).

لەبەرگی دووەمی ئەو کتێبەدا، دووبارە باسی سینۆنیمی کردووە، بەڵام لێرەدا پێناسەیەکی دیکەی بۆکردووە، کە دوو وشە هەمان کۆمەڵە نیشانەی سێمانتیکییان هەبێت، دەبن بەسینۆنیم. (سەرچاوەی پێشوو: ب 2: 55) کە ئەمەش دوو تێڕوانینی جیاوازن بۆ دیاردە. یەك مەبەست ناگەیێنن. هەروەها باسی کرۆکە واتاو توێکڵە واتا لەسینۆنیمدا دەکات. فاکتەرەکانی دروستبوونی سنۆنیم لەچەند خاڵێکدا دەخاتەڕوو. لەوانە بوونی زارو شێوەزارو کاریگەریی زمانە بێگانەکان‌و بوونی وشەی تابوو، کە پێشتریش ئاماژەیان بۆکراوە. ئاماژەی بە سینۆنیمی لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا کردووە. (سەرچاوەی پێشوو: 65-69) کە ڕەنگە بە هیچ پێوەرێك وشەی زمانە جیاوازەکاندا نەبن بەسینۆنیم، چونکە مەرجی سەرەکی ژینگەیەکی زمانی یەکگرتووە.

ئەوەی ئەم باسە لەباسەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئاماژەی بەیەکەی گەورەتر لەوشە کردووە. لەوانە دەقی سینۆنیم، پارافریز، کە( هەڵهێنجان‌و دەرهێنانی وردە واتاکان لەدەقدا ئەگەری بەئاوەڵفرێزکردن‌و ڕوونکردنەوەی واتاکانمان بۆ مسۆگەر دەکەن، کە دەتوانێت وەك ئاوەڵفرێزی سینۆنیم بێت.) (سەرچاوەی پێشوو: 60) ئەمەش ئاڕاستەیەکە بۆ کارکردن لەسەرووی وشەوە، بەڵام لەخوار وشە باسنەکراوە.

بەشێوەکی گشتی سەرچاوە کوردییەکان لەباسکردنی ئەم دیاردە واتاییەدا لەناوەڕاستی یەکە واتاییەکانەوە دەستپێدەکەن، بەزۆری لەچوارچێوەی وشە دەرناچن‌و ئەو یەکە واتاییانەی بچووکترو گەورەترن لەوشە باس ناکرێن. هەروەها تێڕاونینێکی نێگەتیڤانەیان بۆ سینۆنیم هەیە، بەزۆرییش بە نووسەرانی بێگانە کاریگەرن‌و تایبەتمەندیی زمانی کوردی، کەم لەبەرچاوگیراوە.

## 1-2: سینۆنیم لەچوارچێوەی فۆنیمدا:

وەك لەدەستنیشانکردنی یەکە واتاییەکاندا بۆمان دەرکەوت، زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فۆنیم بچووکترین یەکەی زمانە، کە دەتوانێت واتا بگۆڕێت. بەواتایەکی دیکە (ئەو دەنگانەن کە لەزماندا وشە پێکدەهێنن و بەگۆڕان و لاچوونیان واتا دەگۆڕێت.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2004: 284) هەر لەسەر بنەمای ئەم گۆڕینی واتایەش فۆنیمەکانی هەر زمانێك دیاریدەکرێن، بەبەرامبەر کردنیان لەگەڵ یەکتریدا، کە پێیدەوترێت جووتۆکە (minimal pair) واتە لەوشەیەکدا کە هەموو فۆنیمەکانیان وەکویەك بێت، تەنها یەك فۆنیم نەبێ. (وریا عومەر ئەمین: 2004: 10) بەم پێیەش ئەم فۆنیمە دەبێتەهۆی گۆڕینی سەرلەبەری واتای وشەکە. وەکو:

چاو　خاو

خەم　تەم

بەگۆڕینی فۆنیمی /چ/ بە /خ/ یان /خ/ بە /ت/ واتای هەریەك لەم وشانە گۆڕانیان بەسەردا دێت. بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو فۆنیمێك هەڵگری واتایە، بەڵام واتاکەی دەرناکەوێت تاوەکو نەچێتە ناوپێکهاتەی وشەو مۆرفیمەوە.

لەناو هەموو زمانێکدا ژمارەیەك فۆنیم هەن، کە سەرلەبەری سیستەمی زمانەکە پێکدەهێنن، جیاوازییەکە تەنها لەژمارەی فۆنیمەکاندا لەنێوان زمانەکاندا دەبینرێت. چەند پۆلێنێکی جیاجیاشیان بۆکراوە، بەشێوەیەکی گشتییش دابەش دەکرێن، بۆ کۆنسۆنانت و ڤاوڵ.[1]

بەپێی ئەو دابەشکردنەی کە نیدا بۆ یەکە واتاییەکانی کردووە، فۆنیمیش دەچێتە ڕیزی مۆرفیم و وشەو ڕستەو دەبێتە بچووکترین یەکە. (احمد مختار عمر: 1982: 32) بۆیە وەك هەریەك لەدانە واتاییەکانی دیکە، دەشێت لەلایەنی واتاوە هەڵوەستەی لەسەربکرێت. بەتایبەتی لەدیاریکردنی هەندێك پێوەندیی واتاییدا. بەپێی بیروباوەڕی ستیپانەۋ هەر فۆنیمێك بتوانێت واتای وشەیەك بگۆڕێت و جیاوازیی واتایی دروست بکات، لەڕووی واتاییەوە دەبێتە دژیەك، هەروەها فۆنیەکەیە کە واتای وشەکە دەگۆڕێت. وەکو:

داخ　باخ　شاخ

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (غازی فاتیح وەیس: 1985 )

بەم پێیە هەرسێ فۆنیمی/ د، ب، ش/ لەڕووی واتاییەوە دژیەك دەوەستن، بەوەی کە دەتوانن واتای وشەکان بگۆڕن. هەروەها باوەڕی وایە، کە هەرکاتێك دوو فۆنیم بتوانن لەشوێنی یەکتری بەبێ گۆڕانی واتای وشەکە بەکاربهێنرێن، ئەوا ئەم دوو فۆنیمە دەبنە سینۆنیمی یەکتری. بەوەی کە هەندێك لەپێوەرەکانی بەسینۆنیمبوونیان تێدایە. (یو. س. ستیپانەۋ: 1975: 82) بەڵام دەبێت ئەو ڕوانگەیە دیاریبکەین، کە فۆنیم دەخاتە ڕیزی دانە واتاییەکانی دیکەوە، لەڕووی بوونی بەسینۆنیم، بۆیە (ئەگەر وەك دانەیەکی فیزیکی تەماشای بکەین، ناتوانیین بڵێین دەبنە سینۆنیم، بەڵام ئەگەر وا لەفۆنیم بگەین، کە دانەیەکی واتابەخشە، دەکرێت بڵێین دەبن بەسینۆنیم، وەك جیاکەرەوەیەکی واتایی.) (سەرچاوەی پێشوو: 81) ئەگەر بەم پێوەرەش لەزمانی کوردی بڕوانین، هەندێك لەفۆنیمەکانی لەچەند وشەیەکدا دەتوانن لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن. بۆیە تەنها لەو دەوروبەرەدا و لەم وشانەدا دەبنە سینۆنیم، دەشێت هەر ئەو دوو فۆنیمە لەوشەی دیکەدا، دژیەك بوەستنەوە. وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| بەژدار | بەشدار | /ژ/ ≈ /ش/ |
| جەم | ژەم | /ج/ ≈ /ژ/ |
| خەم | غەم | /خ/ ≈ /غ/ |
| باخچە | باغچە | /خ/ ≈ /غ/ |
| قەنداخ | قەنداغ | /خ/ ≈ /غ/ |
| بەرامبەر | بەرانبەر | /م/ ≈ /ن/ |
| ئاراز | ئاراس | /ز/ ≈ /س/ |
| فانیلە | فامیلە | /ن/ ≈ /م/ |
| پشمین | پژمین | /ش/ ≈ /ژ/ |
| کۆکە | کۆخە | /ك/ ≈ /خ/ |
| خۆخ | کۆخ | /خ/ ≈ /ك/ |
| بانك | بانق | /ك/ ≈ /ق/ |
| کونجی | قونجی | /ك/ ≈ /ق/ |
| قەنداغ | قەنداو | /غ/ ≈ /و/ |
| خۆخ | قۆخ | /خ/ ≈ /ق/ |
| تەنها | تەنیا | /ه/ ≈ /ی/ |
| دکتۆر | دختۆر | /ك/ ≈ /خ/ |

| | | |
|---|---|---|
| ئەسپ | هەسپ | /ئ/ ≈ /ه/ |
| خووردە | هووردە | /خ/ ≈ /ه/ |
| بچووك | پچووك | /ب/ ≈ /پ/ |
| دەم | دەو | /م/ ≈ /و/ |
| حەوت | حەفت | /و/ ≈ /ف/ |
| پەند | پەنگ | /د/ ≈ /گ/ |
| دەربەند | دەربەنگ | /د/ ≈ /گ/ |
| مەند | مەنگ | /د/ ≈ /گ/ |
| توند | تونگ | /د/ ≈ /گ/ |
| خەلق | خەلك | /ق/ ≈ /ك/ |
| یازدە | یانزە | /د/ ≈ /ن/ |
| پازدە | پانزە | /د/ ≈ /ن/ |
| شازدە | شانزە | /د/ ≈ /ن/ |
| سۆشیالیست | شۆشیالیست | /س/ ≉ /ش/ |

ئەم جووتە وشانەی سەرەوە یەکێکیان ڕەسەن‌و ئەویتریان گۆڕاوە، یان یەکێکیان خۆماڵییەو ئەویتریان لەبنچینەدا بێگانەیە. هەروەها هەریەکێك لەو جووتە فۆنیمانەی لەو وشانەدان، دەتوانن لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، ئەگەر لەهەریەکەیان وردببینەوە، دەبینین لەو فۆنیمانەن، کە سازگەیان لەیەکەوە نزیکن‌و زۆربەی سیماکانیشیان وەکو یەکن. بۆ نموونە:



هەروەها بەزۆریش ئەو فۆنیمانەن، کە کۆنسۆنانتن. هەرچی ڤاوڵەکانن، کەمتر ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە، چونکە ژمارەیان کەمەو کورتو دێژیان هەیەو زۆرتر بەهۆی دەنگەکانی دراوسێیانەوە خۆ وەبەرگۆڕان دەدەن. بەم پێیە (چۆن سینۆنیم لەلێکسیکدا جیادەکرێتەوە لەفۆنیمیشدا هەربەو شێوەیە جیادەکرێتەوە، هەرکاتێك دوو فۆنیم نیشانە دەنگییەکانیان وەکیەکبێتو لێکنزیك بنەوە دەبنە سینۆنیم.) (سەرچاوەی پێشوو: 81)

هەندێك دیاردەی دیکەی لەم جۆرە، لەزمانی کوردیدا هەن، بەتایبەتی لەنێوان ئەو فۆنیمانەی کە بەڕەسەن کوردی نین، وەکو هەردوو فۆنیمی /ع/ و /ح/ کە لەزۆر شوێنی کوردستاندا تێکەڵ دەکرێنو لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن. وەکو:

حەمەد عەمەد / ح/≈ / ع/

حاجی عاجی / ح/≈ / ع/

عوود حوود / ح/≈ / ع/

حاسمان عاسمان / ح/≈ / ع/

عەلی حەلی / ح/≈ / ع/

هەروەها جۆرێکی دیکەی سینۆنیممان هەیە، کە بەهۆی جێگۆڕکیی دەنگەکانەوە، دروستدەبێت، بەجۆرێك، کە چۆن جێگۆڕکێی کەرەسەکانی ڕستە بەبێ گۆڕانی واتا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی سینۆنیم، هەربەوشێوەیە جێگۆڕکێی دەنگەکان لەچوارچێوەی وشەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەی سینۆنیم، لەڕوانگەی دەنگسازیشەوە بەوە پێناسەدەکرێت، کە ((بەهەموو حاڵەتێك دەگوترێت، کە دەنگێك یان زیاتر لەشوێنی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی دیکە لەوشەدا)) (نەسرین فەخری:1985: 263)ئەم جێگۆڕکێیەش دوو فۆڕمی جیاوازمان بەیەك واتا دەداتێ. وەکو:

تەرزە ≈ تەزرە

بەفر ≈ بەرف

قۆپچە ≈ قۆچپە

تکری ≈ کتری

پیت ≈ تیپ

قازانج ≈ قانزاج

زیخ ≈ خیز

ئاسانی ≈ سانایی

فڕین ≈ ڕفین

جەعفەر ≈ جەفعەر

جومعە ≈ جوعمە

فیلم ≈ فلیم

جەرگ ≈ جگەر

تەسحێب ≈ تەسبێح

بێزەلەت ≈ بێلەزەت

ڕوانیین ≈ نواڕیین

لەکن ≈ لەنك

سەرین ≈ سەنیر

فانیلە ≈ فالینە

ڕاوەناستێ ≈ ڕاناوەستێ

زەڕاتاڵ ≈ ڕەزاتاڵ

ئەم جێگۆڕکێیەش پەیوەستە بەکۆمەلێك هۆکارەوە، لەوانە بەکارهێنانی لەشێوەزارەکاندا، ڕادەی خوێندەواریو نەخوێندەوەاری....هتد.

## 2-2: مۆرفیمو جۆرەکانی:

جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمانو دیاریکردنی یەکەکانی هەر ئاستێك، بەلایەنی بونیادی زمانەوە پەیوەستە، لەهەر ئاساتێکدا چەند یەکەیەکی پێوانەیی زمانی هەن، کە لەنێو خۆیاندا هەندێك پێوەندی پێکەوەی بەستوون. یەکێك لەو پێوەندییانە لایەنی واتایی زمان دروستیدەکات، کە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگو سەرەکیی لەدیاریکردنی واتای کەرەسەکاندا دەبینێت.

باسکردنی پێوەندییە واتاییەکان، لەئاستی یەکە مۆڕفۆلۆژییەکاندا زۆر ئالۆزەو لەمێژووی زمانناسیدا تێڕوانینو بیروبۆچوونی جیاجیای لەبارەوە هەن، باسکراوە. بەتایبەتی لەئاستی وشەدا ئالۆزتر دێتە بەرچاو، هەرچی مۆرفیمە بەندەکانیشن، کەمتر لەڕوانگەی واتاییو پێوەندییە واتاییەکان لێیان دەڕوانرێت. زیاتر باسی ئەرکیان دەکرێت، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە لەداڕشتی وشەی فەرهەنگیدا دەیبینن.

مەبەست لەیەکە مۆرفۆلۆژییەکان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، مۆرفیمی بەندو مۆرفیمی سەربەخۆیە، بەهەموو جۆرو لقەکانیانەوە، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا پیشاندراون. کە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لەسەر هەریەکەیان بەجۆرو لقەکانیانەوە هەڵوەستەیەك بکەین و پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوان هەریەکەیاندا دەستنیشان بکەین و بەنموونەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، کە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمانە، ئەم لایەنە ڕوون بکەینەوە. مۆرفیم بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کە لەڕووی پێکهاتن و شوێن و ئەو ئەرکانەی دەیبینن، دەکرێن بەچەند جۆرێکەوە، زمانەوانان پۆلێنی جیاجیایان بۆکردووە. تاڕادەیەك پۆلێنەکان زۆر لێك نزیکن و خاڵی هاوبەشیان زۆرە.

ئێمە لەم لکۆڵینەوەیەدا پشت بەپۆلینەکەی فرۆمکین دەبەستین. هەرچەندە ئەم پۆلینەی (فرۆمکین) بۆ زمانی ئینگلیزی کراوە، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ زمانی کوردییش دەگونجێت و لەبارە، بۆیە ئێمەش پشتمان پێبەستووە، کە واتاو ئەرکی مۆرفێمەکان بۆ لێك جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنیان کراوەتە پێوەر. بەم شێوەیەی خوارەوە:




(Fromkin, Rodman:2003:104)

ناساندن‌و دیاریکردنی هەریەك لەڕەگەزەکانی ئەم دایەگرامە (مۆرفیمەکان) کارەکەمان ئاسانتر دەکات‌و سنووری هەریەك لەمۆرفیمەکان ڕوون دەبێتەوە.

**مۆرفیم morpheme:** لەئاستی مۆڕفۆلۆژیدا، یەکەیەکی گشتییە کە بەبچووکترین یەکەی واتایی دەوترێت کە خۆی لەبچووککردنەوە نەیەت. (محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح ڕشید: 2006: 7) هەرچەندە بیردۆزەی مۆرفێم کۆمەڵێك کەموکووڕیی تێدا دۆزرایەوە، ڕەخنەی زۆری لێگیرا، بەڵام ئێمە ناچینە ناو ئەم باسەوە، بۆیە ئەمە بەپێناسەیەی مۆرفیم دادەنێین، کە بەهەرشێوەیەك بێت بە (بچووکترین یەکەی واتاداری زمانەوانی دادەنرێت.) (Bloomfild:1954:161).

**مۆرفیمی سەربەخۆ Free morpheme:** بەو مۆرفیمە دەوترێت، کە ((بەتەنیا وەك دانەیەکی سەربەخۆ دەرئەکەویۆ وشەیەکی سەربەخۆ پێك ئەهێنێ.)) (وریا عومەر ئەمین: 2004: 118) ئەم جۆرەش بەسەر دوو جۆری دیکەدا دابەشدەبێت، کە واتاو ئەرکیان جیایان دەکاتەوە، بەڵام لەهەردوو جۆرەکەدا سیمای سەرەکی، ئەوەیە کە (بەتەنها دەتوانێت یەك وشە دروست بکات.) (ویلیام اوگردی‌و دیگران: 1386: 196)

**مۆرفیمی سەربەخۆی ڕێزمانی(ئەرکی):** بەو وشانە دەوترێت، کە (ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەدیاردەی واقیعییەوە نییەو سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانە.) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2004: 72) ئەم جۆرە وشانە زیاتر ئەرکی ڕێزمانی دەبینن‌و بەتەنها هیچ واتایەکی ئەوتۆیان نییە، تاوەکو نەچنە پاڵ وشەی دیکە، پێشیان دەوترێت پۆلی داخراو، (کە کۆمەڵێك وشەن، لە گرووپی وشە ڕێزمانییەکانن، زۆربەکەمی وشەی دیکەیان بۆ زیاد دەکرێت.) ( Fromkin, Rodman:2003:577) وەکو: ئامرازەکان، جێناوەکان. ........هتد.

**مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی(لێکسیکی):** بەو وشانە دەوترێت، کە دەتوانن بەشێوەی سەربەخۆو ڕاستەوخۆ واتا ببەخشن. (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) ئەم جۆرە وشانە زۆرجار وشەی تەواویان پێیدەوترێت‌و ژمارەیەکی زۆری

وشەکانی زمان پێکدەهێنن. بەزۆریش کە باسی پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی وشەدا دەکرێت، ئەم جۆرەیان دەکرێن بەنموونەو بەڵگە.

**مۆرفیمی بەند Bound morpheme:** ئەم جۆرەیان (مۆرفمێکە کە هەرگیز بەتەنها بەکارناهێنرێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ مۆرفیمی تردا بێت.)(ابراهیم چگنی: 1384: 61) بەپێی واتاو ئەرکیان ئەم مۆرفیمانە دەبن بەدووجۆرەوە، کە هەندێکیان ئەرکی ڕێزمانی دەگەیێنن و هەندێکی دیکەیان بەپێی ئەو واتایەی هەڵیان گرتووە، وشەی نوێ سازدەکەن. لەهەردوو جۆرەکەیاندا خاڵی هاوبەش ئەوەیە، کە لەبەکارهێناندا سەربەخۆنین و پێویستیان بەیارمەتیی وشەی دیکەیەو (پێویستە بەتوخمێکی دیکەوە بنووسێن.) (ویلیام اگردیو دیگران: 1386: 156) کە دەشێت ئەم توخمە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان مۆرفیمێکی بەندی ڕیشەیی بێت.

**مۆرفیمی ڕەگ Root morpheme:** مۆرفیمێکی سەرەکییە، کە بەبناغەی بنەڕەتی وشە ناسادەکان دادەنرێت و (بچووکترین بنکەی وشەیە، کە مانای سەرەکیی وشە هەڵدەگرێت.) (ئەورحمانی حاجی مارف:1987: 30) و ڕەگی وشەیە بۆ داڕشتنی وشە فرە مۆرفیمەکان. بەوەش دەناسرێتەوە، کە (ئەو بەشەی وشەیە، کە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان ئەمێنێتەوە.)(وریا عومەر ئەمین: 2004: 118).

**مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی (وشەگۆڕ):** بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە (ئەچنە سەر وشە بۆ دەربڕینی پێوەندی نێوان وشەکان لەچوارچیوەی ڕستەدا.) (سەرچاوەی پێشوو: 120) ئەم مۆرفیمە بەشێوەی پاشگرو پێشگر دەردەکەوێت. هەرچەندە پێوەندی ڕێزمانی لەڕێگەی ئەم جۆرەیانەوە پیشاندەدرێت، پێوەندیی واتاییش لەنێو ئەم پۆلە مۆرفیمەدا دەبینرێت. بەم پێیە ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە(ئاماژەکردن بۆ پێوەندییە ڕێزمانییەکان)(Crystal: 1992: 176) لەوانە پیشاندانی کۆ ( |– ان|، |– ها|، |– ات|) و ناسیاری (|– ەکە|، |– کە|) و نەناسیاری (|– يێك|، |– یێ|). بەواتایەکی دیکە ئەم مۆرفیمانە (هاوبەشی ڕۆنانی دروستەیی فرێزو ڕستە دەکەن.) (سازان زاهیر سعید: 2009: 18)

لەبەرئەوە ڕۆڵ و گرنگیی ئەو مۆرفیمانە، لەناو دروستە ڕێزمانییەکاندا دەردەکەوێت و کەمتر دەچنە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەم ئەرکەیان لەڕیگەی وشەکانەوە دەردەکەوێت، چونکە ((دەچنە سەر وشەو حاڵاتی

جیاوازی ڕێزمانی پێك دێنن.)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1987: 33) سنووری بەکارهێنانی ئەم جۆرە مۆرفیمە زۆر بەرفراوانەو زۆرێك لەزمانەوانان لەڕستەدا بە بەخورتیobligatory دادەنێن، چونکە لەزمانی کوردیدا، هیچ ڕستەیەك نییە مۆرفیمی ڕێزمانی تێدانەبێت، ئەگەر بوونی فیزیکیشی نەبێت، ئەوا بەشێوەی مۆرفیمی سفر دەردەکەوێت. (شێرکۆ حەمەئەمین قادر: 2002: 34) هەر ئەم فراوانیی بەکارهێنانەشی وایکردووە، کە زۆرجار شێوەی جیاجیای هەبێت، هەندێك لەو شێوانەش دەبنە سینۆنیمی یەکتری. هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمی بەندی لێکسیکی(وشەداڕێژ) (ئەم جۆرەیان لەزماندا داخراو و دیاریکراون وەکو نیشانەکانی کۆ.)(دکتر مهری باقری: 1374: 244) هەر لەبەرئەمەشە سنووری دەستنیشانکردنی پێوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی ئەم جۆرەیاندا داخراوترو سنووردارترە.

**مۆرفیمی بەندی لێکسیکی (وشەداڕێژ):** پۆلێکی فراوانن، کە بەشداری لەداڕشتن و دروستکردنی واتای نوێدا دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی (ئەو پێشگرو پاشگرانەن دەوری وشەڕۆنان دەبینن.)(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1987: 32)، ئەم جۆرە مۆرفیمە لەچوارچێوەی فەرهەنگدا کاردەکات و هەر لەفەرهەنگیشدا هەڵدەگیرێت و دەبێت بەبەشێك لەوشەکەو (دەچێتە سەر مۆرفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ یان گۆڕینی بەشە ئاخاوتنی وشەیەك.) (کەوسەر عەزیز ئەحمد: 1990: 28) لەبەرئەوەشە ئەم جۆرەیان لەسازکردنی وشە بەواتای نوێ بەرامبەر بەچەمك و دیاردەی نوێ ڕۆڵ دەبینێت. بۆیە لەگەڵ پەیدابوونی دیاردەو شتی نوێدا ڕۆڵیان زیاتر دەبێت، چونکە توانای دروستکردنی وشەی نوێیان هەیە. پۆلی ئەم جۆرە مۆرفیمانە کراوەترن و ژمارەیان زیاترە، لەدروستکردنی هەریەك لەو چەمکانە، ژمارەیەکی زۆر بەشداری دەکەن. بۆنموونە لەدروستکردنی چەمکی بچووککردنەوەدا، زیاتر لەشازدە مۆرفیم بەشداری دەکەن [1] زۆری ئەم ژمارەیەش وایکردووە، کە هەندێکجار بتوانین لەشوێنی یەکتری دایانبنێین، بێئەوەی واتای سەرەکی بگۆڕێت، بەم پێوەرەش دەبن بەسینۆنیم و سەرباری ئەوەی کە لەچەمکدا هاوبەشن، هەر پۆلەی چەمکێکی تایبەتی هەیە و هەموو ئەو مۆرفیمانەی کە هاوبەشن لەچەمکدا، بەجۆرێکی سینۆنیمی، بەناوی (سیگنی فاکت)ەوە ناسراون.

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم مۆرفیمانەوە، بڕوانە: (سازان زاهیر سعید: 2009)

## 3-2: سینۆنیم لەئاستی وشە (مۆرفیمی سەربەخۆ)دا:

کاتێك باس لەپێوەندییە واتاییەکان دەکرێت، بەزۆری دانەی واتایی وشە دەبێتە یەکەی سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوەی هەر دیاردەو پێوەندییەکی واتایی. سینۆنیمیش وەك پێوەندییەکی واتایی شوێنی، هەر لەکۆنەوە لەچوارچێوەی وشەدا قسەی لەبارەوەکراوەو بیروڕای جۆراوجۆرو دژیەکیش لەوناوەوە سەریانهەڵداوە. ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەچەمکی سینۆنیم لەلایەك و تێگەیشتن لەچەمکی وشە لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە، کە ستیپانەڤ باوەڕی وابێت کە(ئاڵۆزترین گرووپی وشە، سینۆنیمە،) (یو. س. ستیپانەڤ : 1975: 34) بۆیە زۆرجار دیاریکردنی ئەم پێوەندییە لەئاستی وشەدا زۆر ناسراوەو هاوکات زۆر ئاڵۆزیشە. سەربەخۆیی ئەم دانە زمانییە وایکردووە، کە زۆرجار ببێتە چەقی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان هەروەها ببێتە کەرەستەی سەرەکیی فەرهەنگنووسەکان. لەبەر گرینگی و بەرفراوانی سینۆنیم لەئاستی وشەدا، لەزۆربەی زمانەکاندا فەرهەنگی تایبەت بۆ ئەم وشانە دانراوە، کە ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا هەیە.[1] سەرباری ئەوەی کە هەموو فەرهەنگە یەك زمانییەکان لەسەر بنەمای ئەم پێوەندییە واتاییە دادەنرێن. پێوەندیی نێوان وشە سینۆنیمەکان بەجۆرێکە، کە (وشەیەك دەردەبڕین، وشەکەی تر لەڕووی واتاوە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.) (رشید عبدلرحمن العبیدی: 2002: 193) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەردوو وشەکە لەفەرهەنگی مێشکدا پێکەوە هەڵگیراون. وەك زانیمان پێوەری سینۆنیم، لێك نزیکی و هاوشێوەبوونی واتاییە، لەنێوان یەکە زمانییەکاندا، بۆ وشەش هەربەوشێوەیە دەبێت. سەرباری ئەوەش دەبێت توانایان هەبێت لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، بەڵام (بۆ بەکارهێنانی وشە سینۆنیمەکان لەشوێنی یەکتری داب و نەریت و بەکارهێنانی قسەکەرانی زمانیش، کاریگەرییان هەیە.) (محمود فضیلت: 1385: 57) وەکو بەکارهێنانی وشەکانی (گەورە، زل، مەزن) لەگەڵ ناوی مرۆڤدا، بەنموونە (ئەو گەورەیە) لێڵی دروستدەکات، بەوەی کە قەبارەی گەورەیە، یان براگەورەیە، کە دەشێت ئەمانە ببنە کەرەستەی پڕاگماتیکی.

---

[1]- بۆ نموونە، لەزمانی کوردیدا، بڕوانە: (تاهیر سادق: فەرهەنگی هاوواتەکانی کوردی، سلێمانی، 1998)، لەزمای ڕووسیدا: (کلیویێڤا. ڤ. ن: کورتە فەرهەنگی سینۆنیم لەزمانی ڕووسیدا، مۆسکۆ، 1961)، هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا: ( Martin H. Manser: Dictionary of synonyms and Antonyms, Cambridge, 2005)

وەك لەپۆلێنكردنی مۆرفیمدا بۆماندەركەوت، وشەكانیش لەنێو خۆیاندا دەبن بەدوو بەشی سەرەكیەوە، لەهەردوو بەشەكەشدا ئەم دیاردەیە زۆر بەبەرفراوانی دەبینرێتو، بۆیە بەجیا هەریەكەیان دەخەینەڕوو.

### 2–3–1: سینۆنیم لەوشەی ئەركی(ڕێزمانی)دا:

ئەم وشانە پێشیان دەگوترێت وشە ناتەواوەكان، یان پۆلی داخراو، چونكە لەدەرەوەی ڕستە واتایەكی تەواویان نییەو ئەركیان یارمەتیدانو پیشاندانی پێوەندییە ڕێزمانییەكانە، واتایان لەچوارچێوەی ڕستەدا دەردەكەوێت. هەروەها ناتوانن وەك ئەندامێكی ڕستە خۆیان بنوێنن، بۆیەش پێیان دەوترێت وشەی یاریدەدەر یان وشەی بەستراو.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1979: 11) لەزۆربەی دەورووبەرەكاندا بەشێكی ئەم وشانە دەتوانن شوێنی یەكتری بگرنەوەو هەرئەو واتاو مەبەستە بەدەستەوە بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت واتاو ئەركی هەریەكەیان لەبەرچاوبگرین، كە لەنێوخۆیاندا دەبن بەچەند گرووپو جۆرێكەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە هەر دوو وشەیەك یان زیاتر كە ئەم تایبەتمەندییەیان هەبێت، دەتوانین بەسینۆنیمی یەكتری هەژماریان بكەین. بۆنموونە لەنێوان ئامرازەكانی لێكچوواندندا بەشێكی زۆریان دەتوانن شوێنی یەكتری بگرنەوە. وەكو:

**وەكو ≈ چەشنی ≈ هەروەكو ≈ ئاسا ≈ وێنەی ≈ عەینی ≈ ........هتد**

هەریەك لەم ئامرازانە [1] لەشوێنی یەكتری دێن، بێئەوەی هیچ گۆڕانێك بەسەر واتای ڕستەكاندا بێت. ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی كەواتاكانیان وەكیەكن:

**وەكو بولبول دەخوێنێت.**

**چەشنی بولبول دەخوێنێت.**

**هەروەكو بولبول دەخوێنێت.**

**بولبول ئاسا دەخوێنێت.**

**وێنەی بولبوڵ دەخوێنێت.**

**عەینی بولبول دەخوێنێت.**

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ئامرازانەوە، بڕوانە: (عەزیز گەردی: 1972)، (سەردار ئەحمەد گەردی: 1997)

هەروەها هەریەك لەئامرازەكانی پیشاندانی هۆكاری ڕوودان، وەكو:

**چونكە ≈ لەبەرئەوەی ≈ ........هتد**

دەتوانرێت لەزۆربەی دەورووبەرەكاندا لەشوێنی یەكتری هەربەو ئەرك‌و واتایە بەكاربهێنرێن، كە بریتییە لەپیشاندانی هۆو مەبەستی شتێك. وەك لەم ڕستانەدا دەردەكەوێت:

**گوڵەكان سیسبوون، چونكە ئاونەدراون.**

**گوڵەكان سیسبوون، لەبەرئەوەی ئاونەدراون.**

جێناوەكان، كە دەچنە خانەی ئەم پۆلە وشەیەوە بەبەشێكی سەرەكی دادەنرێن، (لەبەكارهێنانیشدا جێناوەكان بەگشتی‌و كەسییەكان بەتایبەتی ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینن، چونكە بەها واتاییە جیاجیاكانیان لەبەكارهێناندا دەردەكەوێت.) (هۆگر مەحموود فەرەج: 2000: 58) زۆرجاریش لەبەكارهێنانیاندا هەندێكیان دەتوانن لەزۆربەی دەوروبەرەكاندا شوێنی یەكتری بگرنەوە، بەم پێیەش دەبن بەسینۆنیمی یەكتری. وەكو:

**هین ≈ فلان ≈ فیسار........هتد**

هەریەك لەم جێناوانە، كە بەجێناوی نادیار ناسراون، ئاماژە بەناوێك دەكەن‌و لەبری یەكتریش دێن، وەكو:

**لەگەڵ هین هاتم.**

**لەگەڵ فلان هاتم.**

**لەگەڵ كابرا هاتم.**

ئەم تایبەتمەندییە لەبەشێكی دیكەی ئەم جۆرە وشانەدا هەیە، لەوانە (وشەكانی ڕادە وەك یەكەیەكی فەرهەنگی خاوەنی ئەم خاسیەتەی زمانن. قسەكەری زمان دەتوانێت لەشوێنی یەكتر ئاڵوگۆڕییان پێبكات، بێئەوەی گۆڕانی واتایی لای گوێگر ڕووبدات.) (چیا علی مستەفا: 2008: 82)و ئەم گرووپە بەپێی واتاو ئەركیان لەنێو خۆیاندا دەبن بەسینۆنیمی یەكتری. وەكو:

**هەندێك ≈ كەمێك ≈ تۆزێك ≈ بڕێك ≈ نەختێك ≈ قیچێك ≈ پیچێك.......هتد.**

هەریەك لەم وشانە ڕادە پیشاندەدەن و لەزۆربەی دەوروبەرەکاندا دەتوانن لەشوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن، بەبێ‌ئەوەی هیچ گۆڕانێك بەسەر واتای ڕستەکاندا بێت. وەکو:

**هەندێك ئاوم بۆبهێنە.**
**تۆزێك ئاوم بۆبهێنە.**
**چۆڕێك ئاوم بۆبهێنە.**
**نەختێك ئاوم بۆبهێنە.**
**قیچێك ئاوم بۆبهێنە.**
**پیچێك ئاوم بۆبهێنە.**

هەر لەنێو گرووپی ئەم وشانەدا، هەندێك وشەی دیکەش خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن. وەکو:

**هەموو ≈ گشت ≈ خڕ.....هتد**

ئەمانەش واتاکانیان بەڕادەیەك لێك نزیك دەبنەوە، کە (وشەکانی (هەموو، گشت) دەبن بەسینۆنیمی تەواو.) (سەرچاوەی پێشوو: 84) ئەمەش بۆ بەرفراوانی سنووری بەکارهێنان و دەرکەوتنیان لەدەوروبەری جیاجیادا، دەگەڕێتەوە. وەکو:

**گشت کارەکانم تەواوکردوون.**
**هەموو کارەکانم تەواوکردوون.**
**خڕ کارەکانم تەواوکردوون.**

هەروەها ئامرازەکانی خۆزگە، هەریەکە لە:

**خۆزگە ≈ بریا ≈ کاشکی ......هتد.**

دەتوانن هەرئەو واتا و مەبەستە لەزۆربەی دەوروبەرەکاندا بگەێنن، لەشوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن. وەکو:

**بریا پیری نەبووایە.**
**خۆزگە پیری نەبووایە.**
**کاشکی پیری نەبووایە.**

ئەم دیاردە واتاییە، لەنێو ئامرازەکانی پرسیشدا، بەتەواوی هەستی پێدەکرێت. بەپێی ئەو وشەیەی پرسیاری لەبارەوە دەکرێت، ئامرازەکان پۆلێن کراون. لەناو هەرپۆلێکیشدا هەندێك لەئامرازەکان دەتوانن ببن بەسینۆنیم. وەکو:

**کەی ≈ کەنگی ≈ کەینێ ≈ چ کاتێك........هتد**

هەریەك لەم ئامرازانە پرسیاریان پێ لەکات دەکرێت و لەزۆربەی دەورووبەرەکاندا دەتوانن لەشوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن. وەکو:

**کەی دەچیتە هەولێرێ؟**

**کەنگێ دەچیتە هەولێر؟**

**چ کاتێك دەچیتە هەولێر؟**

هەروەها هەریەك لەئامرازە پرسەکانی، وەکو:

**بۆچی ≈ لەبەرچی ≈ بۆ.......هتد**

هەریەکێك لەم ئامرازانە پرسیاریان لەبارەی هۆی ڕوودانەوە پێدەکرێت و هەرئەو واتاو مەبەستە دەگەیێنن و بەبێ بوونی بچووکترین جیاوازی دەتوانرێت لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن. وەکو:

**بۆچی بۆ ئاهەنگەکەمان نەهاتن؟**

**لەبەرچی بۆ ئاهەنگەکەمان نەهاتن؟**

**بۆ بۆ ئاهەنگەکەمان نەهاتن؟**

هەرچەندە ئەم ئامرازانە لەڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، بۆنموونە (بۆچی) کە ((ئامرازێکی لێکدراوە لە (بۆ + چی) پێکهاتووە، دەتوانێت ڕستەی پرسیاری دروست بکات و هەمان مانای (بۆ) دەدا.)) (ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم: 1367: 12) هەربەو شێوەیە ئامرازی (لەبەرچی)یش ناسادەیە.

بەشێوەیەکی گشتی وشە ئەرکییەکان و بەتایبەتیش ئامرازەکان [1] زۆر چالاکن لەشوێن گرتنەوەی یەکتری، بۆیەش پێوەندی سینۆنیمی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئامراز و جۆرەکانی لەزمانی کوردیدا، بڕوانە: (ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم: 1367)

ئەم جۆرە وشانەدا دەبینرێت و زۆرجاریش واتاکانیان ئەوەندە لێك نزیکن، کە دەتوانن لەهەموو دەوروبەرێکدا لەبری یەکتری بێن، بێئەوەی هەست بەبچووکترین گۆڕانی واتایی بکرێت.

## 2-3-2: سینۆنیم لەوشەی فەرهەنگی(لێکسیکی)دا:

زۆربەی ئەو باس و لێکۆڵینەوە و گەنگەشانەی سەبارەت بەسینۆنیم لەزۆربەی زمانەکاندا ئەنجامدراون، ئەم دانە زمانییەیان کردووەتە چەقی باسەکەیان و لایەنی پڕاکتیکیی پێ بەرجەستە دەکەن. ئەمەش بۆ سروشتی ئەم جۆرە وشانە دەگەڕێتەوە، چونکە خاوەنی واتای سەربەخۆی فەرهەنگین و چەمکی سەربەخۆ دەگەیێنن و توانای ئەوەیان هەیە ببنە ناولێنەر بۆ هەموو کەرەستە بەرجەستە و نابەرجەستەکان. بۆیە زۆربەی واتاناسان سینۆنیم تەنها لەچوارچێوەی ئەم دانە واتاییەدا کورتدەکەنەوە. دانەکانی دیکە بەهەند وەرناگرن.

هەر لەبەرئەمەش، دەکرێت لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تەماشای ئەو وشانە بکەین و پێوەندییە واتاییەکانیان دیاریبکەین. بۆیە ئێمەش بۆ دیاریکردنی پێوەندیی سینۆنیمی لەڕوانگەی پێکهاتە و لەڕوانگەی بەشە ئاخاوتنەکانەوە ئەم وشانە وەردەگرین.

## 2 – 3– 2– 1: سینۆنیم بەپێی پێکهاتەی وشەکان:

لەناسین و دەستنیشانکردنی سنووری وشەدا، زمانەوانەکان تاوەکو ئێستا یەکدەنگ نین، بەڵام (ناسراوترین پێناسەی وشە، هی زمانەوانی ئەمریکی بلوومفیلدە، کە دەڵێت: "بچووکترین فۆڕمی ئازادە") (Aitchison: 1993: 49) بەڵام ئەم فۆڕمە ئازادە لەڕووی پێکهاتنەوە، دەکرێت، لەچەند بەشێك پێکبێت. واتە وشەکە لەمۆرفیمێك یان چەند مۆرفیمێك پێکهاتبێت. بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕووانگەیەوە وشە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێت. لەهەر جۆرێکیشیاندا ئەم پێوەندییە واتاییە هەیە، کەجۆرەکانیش بریتیین لە:

### 2– 3– 2– 1–1: وشەی سادە:

بەو وشانە دەوترێت، کە لەتەنها مۆرفیمێك پێکدێن. واتە (ئەو وشانەن بەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1987: 47) ئەم جۆرە وشانە

لەنێوخۆیاندا بەشێکیان دەبن بە سینۆنیمی یەکتریو هەروەها پێوەندییە واتاییەکانی دیکەشیان لەنێودا دەبینرێت. وەکو:

دیل≈ بەند ≈ ئەسیر

دەرگا≈ قاپی ≈ دەرکە

کتێب≈ پەرتووک

گوند≈ لادێ ≈ دێ ≈ ئاوایی

شاخ ≈ چیا ≈ کێو

**2– 3– 2– 1–2: وشەی داڕێژراو:**

بەو وشانە دەوترێت، کە لەمۆرفیمێکی سەربەخۆو مۆرفیمێکی بەند یان زیاتر پێکدێت، بەواتایەکی دیکە (وشەیەکی نسادەیە، کە لەوشەیەکی سادەو زیادەیەک پێکدێت، ئەوجا زیادەکە پێشگر یان پاشگر یان هەردوو (پێشگرو پاشگر) پێکەوەبن.) (سەرچاوەی پێشوو: 48). ئەم جۆرە وشانەش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری، بەمشێوەیە:

قوتابخانە≈ خوێندنگە

هاوڕێ ≈ برادەر

شەڕکەر≈ جەنگاوەر

پێوەدان≈ داخستن

گوێگر≈ بیسەر

لەهەریەکێک لەم وشە سینۆنیمانە لەڕووی پێکهاتنەوە وردبینەوە، لەوشەیەکی سەربەخۆو ئەفێکسێک پێکهاتوون، کە هەردووکیان بوونەتە فۆڕمێکی سەربەخۆو لەبەرامبەر یەکتریدا بوونەتە سینۆنیم، بێئەوەی بەدووبارەی کەرتێک ئەم دیاردەیە ڕوویدابێت، بەڵام جۆرێکی دیکەی وشەی داڕێژراوی سینۆنیم هەن، کە تەنها کەرتێک، ئەم یاردەیە دروستدەکات. وەکو:

سواڵکەر≈ دەرۆزەکەر

خەستەخانە≈ نەخۆشخانە

نوێگەری≈ تازەگەری

ئیماندار≈ باوەڕدار

برادەرایەتی≈ دۆستایەتی

کچۆڵە ≈ کیژۆڵە

گۆڕستان ≈ قەبرستان

لەهەریەکێك لەم وشانەدا، تەنها کەرتە سەرەکییەکە(مۆرفێمە سەربەخۆکان) بوون بەسینۆنیمو مۆرفیمی بەندەکان(ئەفێکسەکان) کە پاشگرن، وەك خۆیان دووبارە بوونەتەوە. ڕۆڵیان لەدروستکردنی سینۆنیمەکەدا نییە، بەڵام لەئەنجامدا وشەی داڕێژراو دروست بووە، کە هەریەکەیان هەر بەو پێکهاتەیە سینۆنیمی خۆی هەیە.

هەر لەنێو وشە داڕێژراوەکاندا، جۆرێکی دیکەی وشەمان هەن، کە کەرتە سەرەکییەکانیان وەکو یەکن و دووبارە بوونەتەوە، بەڵام مۆرفیمە بەندەکە دەگۆڕێت. بۆیە دەتوانین بڵێین لەجۆری پێشەوەدا مۆرفیمە سەربەخۆکە ڕۆڵی بەسینۆنیمکردنی وشەکانی دەبینێت، بەڵام لەم جۆرەیاندا مۆرفیمە بەندەکە ئەم ڕۆڵە دەبینێت. وەك:

غەمناك ≈ غەمگین

لێڕستان ≈ لێڕەوار

قومارچی ≈ قومارکەر

یەکەم ≈ یەکەمین

مەسڵەحەتچی≈ مەسڵەحەتخواز

**2– 3– 2– 1–3: وشەی لێکدراو:**

جۆرێکن لەوشەی ناسادە، لەدوو مۆرفیمی سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێن، کە (مەرج نییە مانای وشە تازەکە بەمانای دوو وشە بنچینەییەکە یەکسان بێت.) (کەمال میراودەلی: 2007: 151) ئەم وشانە سەرباری ئەوەی خاوەنی پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژین، پێکهاتەی واتاییشیان هەیە. هەروەها وەك هەر دانەیەکی دیکەی فەرهەنگی، پێوەندییە واتاییەکان لەنێو ئەم جۆرە وشانەشدا هەن. بۆیە دەبینین بەشێکیان هەربەو پێکهاتەیە دەبن بەسینۆنیمی یەکتری. وەکو:

کەم ئەندام≈ خاوەن پێداویستی تایبەت

گیروگرفت ≈ تەنگو چەڵەمە

خۆپیشاندان ≈ ڕێپێوان

بنیاتنان ≈ دروستکردن

لەم جۆرە وشە لیکدراوە سینۆنیمانەدا، هیچ یەکێك لەکەرتەکان دووبارە نابنەوە، بەڵام هەرووکیان یەك واتا دەگەیێنن. واتە هەردوو کەرتەکە پێکەوە سینۆنیم دروستدەکەن، بەڵام هەندێك وشەی لێکدراوی دیکە، تەنها کەرتێك ڕۆڵ لەدروستکردنی سینۆنیمەکەدا دەبینێتو کەرتەکەی دیکەیان هەربەو واتاو فۆڕمە دووبارە دەبێتەوە. وەکو:

**دڵسووتاو≈ جەرگسووتاو**

**سەیرکردن≈ تەماشاکردن**

**دەمشڕ≈ زمانشڕ**

**پاکوخاوێن≈ پاکوتەمیز**

**دەربازبوون≈ ڕزگاربوون**

**کۆکردنەوە≈ خڕکردنەوە**

لەنێو ئەم جۆرە وشانەدا، هەردوو کەرتەکە لەنێو خۆیاندا بەرامبەر یەکتری دەبنە سینۆنیم، بەتایبەتی لەم جۆرە لێکدراوانەی، کە پێیان دەوترێت لێکدراوی بەستراو یان جووتەوشەی لێکدراو. بەجۆرێك کە (لەهەندێك وشەی لێکدراوی بەستراودا وشەی دووەم هەمان واتای وشەی یەکەمی هەیە یان واتایەکی نزیك بەوی هەیە.)(محەمەد مەعروف فەتاح: 1989: 143) بەم پێیەش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری، وەکو:

**پاکوخاوێن، شۆخوشەنگ، کۆتوزنجیر، پێوقەدەم، سادەوساکار، پانوبەرین، شەرموحەیا، دوعاونزا، جێومەکان، فەقیروهەژار، سووکوڕیسوا، ڕاستودروست.....................هتد.**

ئەگەر لەکەرتەکانی هەریەك لەم وشە لێکدراوانە وردبینەوە، دەبینین، کە واتاکانیان هێندە لێك نزیکن، کە لەهەندێك دەوروبەردا دەتوانرێت لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن. بەم پێیە (پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوان کەرتەکانی ئەم جۆرە وشانەدا لەجۆری ناتەواوە.) (کەوسەر گەلاڵی: 2006: 108) ئەگەرچی هاتنی هەدوو وشەکە واتایەکی چڕتر دەگەیێنێت، وەك لەوەی یەکێك لەوشەکان بەتەنها دەیگەیێنێت. وەکو لەم ڕستەیەدا دیارە:

**ماڵێکی فەقیرن.**

**ماڵێکی هەژارن.**

**ماڵێکی فەقیروهەژارن.**

لەم ڕستانەدا هەریەك لە وشەكانی (فەقیر، هەژار، فەقیروهەژار) سینۆنیمن. سێ ڕستەی جیاواز لەفۆڕمو یەكسان لەواتایان دروستكردووە، بەڵام واتای ڕستەی سێیەم ڕەنگە بەهۆی هاتنی هەردوو وشەی (فەقیروهەژار) پێكەوە بەهێزتربێت، كە زیاتر جەختی ئاوەڵناوەكە دەكات.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، وشە لەڕووی پێكهاتەوە هەر جۆرێك بێت، وەك یەكەیەكی فەرهەنگی تەماشادەكرێتو خاوەنی واتایەكی سەربەخۆیە. ئەم دیاردە واتاییەش لایەنی واتایی ئەو وشانە وەردەگرێت، كە فۆڕمێكی جیاوازو واتایەكی لێكچوویان هەیە. بۆیە ئەگەر لەم ڕووانگەیەوە لەوشەكانی نێو فەرهەنگی زمانی كوردی بڕوانین، ئەو وشانەی دەبنە سینۆنیم، زۆرجار لەڕووی پێكهاتنەوە وشەی جیاجیانو هەرئەو پێكهاتەیان نییە. سینۆنیمی تاكە وشەیەك دەشێت سادە بێت، یان داڕێژراو، یان لێكدراو، بەم پێیە پێكهاتەكە ڕەچاوناكرێت، تەنها ئەوەندە گرنگە وشەكان واتایان وەكویەكە یان لێك نزیكە. وەكو:

**هەتیو≈ نازدار ≈ بێباوك ≈ سێوی**

**پیر≈ بەتەمەن ≈ بەساڵاچوو**

**كوێر ≈ نابینا**

**هەژار≈ دەستكورت**

**سەربڕین≈ كوشتنەوە**

**هاوینەهەوار≈ سەیرانگا**

## 2 – 3– 2– 2: سینۆنیم لەچوارچێوەی چەند پۆلێكی وشەدا:

وشەكانی زمان بەپێی چەند پێوەندییەكی واتاییو ئەركی بۆ چەند پۆلێك دابەشدەكرێن، كە (ڕێزماننووسەكان بەگوێرەی چەند تایبەتییەكی وشەسازیو ڕستەسازیو واتایی، ئاسایی چەند بەشێكی ئاخاوتن لەیەكتری جیادەكەنەوە.) (محەمەد مەعروف فەتاح: 1990أ: 79) جیاكردنەوەی وشە بۆ بەشەكانی ئاخاوتن، مێژوویەكی دوورو درێژی هەیەو بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێتەوە، كە(قۆناغێكی دیاریكردنو دەستنیشانكردنی پۆلی وشە یان جۆرەكانی وشە word classes یە)

[1](ار. اچ. روبینز: 1385: 66) دوواتر ئەم جۆرە لێکۆڵنەوانە لە وشەکانی زمان لەنێو زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، بەڕادەیەك (ئەوەی پتر لەنێو زماناندا هاوبەش بێت، مەسەلەی بەشەکانی ئاخاوتنە.) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1979: 6) بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، کە(ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت و جیاوازن. هەندێك بەشە ئاخاوتن دەبێت جیهانی بێت، وەکو ناو و کار، بەڵام ئەوانی دیکە دەگۆڕێن و جیاوازن.) (Aitchison: 1993: 59)

پێوەندییە واتاییەکانیش بەشێوەکی گشتی و سینۆنیم بەتایبەتی لەنێو هەموو بەشەئاخاوتنەکاندا هەیە، چونکە زۆرجار پێوەری واتا، بنەمای سەرەکییە بۆ لێك جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنی هەریەك لەبەشەکان، بەڵام دەبێت لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا هەر بەشێك بەسەربەخۆیی وەربگیرێت، لەبەرئەوەی ئەو دوو وشانەی دەبن بەسینۆنیم سەربەیەك بەشە ئاخاوتن دەبن، (نابێت بەشەئاخاوتنی جیاجیا بکرێن بەسینۆنیمی یەکتری، لەبەرئەوەی هەموو وشەیەك سەربەکەتیگۆریی گراماتیکی جیاجیایەو هەر بەشەئاخاوتنێکش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری لەڕێڕەوی گەشەکردنیدا دەبن بەسینۆنیمی یەکتری.) (کلیوێڤا. ڤ . ن: 1961: 5)
ناتوانێت واتاکەی لەواتای بەشێکی دیکەی ئاخاوتن نزیك بێتەوە. بۆیە ناتوانن ببن بەسینۆنیمی یەکتری، چونکە پێوەری سەرەکی واتایە.

هەر بەشەئاخاوتنێك تایبەتمەندیی خۆی، لەڕووی پێوەندیی واتاییەوە هەیە، بۆ بوونی پێوەندیی سینۆنیمیش هەموو بەشەکانی ئاخاوتن وەکویەك نین، بەتایبەتی لەڕووی تەواو لیکچوونی واتایی و لێك نزیکبوونەوەیان و ژمارەیان. بۆیە هەوڵدەدەین چەند بەشێکی ئاخاوتن وەربگرین، بۆئەوەی ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ ڕوون ببێتەوە:

### 2– 3– 2– 2–1: سینۆنیمی لەناودا:

لەسادەترین پێناسەی ناودا دەوترێت: وشەیەکە بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك یان گیانلەبەرێك یان بیرێك بەکاردێت، بەبەشێکی سەرەکی دادەنرێت. زۆرجاریش کە باسی پێوەندییە واتاییەکان بەتایبەتی سینۆنیمی و ئەنتۆنیمی کراوە، لەچوارچێوەی

[1] ـ بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەلایەنی مێژووی ئەم باسە، بڕوانە: (ار. اچ. روبینز: 1385)، (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1979)

ناودا باسکراون، بەتایبەتی لای ڕێزماننووسە کۆنەکان [1] ئەمەش گرنگیی ئەم بابەتەو بەرفراوانی ئەم دیاردەیە لەچوارچێوەی ناودا پیشاندەدات. وەکو:

**زێڕ ≈ ئاڵتوون**

**چێڵ ≈ مانگا**

**قاچ ≈ لاق**

**ژوور ≈ هۆدە ≈ غورفە**

**پەنچە ≈ ئەنگووست ≈ قامك**

**سوپا ≈ لەشکر ≈ جەیش**

**وێنە ≈ ڕسم ≈ عەکس**

**سەیارە ≈ ئۆتۆمبێل ≈ ماشێن ≈ تڕومبێل**

**مامز ≈ ئاسك ≈ ئاهوو**

**کەر ≈ گوێدرێژ**

**قەڵەم ≈ خامە ≈ پێنووس**

**سەعات ≈ کاتژمێر**

**هەواڵ ≈ دەنگوباس ≈ ئیخبار**

**چێشت ≈ شیو ≈ ئاش**

## 2– 3– 2– 2–2: سینۆنیمی لەئاوەڵناودا:

وەك بەشە ئاخاوتنێکی گرنگ و دیار ئەرکی ئاوەڵناو دیارخەری ناوە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەزماندا بەکاردەهێنرێن و هەڵگری واتایەکی ڕوون و ئاشکران. بۆیە پێوەندییە واتاییەکانیش بەڕوونی لەنێو ئاوەڵناودا دەبینرێن، بەتایبەتی (سینۆنیم لەئاوەڵناودا زۆر بلاوە.) (کلیوێڤا. ۋ. ن: 1961: 7) وەك:

**جوان ≈ قەشەنگ ≈ ڕازاوە ≈ قۆز**

**پاك ≈ خاوێن ≈ تەمیز ≈ پوخت**

**خۆش ≈ بەتام ≈ زەریف**

**پان ≈ بەرین ≈ فراوان**

**دڵخۆش ≈ دڵشاد ≈ بەکەیف**

---

[1] – بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (سعید سدقی کابان: 1928)، (جگەرخوێن: 1961)، (عبدالعظیم قریب......و دیگران (پنج استاد): 1387)

**تیژ≈ توند ≈ کەسکون**

**بڵند≈ بەرز**

**قورس ≈ گران**

**گرانبەها≈ بەقیمەت ≈ گران ≈ بەنرخ**

**لەڕ≈ لاواز ≈ زەعیف**

**ئازا≈ چاونەترس ≈ بەجەرگ ≈ بەغیرەت**

ئەگەر تەماشای هەریەك لەم ئاوەڵناوانە بکەین، بەشێوەکی گشتی دەبن بەسینۆنیم، هەرچەندە ناتوانن لەهەموو شوێنێکدا لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، بەڵام لەڕووی ژمارەوە زۆرو بڵاون. هەر لەم بارەیەوە ڕای (فارووق عومەر) وایە: کە(چەندە ناولێنەر پێویستی سەرەکی بێت، ئەوا سینۆنیمی زیاتری بۆ دێت، هەروەها ئەو ئاوەڵناوانەی، کە پێویستیی بەکارهێنانیان زیاترە سینۆنیمیان پتر دەبێت.) [1] بۆیە ئەو ئاوەڵناوانەی دەبنە سینۆنیمی یەکتری، ناوەکان ڕایاندەکێشن. لایەنێکی دیکە پێوەندیی بەدەورووبەرەوە هەیە، چونکە (دەوروبەر هۆکاری دروستبوونی سینۆنیمە.) (هادی نهر: 2008: 416) ئەم وشانەش دەکات بەسینۆنیم. هۆکارێکی دیکەی بڵاوی ژمارەی ئاوەڵناوی سینۆنیم، بۆ ڕێژەییبوونی ئاوەڵناو دەگەڕێتەوە.

زۆرجار سیفەتی کەسێك یان شتێك، دەبێتەوە سینۆنیمی ناوەکە یان کەسەکە، بێ‌ئەوەی قسەکەر بیر لەواتاکەی بکاتەوە. ئەمە پێوەندیی بە بارە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیە، دەشێت وشە سینۆنیمە دروستکراوەکە جوانترو ڕێزلێگیراوتربێت. بۆیە سیفەتەکە بەتەنها نایەت، بەڵکو پێشگرێك یان پاشگرێکی بۆ زیاددەکرێت. وەك لەجیاتی ئەوەی بانگی منداڵێك بکەی بڵێیت (منداڵە!) پێی دەڵێت (گچکەل)، چونکە بانگکردنی بە (منداڵە) پێی ناخۆش دەبێت. کەواتە سیفەتی گچکەیی بووەتە سینۆنیمی بەڵام لەچوارچێوەی بانگکردندا، چونکە خودی (قسە(الکلام) چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە.) (هدسن: 1987: 183) بۆیە کۆمەڵ بڕیار لەسەر ئەم جۆرە نموونانە دەدات.

---

[1] ـ چاوپێکەوتنی تایبەت (30/ 3/ 2010) کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

**2- 3- 2- 2-3: سینۆنیمی لەکرداردا:**

کردار بەیەکێك لەپێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستە هەژماردەکرێت. هەر بۆیە ناوی لێنراوە (دڵی ڕستە) (فارووق عومەر سدیق: مۆرفۆلۆژی: 2008- 2009) هەروەها زۆرجار لەڕووانگەی کارەوە لەڕستە دەڕوانرێتو بەوە پێناسە دەکرێت، کە (ڕستە بریتییە لەکارو پێداویستییەکانی.) (عبدالله حسێن ڕەسوڵ: 2005: 8) لەڕووانگەی واتاشەوە وەك هەر وشەیەکی دیکە، خاوەنی چەمكو واتای خۆیەتی، بۆیەش دەتوانین پێوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی کرداریشدا دەستنیشان بکەین. سینۆنیم لەکرداردا لەدووای ناودا بەپلەی دووەم دێت. (کلیۆێڤا. ڤ. ن: 1961: 7) ئەگەر لەم ڕووانگەیەشەوە تەماشای زمانی کوردی بکەین، بەشێکی کردارەکانی سینۆنیمیان هەیە، بەڵام هاوکاتیش سەرنجی ئەوەدەدەین، کە زۆر بڵاونییە، واتە لەڕووی ژمارەوە کەمن، لەیەك بۆ دوو وشەی سینۆنیم تێناپەڕن، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ ئاوەڵناودا بەراورد دەکرێن، ئەمە باشتر ڕوون دەبێتەوە. وەکو:

**نووست ≈ خەوت**

**دەستنیشانکردن≈ دیاریکردن**

**لێگەڕان ≈ وازهێنان**

**دروستکردن ≈ بنیادنان**

**چوون≈ ڕۆیشتن**

**کڕین≈ سەندن**

**چاندن ≈ ناشتن ≈ ڕواندن**

**شەڕکردن ≈ بەشەرهاتن**

**جوانکردن ≈ ڕازاندنەوە**

**غاردان≈ ڕاکردن**

**هەڵخەڵەتاندن ≈ فریودان**

**دەربازبوون ≈ ڕزگاربوون**

بەکارهێنانی هەریەك لەم کارانەی سەرەوە لەدەورووبەری جیاجیادا، ئەوە دەسەلمێنێت، کە واتاکانیان زۆر لێك نزیکنو دەتوانن لەزۆربەی دەورووبەرەکاندا هەرئەو واتایە بدەن. لەم ڕووانگەیەشەوە زیاتر لە سینۆنیمی ناو دەچن.

2– 3– 2– 2–4: سینۆنیمی لەئاوەڵکرداردا:

ئاوەڵکردار وەك بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆ خاسیەتی ڕوونی کردار پیشان دەدات. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1998: 133) بەپێی جۆرەکانی ئاوەڵکردار هەریەکەیان لایەنێکی ڕوودانی کارەکە پیشان دەدەن. لەوانە، شوێنی ڕوودان، یان کاتی ڕوودان، یان چۆنیەتی ڕوودان....هتد. لەناو ئەم بەشە ئاخاوتنەشدا پێوەندییە واتاییەکان بەڕوونی هەست پێدەکرێن، لەناویشیاندا سینۆنیمی. وەکو:

سبەینێ ≈ بەیانی

پار ≈ ساڵی ڕابردوو

بەچاکی ≈ بەباشی

ژیرانە ≈ ئاقڵانە

ژێر ≈ بن

سەر ≈ بان

لەلای ≈ لەکن

یان لەهەندێك جۆری دیکەدا، وەکو:

هەڵبەت ≈ بێگومان

دیسان ≈ سەرلەنوێ

هەرگیز ≈ قەت

لەبارەی بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن، بەتایبەتی جێناو، لەبەرئەوەی ژمارەیان دیاریکراوەو سنووردارن، بۆیە زۆربەکەمی سینۆنیمیان لەنێواندا دەردەکەوێت. ئەوەندەی کە هەشە بۆ بوونی شێوازاری جیاجیا لەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕستدا دەگەڕێتەوە، کە لەسنوورێکی تەسکدا بەکاردەهێنرێن. وەکو:

من ≈ ئەمن

ئێمە ≈ ئەمە

تۆ ≈ ئەتو

ئێوە ≈ ئەنگۆ [1]

---

[1]- ئەم جۆرە بەکارهێنانە جیاوازەی جێناوەکان، لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست لەناوچەکانی هەولێر خۆشناوەتی و باڵەکایەتیدا، دەبینرێت.

ئەمانە هەندێك جار بەسینۆنیم هەژماردەکرێن، چونکە قسەکەری هەندێك ناوچە دەتوانێت لەبری یەکتری بەکاریان بهێنێت.

لەبارەی بەشەئاخاوتنی ئامرازیشەوە، بەهەموو جۆرەکانییەوە، وەك هەر بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، ئەم پێوەندییە واتاییەیان بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان لەنێواندا دەبینرێت، هەرچەندە واتایەکی سەربەخۆیان نییە.[1]

## 2– 4: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمە بەندەکاندا:

وەك زانیمان مۆرفیمی بەند، ئەو مۆرفیمانەن، کە بەیارمەتی مۆرفیمێکی ڕیشەیی واتاو ئەرکی خۆیان پیشاندەدەن و دەکرێن بەدوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (وشەگۆڕ)و مۆرفیمی بەندی لێکسیکی (وشەداڕێژ)ن. بەشێوەیەکی گشتی وەکو گیرەك (پاشگرو پێشگر) دەردەکەون. پێوەندییە واتاییەکانیش لەنێو ئەم دوو جۆرە مۆرفیمەدا بەتەواوی هەست پێدەکرێت، لەنێوانیشیاندا سینۆنیمی.

(هەرچەندە تێگەیشتن و لێکدانەوەی سینۆنیم لەچوارچێوەی مۆرفیمی بەنددا زۆر قورسە.) (یو. س. ستیپانەۆ: 1975: 14) هەر لەبەرئەوەشە، کە لێکۆلینەوەی تایبەت لەم بارەیەوە، کەمتر بەرچاودەکەوێت.

### 2–4–1: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژدا:

دوو جۆرە سینۆنیم لەنێو ئەم جۆرە مۆرفیمەدا هەست پێدەکرێت، کە یەکێکیان لەسەر بنەمای چەمکی مۆرفیمەکان دەستنیشاندەکرێت. لەم جۆرەیاندا هەموو ئەو مۆرفیمانە بەسینۆنیم دادەنرێن، کە چەمکێکی هاوبەشیان هەبێت و جۆرەکەی دیکەیان لەسەر بنەمای توانای بەکارهێنانیان لەشوێنی یەکتری، دەستنیشاندەکرێن. بەم پێیەش دەتوانین چەند گرووپێك لەو جۆرە مۆرفیمانە دەستنیشانبکەین و هەردوو جۆری سینۆنیمیان لێدیاریبکەین. لەجۆری یەکەمدا دانەکانی هەریەك لەو گرووپانەش، کەلەسەر بنەمای چەمکی هاوبەش دیاریکراون، دەبن بەسینۆنیم. بۆنموونە هەموو ئەو مۆرفیمە بەندانەی کە دەتوانن ناوی شوێن دروست بکەن، یەك چەمك دەگەیێنن، بۆیە بەپێی ئەم جۆرە سینۆنیمن. وەکو:

---

[1] بۆ زانیاریی زیاترو نموونە، لەبارەی سینۆنیمی ئامرازەوە، بڕوانە: ( 2 – 3 – 1) لەم بەشەدا. هەربۆیەش بەپێویستمان نەزانی بەدرێژی لەسەر ئەم باسە بووەستین.

|– گە|، |–گا|، |– ستان|، |– زار|، |– ەلاّن|، |– ەوار|، |– دان|، |– خانە|، |– شەن|، |– جاڕ|........هتد.




هەموو ئەو مۆرفیمانەی، لەدروستکردنی ناوی شوێندا بەشداریدەکەن، چەمکی شوێن دەگەیەنن. بەپێی بیروباوەڕی (ستیپانەڤ) بەسینۆنیمیی سیگنی فاکت هەژماردەکرێن. (سەرچاوەی پێشوو:31) هەروەها گرووپی ئەو مۆرفیمانەی، کە ناوی پیشە دروستدەکەن، ژمارەیەکی زۆرن و هەربەو شێوەیە وەك هەر گرووپێکی دیکە، یەك چەمك دەگەیێنن و دەبن بەسینۆنیم. وەکو:

|– چی |،|– کەر |،|– ەوان |،|– کار |، |– گر |،|– گەر |، |– مەند |، |–ەر|، |– یار | .....هتد.



یان ئەو گرووپەی کە ناوی واتایی Abstracts noun دروست دەکەن، لەم ڕووەوە هەرئەو تایبەتمەندیینەیان هەیە، وەکو:

|– ی|، |– ەتی|، |– ایەتی|، |– ێنی|، ایی|، |– ە|، |– انە|، |– ا|...........هتد.

ئەمانەش چەمکی ناوی واتایی دروست دەکەن و بەم پێیەش دەبن بەسینۆنیمی سیگنیی فاکت.




کەوابێت هەر دوو دەربڕاوێك یان هەر دوو دانەیەکی واتایی و زیاتریش، کە یەك چەمك دەربڕن، دەبن بەسینۆنیمی سیگنی فاکت. (یو. س. ستیپانۆڤ: 1975: 31) بۆیە ئەگەر تەماشای هەریەك لەو گرووپانە بکەین، دانەکانیان لەنێو خۆیاندا یەك چەمك دەگەێنن. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەجۆرێك لە سینۆنیم دادەنرێن.

جۆرێکی دیکەی پێوەندیی سینۆنیمی، کە لەنێوان ئەم جۆرە مۆرفیمانەدا، لەهەر گرووپێکدا دەبینرێت، ئەوەیە کە هەندێك لەمۆرفیمەکانی، توانای ئەوەیان هەیە لەشوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن. بەتایبەتی لەهەندێك دەوروبەرداو چەند مۆرفیمێك لەم بارەیەوە زۆر چالاکن. هەندێك زمانەوانیش ناویان ناوە سینۆنیمی ئەرکی، کە (تەنها لەشوێنکدا دەبن بەسینۆنیم و توانای ئەوەیان هەیە لەشوێنی یەکتریدا بێن.) (ئەخمانۆڤا: 1966: 407) دیارە لەزمانی کوردیشدا هەر گرووپێك لەم مۆرفیمانە وەربگرین ئەم دیاردەیەیان زۆر بەڕوونی تێدا دەبینرێت. وەکو گرووپی ناوی پیشە، کە لەم نموونانەدا باشتر ڕوون دەبێتەوە:

فیڵباز ≈ فیڵکەر |– باز| ≈ |– کەر|

مەکرباز≈ مەکرکەر |– باز| ≈ |– کەر|

پیاکار≈ پیاچی |– کار| ≈ |– چی|

**ساختەچی≈ ساختەکار |– چی| ≈ |– کار| (هەژار: 1381: 406)**

**خزمەتچی≈ خزمەتکار|– چی| ≈ |– کار| (گیو موکریانی: 1999: 370)**

**تەنەکەچی≈ تەنەکەساز |– چی| ≈ |– ساز|**

**چەخماخچی≈ چەخماخساز |– چی| ≈ |– ساز|**

**سەبیلەچی≈ سەبیلەساز |– چی| ≈ |– ساز|**

**ڕاوچی≈ ڕاوکەر |– چی| ≈ |– کەر|**

**یاریچی≈ یاریکەر |– چی| ≈ |– کەر|**

**پینەچی≈ پینەکەر (گیو موکریانی: 1999: 207) |– چی| ≈ |– کەر|**

**فێڵچی≈ فێڵکەر |– چی| ≈ |– کەر|**

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، کە مۆرفیمی |– چی | لەناو گرووپی مۆرفیمەکانی دروستکردنی ناوی پیشەدا، لەهەموویان چالاکترە، دەتوانێت لەشوێنی زۆربەیان لە دەوەروبەری تایبەتدا دەربکەوێت و هەرئەو واتایەش بگەیێنێت. هەرچەندە (ئەم مۆرفیمە لەبنەڕەتدا لەزمانی کوردیدا نەبووەو لەڕێگەی وشەکانی زمانی تورکی و مەغۆلییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردیەوە.) (فاروق عومەر سدیق: لێکسیکۆلۆژی: 2008–2009) بەڵام ئەمڕۆ لەناو گرووپەکەدا لەهەموویان چالاکترە. سەرباری ئەو نموونانەی لەسەرەوە هاتوون ئەم مۆرفیمە دەتوانێت شوێنی هەندێك مۆرفیمی دیکەش بگرێتەوە. وەکو:

**فیتنەچی≈ فیتنەباز |– چی| ≈ |– باز|**

**فێڵچی≈ فێڵباز |– چی| ≈ |– باز|**

**قومارچی≈ قومارباز |– چی| ≈ |– باز|**

**برێنگچی≈ برێنگەوان |– چی| ≈ |– ەوان|**

**توتنچی≈ توتنەوان |– چی| ≈ |– ەوان|**

**ئێشکچی≈ ئێشکگر |– چی| ≈ |– گر|(ئەوڕەحمانی زەبیحی: 1367: 235)**

**پینەچی≈ پینەدۆز |– چی| ≈ |– دۆز|**

**ئاژاوەچی≈ ئاژاوەگێڕ |– چی| ≈ |– گێڕ|**

بەپێی ئەو نموونانە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ((پاشگری |- چی| لەگەڵ هەندێك پاشگری دیکەدا، هەندێکجار دەچنە سەر هەمان وشەو هەرئەو واتایەش دەگەیێنن.)) (ڕۆژان نوری عبدالله: 2007: 36)

هەر لەنێو ئەم گرووپەدا، چەند مۆرفیمێکی دیکە، دەتوانن لەهەندێك شوێندا لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، بەبێئەوەی واتای وشەکان هیچ گۆڕانیان بەسەردابێت. وەکو:

زمانەوان ≈ زماناس          |- ەوان| ≈ |- ناس|
ڕۆژنامەوان ≈ ڕۆژنامەنووس          |-ەوان| ≈ |- نووس|
کۆمەڵناس ≈ کۆمەڵزان          |- ناس| ≈ | - زان|
دەروونناس ≈ دەروونزان          |- ناس| ≈ | - زان|

ئەگەر لەم کۆمەڵە وشەیە بڕوانین، هەموویان زاراوەن. بەهۆی بوونی پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوان گیرەکەکانیاندا بوون بەدوو زاراوەو هەربۆ ئەو چەمکەش بەکاردێن. ئەگەر سینۆنیمەکانی وشەی ئاسایی لەهەندێك شوێن بەتەواوی لەشوێنی یەکتری نەیەن و لەیەکتری جیاببنەوە، ئەم جۆرەیان لەهەموو شوێنێکدا لەبری یەکتری دێت و گومان لەبوونی سینۆنیمی تەواو لەزمانی کوردیدا کەمدەکاتەوە، بەڵام دەبێت ئەوڕاستییە لەیادنەکەین، کە (زاراوە وشەیەکە خاوەنی واتای تایبەتی خۆیەتی، بەشێوەکی گشتی نابێت سینۆنیمی هەبێت. تەنیا کاتێك نەبێت کە زاراوەکە دەبێتەوە وشەیەکی ئاسایی.) (کلیوێڤا. ڤ . ن: 1961: 6) هەر یەکێك لەم زاراوانە کاتێك ناوی واتاییان لێ دروستدەکرێت هەموویان بەزیادکردنی مۆرفیمی |- ی| دروست دەکرێن، لەهەمان باردا بەسینۆنیم دەمێننەوە. وەکو:

زمانەوانی ≈ زماننناسی          |- ەوانی| ≈ |- ناسی|
ڕۆژنامەوانی ≈ ڕۆژنامەنووسی          |-ەوانی| ≈ |- نووسی|
کۆمەڵناسی ≈ کۆمەڵزانی          |- ناسی| ≈ | - زانی|
دەروونناسی ≈ دەروونزانی          |- ناسی| ≈ | - زانی|

ئەو مۆرفیمانەی کە ناوی واتایی دروستدەکەن، لەنێو خۆیاندا دەبن بەسینۆنیم. واتە توانای ئەوەیان هەیە لەبری یەکتری بەکاربهێنرێن، ((بۆنموونە لەزمانی کوردیدا هەندێکجار ئەم سۆفێکسانە (تی، یەتی، ێنی، ئەتی، ئایەتی، ئاییی) دەبن بە هاومەعنا بۆ سۆفێکسی (ی) کە ناوی ئەبستراکتی دروست دەکات.)) (فاروق عومەر سدیق: 1975: 21) هەرچەندە هەندێك لەمۆرفیمەکانی ئەم گرووپە چەند شێوەیەکی جیاجیا

(ئەلۆمۆڕف) یان هەیە، بەڵام مۆرفیمەکان لە شوێن گرتنەوەی یەکترییدا زۆر چالاکن، بەمەش پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. وەکو:

**جوانی ≈ جوانێتی |– ی| ≈ |– ێتی|**

**درێژیی ≈ درێژایی |– ی| ≈ |– ایی|**

**نۆکەری ≈ نۆکەرایەتی |– ی| ≈ |– ایەتی|**

**ئاشەوانی ≈ ئاشەوانێتی |– ی| ≈ |– ێتی|**

**پاسەوانی ≈ پاسەوانێتی |– ی| ≈ |– ێتی|**

**باخەوانی ≈ باخەوانێتی |– ی| ≈ |– ێتی|**

**مامۆستایی ≈ مامۆستایەتی |– یی| ≈ |– یەتی|**

ئەم مۆرفیمی (ی)یە لەدروست کردنی ناوی واتاییدا زۆر چالاکە. [1] هاوکات کۆمەڵێك مۆرفیمی دیکە دەتوانن شوێنی بگرنەوەو لەگەڵیدا ببن بەسینۆنیم. هەر لەنێو ئەم گرووپەدا چەند مۆرفیمێکی دیکە دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دەبینرێت. وەکو:

**بەندایەتی ≈ بەندێتی|– ایەتی| ≈ |– ێتی|(ئەوڕەحمانی زەبیحی: 1367: 235)**

**بەرزایی≈ بەرزێتی |– ایی| ≈ |– ێتی|**

**سەوزایی≈ سەوزایەتی |– ایی| ≈ |– ایەتی|**

**پانایی≈ پانایەتی |– ایی| ≈ |– ایەتی|**

**بڵندایی≈ بڵندایەتی |– ایی| ≈ |– ایەتی|**

**کەرایەتی≈ کەرێتی |– ایەتی| ≈ |– ێتی|**

لەنێو گرووپی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەدا، هەندێك مۆرفیم دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، بەبێ گۆڕانی واتای وشەکە. سەرباری ئەوەی کە لەڕووی هاوبەشیی چەمکییانەوە دەچنە خانەی سینۆنیمی سیگنی فاکت. هەندێك جاریش دەشێت هاوکات ئەو دوو مۆرفیمە ئەلۆمۆرفی یەك فۆنیم بن. وەکو:

**بووکۆکە≈ بووکەڵە |– ۆکە| ≈ |– کەڵە|**

**داسووکە≈ داسوولکە |– ووکە| ≈ |– وولکە|**

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم مۆرفیمە، بڕوانە: (فاروق عومەر سدیق: 1975 )

ئاگروچکە≈ ئاگرۆکە |– ۆچکە| ≈ |– ۆکە| (ئەورەحمانی زەبیحی: 1367: 53)

شێتەکە≈ شێتۆکە |– ەکە| ≈ |– ۆکە|

ڕووتەڵە≈ ڕووتەکە |– ەڵە| ≈ |– ەکە|

سوورکە≈ سوورکەڵە |– کە| ≈ |– کەڵە|

جوانکیلە≈ جوانکەڵە |– کیلە| ≈ |– کەڵە|

منالۆچکە≈ منالۆکە |– ۆچکە| ≈ |– ۆکە|

کچۆڵە≈ کچیژگە |– ۆڵە| ≈ |– یژگە|[1]

خانوۆکە≈ خانووچکە |– ۆکە| ≈ |– چکە|

جامۆکە≈ جاموولکە |– ۆکە| ≈ |–وولکە|

ژنۆکە≈ ژنیژگە |– ۆکە| ≈ |– یژگە|

کوڕۆکە≈ کوڕیژگە |– ۆکە| ≈ |– یژگە|

لەنێو گرووپی دیکەی مۆرفیمە لێکسیکییەکاندا ئەم تایبەتمەندییە هەیە، واتە هەندێکیان دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە هەربەو واتاو مەبەستە، لەوانە مۆرفیمەکانی شوێن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

گوڵستان≈ گولزار |– ستان| ≈ |– زار|

گولستان ≈ گوڵشەن |–ستان| ≈ |– شەن|

گوڵستان ≈ گوڵجار |– ستان| ≈ |– چاڕ| (هەژار: 1381: 714)

کادێن≈ کادان |– دێن| ≈ |– دان|

ناندێن≈ ناندان |– دێن| ≈ |– دان|

هەریەك لەمۆرفیمەکانی |– ە | و |– ی | شوێنی یەکتر دەگرنەوە، بەتایبەتی لەکاتێکدا، کە ئاوەڵناوی نسبی دروستدەکەن. بەم پێیەش دەبن بەسینۆنیم، وەکو:

زستانە ≈ زستانی |– ە| ≈ |– ی|

بەهارە ≈ بەهاری |– ە| ≈ |– ی|

هاوینە ≈ هاوینی |– ە| ≈ |– ی|

---

[1] – ئەم مۆرفیمە لەبواری بچووککردنەوەی ناودا زۆر بەکاردێت. بەتایبەتی بۆ ناوەکانی، وەکو: کوڕ، کچ، ژن،......هتد، بەڵام ئەوانەی باسیان لەم جۆرە مۆرفیمە کردووە، زۆرکەم ئاماژەیان پێداوە

**پایزە ≈ پایزی |– ە| ≈ |– ی|**
**کچانە ≈ کچانی |– ە| ≈ |– ی|**
**ژنانە ≈ ژنانی |– ە| ≈ |– ی|**

لەناو هەر گرووپێکدا، هەریەکێك لەمۆرفیمەکان ڕۆڵێکی گرنگ لەدروستکردنی وشەی نوێدا دەگێڕن. هەر کاتێك پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوان مۆرفیمە بەندەکاندا هەبوو، ئەم پێوەندییە بۆ وشەکانیش دەگوازرێتەوە. بۆیە بوونی مۆرفیمی بەندی سینۆنیم یەکێکە لەڕێگاکانی دروستبوونی وشەی سینۆنیم. ئەم وشانەش لەڕووی پێکهاتنەوە هەموویان ناسادەن و کەرتە سەرەکییەکەیان وەکویەکە، تەنها گیرەکەکان (ئەفێکسەکان)یان نەبێت، کە لەفۆڕمدا جیاوازن، بەڵام لەواتادا وەك یەکن. بەم پێیەش دوو وشەمان بۆ دروست دەکەن و لەفەرهەنگیشدا بەجیا هەڵدەگیرێن.

## 2–4–2: سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمی بەندی وشەگۆڕ (ڕێزمانی)دا:

هەروەك زانیمان، کە ئەم جۆرە مۆرفیمانە ڕۆڵ و ئەرکیان، بریتییە لە ئاماژەکردن بەو پێوەندییە ڕێزمانییانەی، کە لەنێوان وشەکاندا لەچوارچێوەی ڕستەدا دروستدەبێت. پێوەندییە واتاییەکان لەنێوان ئەم مۆرفیمانەشدا دەبینرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی ژمارەوە لەمۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان کەمترن، بۆیە کەمتریش هەستیان پێدەکرێت.

پێوەندیی سینۆنیمی وەك پێوەندییەکانی دیکە، لەنێو ئەم مۆرفیمانەدا بەهەردوو جۆری سیگنی فاکت و ئاسایی هەیە، ئەگەر لەڕوانگەی جۆری یەکەمەوە بڕوانینە هەریەك لەگرووپەکان، ئەوا چەمکی هاوبەش لەنێوان دانەکانی هەر گرووپێکدا هەیە. بۆنموونە مۆرفیمەکانی ناکردن[1]:




[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم مۆرفیمەوە، بڕوانە: (عبداللە حسێن ڕەسوڵ: 1991)

## |نی–|

چەمکی سەرەکیی ئەم مۆرفیمانە بریتییە، لەناکردن (نەرێکردن)، بەڵام بەپێی جۆری ئەو کارەی کە مۆرفیمەکە وەردەگرێت دەگۆڕێت. زۆرجاریش دەچنە سەر ئاوەڵناوو هەر ئەو ڕۆڵە دەبینن، بەتایبەتی (|– نە|، |– نا|)، کە دەتوانن شوێنی خۆیان لەهەندێك باردا بگۆڕنو وەك سینۆنیمی ئاسایی ڕەفتاربکەن وەك:

نەشارەزا ≈ ناشارەزا |نە– | ≈ |نا– |

نەساغ ≈ ناساغ |نە– | ≈ |نا– |

نەشیرن ≈ ناشیرن |نە– | ≈ |نا– |

نەتوانم ≈ ناتوانم |نە –| ≈ |– نا|

هەروەها مۆرفیمی (کۆ)، کە بەشێوەی پاشگر دەردەکەونو پۆلێکن، هەموویان چەمکێکی هاوبەش دەگەیێنن. مەکارۆس، مۆرفیمەکانی ( |– ان|، |– یان|، |– هات|، |– جات|، |– وات |) دیاریدەکات ( mcCarus: 1958: 48) هەرچەندە بەتەواوی مۆرفیمەکانی دیارینەکردووەو جیاوازییشی لەنێوان مۆرفیمەکانو ئەلۆمۆفەکانیاندا نەکردووە.[1]




[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم مۆرفیمە بڕوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: کۆی ناو لەزمانی کوردیدا: 1978)

بەپێی جۆری سینۆنیمی سیگنی فاکت، هەموو ئەم مۆرفیمانە یەك چەمکی هاوبەشیان هەیە، بۆیە دەبنە سینۆنیم. جا ئەگەر هەریەك لەگرووپەکانی دیکەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی وەربگرین، ئەوا هەرئەو یاسایەیان بەسەردا دەچەسپێت. سەرباری ئەمەش لەهەرگرووپێکیاندا، هەندێکیان دەتوانن لەهەندێك دەوروبەردا شوێنی یەکتری بگرنەوەو لەبریی یەکتری بەکاربهێنرێن، دەتوانین وەکو سینۆنیمێکی گراماتیکی لەسەربنەمای ئەفێکس‌و کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان هەژماریانبکەین. (کلیۆێڤا. ڤ . ن: 1961: 3) وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

سالان ≈ سالەها |– ان| ≈ |– ەها|

چەندان ≈ چەندەها |– ان| ≈ |– ەها|

ئاغایان ≈ ئاغاوات |–یان| ≈ |– وات|[1]

میوەهات≈ میوەجات |– هات| ≈ |–جات|

بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی کراو، بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمی |– و| دەچیتە سەر ڕەگی ڕابردووی کار، بەڵام لەبەشێکی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا وەکو ناوچەکانی سۆران بەتایبەتی خۆشناوەتی‌و موکری لەبریی |– و| |– ی| بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت. (عبدالله حسێن ڕسوڵ: 1996: 147) بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لەقسەکردنی خەڵکی ئەو ناوچانە ڕابمێنن، ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە هەردوو مۆرفیمەکە لەشوێنی یەکتری بەکاردەهێنن‌و بەم پێیەش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری. وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

مردوو ≈ مردی |– وو| ≈ |– ی|

زیندوو ≈ زیندی |– وو| ≈ |– ی|

دزراو ≈ دزرای |– و| ≈ |– ی|

دڕاو ≈ دڕای |– و| ≈ |– ی|

کوژراو ≈ کوژرای |– و| ≈ |– ی|

[1] – ئەم مۆرفیمە جۆرێکە لەمۆرفیمەکانی کۆو لەبوارێکی کەمدا بەکاردێت.( فاضل عمر: 2005: 26).

ئەم دوو مۆرفیمە لەزماندا ئەرکی جیاجیا دەبینێت، |– و | (زیاتر بەڕۆڵی پێکەوەبەستن لەڕێزماندا هەڵدەستێ، بەڵام هەندێك دەوری دیکە لەکوردیدا دەبینێت.) (فاضل عمر: 2005: 107) بەڵام تەنها لەئەرکی دروستکردنی ئاوەڵناوی کراودا، دەتوانێت لەگەڵ مۆرفیمی |– ی| ببێت بەسینۆنیم. هەرچی مۆرفیمی |– ی| یە زۆر لەوەش چالاکترە، چونکە (ناتوانرێت بەچەند ڕیزێك ڕوون بکرێتەوەو چواچێوەو سنووری بۆ دابنرێت.) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە).

هەروەکو ئاماژەمان پێداوە، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لەڕووی ژمارەوە، بەبەراورد لەگەڵ مۆرفیمە بەندە لێکسیکییەکان، کەمترن، بۆیەش پێوەندییە واتاییەکانیان داخراوترو سنووردارترن.

## 2–5: سینۆنیمو ئەکرۆنیم:

یەکێك لەڕێگاکانی داڕشتنو سازکردنی وشەو زاراوە (ئەکرۆنێم)ە، ڕێگایەکی جیهانییەو لەناو زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، کە (لەم سەردەمەدا تایبەتمەندییەکی زۆر پێشکەوتووی زمانە.) (یو. س. ماسلۆڤ: 1975: 198) مەبەست لێی (ئەو وشانەن، کە لەدەنگی یەکەمی وشەکانی دیکەی دروست کراون، هەندێك لەم جۆرە وشانە، پیت بەپیت گۆدەکرێنو هەندێکی دیکەیان بەشێوەی وشەی تەواو.)(ابراهیم چگنی: 1382: 11) بەواتایەکی دیکە کورتکردنەوەی چەند وشەیەکە لەناو یەك وشەدا، هەروەها (مەرج نییە تەنها بەلابردنو پەڕاندنی چەند دەنگێك دروستبکرێت، بەڵکو بەلێکدانو پێکەوەنووساندنیش دروست دەبێت.) (یو. س. ماسلۆڤ: 1975: 197) واتە ئەو وشانەی، کە کورتدەکرێنەوە، لێکدەدرێن. لەزمانی کوردیدا ئەم ڕێگایە زۆر چالاکەو نموونەی ئەم جۆرە وشانە زۆرن. وەکو:

ژ. ك : کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

حدکا: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ف. ل. ك : فەرماندەیی لەشکری کوردستان

ی. ن. ك : یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان

پ. د. ك : پارتی دێموکراتی کوردستان

پ. ك. ك : پارتی کرێکارانی کوردستان

پ. چ. ك: پارتی چارەسەری کوردستان

حسك : حیزبی سۆشیالیستی کوردستان

**ف. ھ. پ. فەرماندەیی ھێزی پێشمەرگە**

لەم نموونانەی سەرەوەدا ھەندێکیان وەکو وشەیەکی سەربەخۆ گۆدەکرێن، وەك: (پەکەکە، فەلەك)، بەڵام ئەوانی دیکە بەشێوەی پیت پیت گۆدەکرێن، تەنھا پیتی یەکەمی وشەکان وەردەگیرێتو (لەم شێوە ئەکرۆنیمەدا مۆرفیمێکی تاقانە (تاکەمۆرفیمی) دەبێت، کە لەبناغەدا پارچەپارچەیە.) (المیرا دادور: 1387: 9) وەکو: (ف. ھ. پ.، ی. ن. ك.) ئەمەش بۆ ڕێگەپێدراوی ئەو سەرەو ڕیزبوونەی کە پیتەکان ھەیانە دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەم سەرەوڕیزبوونە ڕێگەپێدراوبوو، بەشێوەی وشەیەکی سەربەخۆ گۆدەکرێت، بەڵام ئەگەر سەرەوڕیزبوونەکە ڕێگە پێنەدرابوو، ئەوا بەشێوەی پیت پیت گۆدەکرێت.

ھەر لەناو زمانی کوردیدا ھەندێك جۆری دیکە لەم وشانە ھەن، کە زمانانی دیکە بەتایبەتی لەئینگلیزییەوە ھاتوونەتە ناو زمانەکەوەو ھەربەو شێوەیەی زمانەکە گۆدەکرێن. زۆرجار لەڕووی ڕێنووسیشەوە ھەربەو ڕێنووسە دەنووسرێن. وەکو:

**ناتۆ: NATO: North Atlantic Treaty Organization**

**یونسکۆ: UNESCO: The United Nations Educational Scientific and Cultural Organization**

**ئۆپیك: OPEC: Organization of Petroleum Exporting Countries**

**یوئێن: UN : United Nations**

**فیفا: FIFA: Football International Federation Association**

**سی ئای ئەی: CIA: Central Intelligence Agency**

**ئیڤبی ئای: FBI: Federal Bureau of Investigation**

ئەم وشانەی سەرەوە کە لەزمانی کوردیشدا زۆر بەکاردێن. ناوی ڕێکخراو ودامەزراوەی جیھانین، لەناو بەشێکی زۆری زمانەکانی جیھاندا ھەربەو شێوەیە بەکاردێن. دەبێت ئەوەش بزانین، کە ناوی دامەزراوەکان بەزۆری لەلایەن ئەو دامەزراوانە خۆیانەوە بەشێوازێکی گونجاو بەشێوەی کورتکراوە، بەکاردەھێنرێن. ھەندێك لەو ئەکرۆنیمە نوێیانە بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکەنو بەشێکی قسەکەرانیش بیریان بۆ پێکھێنەرەکانی ناچێت.( Yule: 1998: 68)و ھەربەو واتاو مەبەستە بەکاریان دەھێنن.

لەزمانی کوردیدا، بەتایبەتی ئەو ئەکرۆنیمانەی کە هی زمانەکەن و لەناو زمانەکەدا دروستکراون، پتر لەنووسیندا بەکاردەهێنرێن و لەقسەکردندا ناوەکە وەك خۆی هەموو وشەکانی یان تەنها وشەی یەکەمی دەوترێت. وەکو:

| لەقسەکردن: | لەنوسین: |
|---|---|
| یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان یان یەکیەتی | ی. ن. ك |
| پارتی دیموکراتی کوردستان یان پارتی | پ. د. ك |

لەهەندێك نموونەی دیکەدا هەردوو شێوەکە وەکویەك بەکاردێن، قسەکەرانی زمانەکە بیر لەجیاوازیی بەکارهێنانیان ناکەنەوە. وەکو:

| | |
|---|---|
| پارتی کرێکارانی کوردستان | پەکەکە |
| فەرماندەیی لەشکری کوردستان | فەلەك |

لەڕووی پێکهاتنەوە ئەکرۆنیم وشەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لەبنەڕەتدا لەگرێیەك وەرگیراوە، کە گرێیەکە خاوەنی ڕۆنانی تایبەتی خۆیەتی. واتە گرێیەکە کورتکراوەتەوە بۆ وشەیەك، کە هەرئەو واتاو مەبەستەی گرێیەکە دەدات. بەم شێوەیە دوو یەکەی فۆڕمجیاوازی زمانیمان بۆ دروستدەبێت، کە یەك واتا دەگەیێنن، لەهەندێك دەورووبەریشدا دەتوانین لەبریی یەکتر بەکاریان بهێنین، بێئەوەی گۆڕانی واتایی دروستبێت. بۆیە وەك هەریەکەیەکی دیکەی زمانی، لەبەرامبەر یەکتریدا لەپێوەندیی سینۆنیمیدا دەبن. وەکو:

**فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی پەکەکە.**

**فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.**

**پۆلیسی نێونەتەوەیی لەسلێمانی تاوانبارێکی دەسگیرکرد.**

**ئەنتەرپول لەسلێمانی تاوانبارێکی دەستگیرکرد.**

**ژ. ك. لەئەیلولی 1942دا دامەزرا.**

**کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ئەیلولی1942دا دامەزرا.**

ئەگەر لەڕوانگەی سینۆنیمی ئاماژەشەوە بڕوانینە ئەم دیاردە زمانییە، ئەوا ئەکرۆنیمەکەو ناوەکە دەبنە سینۆنیم، چونکە بنەمای ئەم جۆرە سێنۆنیمە ئەوەیە (کە دوو وشە، یان زیاتر ئاماژە بەیەك شت دەدەن.) (محمد محمد یونس علی: 2004: 77) بۆیە یەك واتایان دەبێت. لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەریەك لە وشەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە)و (پۆلیسی نێونەتەوەیی، ئەنتەرپول)و (ژ. ك.، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) سەربارى ئەوەی توانیویانە لەشوێنی یەکتر بەبێ هیچ گۆڕانێکی واتایی بەکاربهێنرێن، ئاماژەش هەربەو شتە دەدەن. بۆیە دەچنە خانەی سینۆنیمەوە.

## 2-6: پێوەندیی ناوونازناو لەڕووانگەی سینۆنیمی ئاماژەوە:

وەك زانراوە، کە یەکێك لەگرنگترین بەشەکانی ئاخاوتن، ناوە، نازناویش کە ناوی دووەمە هەر لەو کەسە یان شتە دەنرێت. مرۆڤ لەڕێگەی پڕۆسەی ناونانەوە، شتەکانی دەوروبەری خۆی لێك جیادەکاتەوە. هەر لەگەڵ لەدایکبوون و سەرهەڵدانی شت و دیاردە نوێیەکاندا پێش وەگەڕخستن و بەکاربردنیان ناویان بۆ دادەنرێت. نازناو بەجۆرێك لەجۆرەکانی ناو دادەنرێت. (هۆگر مەحموود فەرەج: 2000: 155) بۆیە هەموو تایبەتییەکی ناویشی تێدادەبێت.

ناولێنراو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لەسروشتدا هەن، بۆیە هەموو وشەکانی زمانیش دەبنە ناولێنەر. زۆرجاریش ناولێنراو هەر یەکێکە، بەڵام ناولێنەر دوو یان زیاترن، هەر ئەمەش سادەترین بیری سینۆنیممان دەداتێ. ناو و نازناو کە هەردووکیان دەبن بەناولێنەر تاکە جیاوازی لەنێوانیاندا ئەوەیە، کە یەکێکیان سەرەکییەو ئەویتریان، کە نازناوە لاوەکییەو ناوی دووەمە.

ناولێنراو



ناولێنەر(1)       ناولێنەر(2) (محمد رضا باطنی: 1385: 225)

ئەم هێڵکارییە سادەترین بیری سینۆنیم پیشاندەدات. دەتوانین هەرئەو بیرە بۆ ناوو نازناو بگوازینەوە، پێوەندییەکەیان لەم ڕووەوە دەستنیشان بکەین. ئەگەر ناوەکە

بەناولێنەری(1) دابنێن و نازناوەکەش بەناولێنەری( 2) هەردووکیان بەرامبەر یەك ناولێنراو دەوەستن. بۆیە هێڵکارییەکە ئەم شێوەیە وەردەگرێت:




جۆرێکی سینۆنیم، کە تائێستا زمانەوانە کوردەکان ئاماژەیان پێنەکردووە، نموونەی ئەم جۆرەش لەزمانی کوردیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت، سینۆنیمی ئاماژەییە. ئەم چەشنە لەسەر بنەمای تیۆری واتایی ئاماژە دیاریکراوە، کە ئەم تیۆرە لەلێکۆڵینەوەی هەندێك کێشەی واتاییدا یارمەتیمان دەدات، بەتایبەتی سینۆنیم و ئەنتۆنیم و هایپۆنیم و.....هتد. (محمد محمد یونس علی: 2004: 23) ئەم نووسەرە، بۆ چارەسەری کێشەی سینۆنیم جۆرێکی تایبەتی دەستنیشان کردووە، کە بەناوی تیۆرەکەوە ناونراوە (ئاماژەیی) و (مەبەست ڕێککەوتنی دوو وشە یان زیاترە لەئاماژەپێکراوێکدا، بەپێی ئەو بنەمایە ناتوانین دوو وشە بەسینۆنیمی ئاماژە دابنێین، مەگەر ئاماژەپێکراوەکەیان یەك بێت.) (محمد محمد یونس علی: 2007: 404)

بۆنموونە لەزمانی کوردیدا بۆ محەمەد (د.خ) دەگوترێت:

**پێغەمبەر ≈ پەیامبەر ≈ ڕەسولەڵڵا ≈ فەخری کائینات ≈ خۆشەویست ≈ پیشەوای مرۆڤایەتی ≈ سەروەری مرۆڤایەتی ≈ نەبیی ئەمین ≈ فەخری عالەم ≈ سەرداری مەدینە.......هتد.**

هەریەك لەم نازناوانە بۆ محەمەد (د. خ) دانراون و ئاماژە بەکەسێك دەکەن و لەبری یەکتریش بەکاردەهێنرێن. بۆیە بەپێی ئەم تێڕوانینە دەبن بەسینۆنیم.

لە چەندین ناو و نازناوی دیکەی زمانی کوردیدا، ئەم دیاردەیە دەبینرێت و زۆرجار ناولێنراوەکە لەوانەیە شوێن یان کەس بێت. وەکو:

**سلێمانی≈ شاری هەڵمەت و قوربانی**

**سلێمانی≈ پایتەختی ڕۆشنبیری**

**هەولێر≈ شاری قەڵا و منارە**

**ڕانیە≈ دەروازەی ڕاپەڕین**

ئامەد ≈ دیاربەکر

مهاباد ≈ سابلاغ

خانە ≈ پیرانشار

ورمێ ≈ ڕەزاییە

نالی≈ مەلا خدری شارەزووری

گۆران ≈ عەبدوڵا بەگ

هەریەکێك لەمانەی سەرەوە، ئامازەپێکراوەکەیان یەکە، دوو ناولێنەرن بەرامبەر بەیەك ناولێنراو. بۆیە دەبنە سینۆنیم، چونکە (دوو وشە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبنە سینۆنیم، ئەگەر ئامازەیان بەیەك شت دا.) ( Falk:1978: 251) زۆرجارو لەهەندێك دەورووبەریشدا لەبری یەکتری هەربەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن.

## 3 – 1: ڕستەو پێکهاتەکەی:

ڕستە وەك دانەیەکی زمانی، خاوەن پێکهاتەو ڕۆنانی تایبەتی خۆیەتی. لەمێژووی زمانەوانیشدا، تێڕوانینی جیاجیای لەبارە هەیە. بۆیە لەڕووانگەی جۆراوجۆریشەوە کەوتووەتە بەر لێکۆڵینەوە، قوتابخانەو ڕێبازی زۆریش لەبارەی ڕستەوە سەریانهەڵداوە. هەر ئەمەش وایکردووە، کە بەگوێرەی هەریەکێك لەم قوتابخانەو ڕێبازانە تێگەیشتن لەچەمکی ڕستەو پێکهاتەکەیو لایەنی واتاییەوە جیاوازبێت. بۆیە کریستەڵ باوەڕی وایە، کە (باشترین پێناسەی ڕستە نادۆززرێتەوە.) (محمد معروف فتاح: 1990: 98) بۆیە سروشتی کارەکان بڕیاری جۆری تێڕوانینەکە لەبارەی چەمکی ڕستەوە دەدات.

ئەوانەی لەڕووی پێکهاتەوە لەڕستە دەڕوانن، پێیان وایە، کە ڕستە لەڕەگی کارو پێداویستییەکانی پێکدێت. (عبدلله حسێن ڕەسوڵ: 2005: 8) هەروەها لەناو دانە زمانییەکاندا، ڕستە بەگەورەترین یەکەی زمانی دادەنرێت لەشیکردنەوەی ڕێزماندا، (محمد معروف فتاح: 1990: 98) کە لە چەند فرێزێك پێکدێتو فرێزەکانیش لەوشەو هەندێك جار وشەکانیش لەمۆرفیم، بەڵام بەم پێیەبێت دەقو گوتن بە دانەی زمانی هەژمارناکرێن. ئەمەش لەگەڵ بیرورِا نوێیەکانی زمانەوانیدا ناگونجێت، چونکە پێوەندییە زمانییەکان لەنێو ئەم دانە زمانییانەشدا هەن.

سروشتی کارەکەی ئێمەش، وادەخوازێت، کە لەڕوانگەیەکی تایبەتەوە لەڕستە بڕوانین، چونکە وەك دانەیەکی واتایی سەربەخۆ، مامەڵە لەگەڵ ڕستەدا دەکەین، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو فۆڕمە زمانییە سەربەخۆیەیە، کە پێوەندیی ڕێزمانی نەیکردووە بە بەشێك لە فۆڕمی زمانیی گەورەتر. (سەرچاوەی پێشوو: 99) ئەم فۆڕمە زمانییە واتایەکی تەواوی هەیەو خاوەنی دروستەیەکی واتاییە، کە دەتوانرێت لەم ڕووانگەیەشەوە لێکدانەوەی تایبەتی بۆبکرێتو وەك دانەیەکی لێکسیکی لەڕووی

واتاییەوە تەماشای بکرێتو هەموو ئەو تایبەتمەندییە واتاییانەشی تێدایە، کە لەهەر دانەیەکی دیکەی لێکسیکیدا هەن. بۆیە وەك فۆڕمێکی سەربەخۆش مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

بەشێوەیەکی گشتی ڕستە لەڕووی پێکهاتنەوە ((لەدوو فرێزی سەرەکی پێکدێت، کە بریتییە لەفرێزی ناویو فرێزی کاری.)) (فەرەیدون عەبدول محەمەد: 1998: 25) هەریەکێکیش لەمانە لەناوخۆیاندا ڕۆنانو پێکهاتەی تایبەتی ڕێزمانیو واتاییان هەیە. ڕێبازی بەرهەمهینانو گواستنەوەی چۆمسکیش هەر بەم پێیە، ڕستە شیدەکاتەوە. هەندێك جاریش گرینگیی فرێزەکان بۆ دروستکردنو ڕۆنانی ڕستە، وەکو یەك نین، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا، ڕستە هەرگیز بەبێ بوونی فرێزی کاری دروست نابێت. (حاتەم وليا محەمەد: 2000: 66) بۆیەش بەکەرەستەیەکی بنچینەیی و سەرەکی دادەنرێت. لەڕووی ڕۆنانیشەوە ((سادەترین گرێی کاری لەڕەگێكو ڕاناوێك پێك دێت.)) (فەرەیدون عەبدول محەمەد: 1998: 25) هەرچی فرێزی ناوییە، دەشێت لەئاستی سەرەوەدا بەمۆرفیمی سفر دەربڕدرێت، بۆیە زۆر ڕستە هەن، کە فرێزی ناوییان لەئاستی سەرەوەی ڕستەکەدا دەرنەکەوێتو لەڕێگەی واتاو سەلیقەی زمانەوانییەوە هەست بەبوونی دەکرێت. (دیار عەلی کەمال: 2002: 42) بەڵام ئەمە لەچەند بارێکی تایبەتدا دەبێت، ئەگینا بەشێوەیەکی ئاسایی هەردوو فرێزەکە دەردەکەون. لەڕووی پێکهاتنیشەوە ((سادەترین گرێی ناوی، لەناوێك پێکدێتو دەشێت بەهۆی ئاوەڵناوەوە یان ناوی ترەوە فراوان بکرێ.)) (فەرەیدون عەبدول محەمەد: 1998: 25) بۆنموونە ئەم ڕستەیەی خوارەوە، بەپێی ئەم ڕێبازە، بەم شێوەیە شیدەکرێتەوە:



منالێك       ساوا       لەبرسان       دەگریا

لەشیکردنەوەی ئەم ڕستەیەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە هەریەکێك لەفرێزەکان، دەکرێت بەکەرەستەی جیاجیا فراوان بکرێن، بەجۆرێك کە ((دەشێ ئەم فراوانکردنەش لەپێشەوە یا لەدواوە یا لەهەردوو لای)) (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: 2008: 200) سەرە(head)وە بێت.

لەڕووی پێکهاتنەوە، ڕستە بەپێی ڕێبازی ئەرکی، دابەشکردنێکی دیکەی بۆکراوە، کە لەڕێبازی گواستنەوەوە نزیکە، بەڵام لەناونانی کەرەسەکانو گرنگییاندا جیاوازییان هەیە، بەجۆرێك، کە ئەم ڕێبازە (وا تەماشای ڕستە دەکات، کە لەدوو بەش پێکدێت: یەکەمیان پێیدەوترێت باس theme دووەمیان پێیدەوترێت خواس Rheme) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2008: 23) ئەگەر بەپێی ئەم ڕێبازەش ئەم ڕستەیەی سەرەوە بۆ پێکهاتەکانی شیبکەینەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:




بەهەر تێڕوانینێك بێت، ڕستە لە چەند یەکەیەکی زمانی پێکدێتو بەهەموویان یەکەیەکی گەورەتر لەخۆیان پێکدێنن، کە خاوەنی ڕۆنانێکی واتایی بەهێزە. هەموو ئەم دانە واتاییانەش لەچوارچێوەیەکدا کۆکراونەتەوەو ئەم دانە واتاییەیان لێپێکهاتووە، کە خاوەنی ڕۆنانێکی واتاییو ڕێزمانیی تایبەتی خۆیەتی، دەشێت هەریەکەیان بکرێن بەلایەنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی سینتاکسی.

## 2-3: واتای ڕستە:

لە دیاریکردنی یەکە واتاییەکاندا، ڕستە زۆرجار بەگەورەترین یەکەی واتایی دانراوە، بەڵام لێکۆڵینەوە واتاییە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە لە سەرووی

ڕستەشەوە گوتنو دەقو ئاخاوتن خاوەنی ڕۆنانی واتایین. بۆیە دەکرێت لەڕوانگەی واتاییشەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێتو وەك دانەی واتایی لێیانبڕوانرێت.

بۆ دەستنیشانکردنی پێوەندیی نێوان ڕستەو واتا، دەبێت پێوەندیی نێوان ڕستەسازیو واتاسازی دیاریبکەین، کە پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە. ((ئەمەش بۆ کارەکانی چۆمسکی دەگەڕێتەوە، کە لەکتێبی پێکهاتە ڕێزمانییەکان 1957 ئەم پێوەندنییە بەم شێوەیە پیشاندەدات.)) (سەلام ناوخۆش: 2008: 72)




بەو پێیە هەموو ڕستەیەك خاوەنی پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆژییە، کە مەبەست لەو زنجیرە دەنگییەیە، کە لەڕێی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێن، هەروەها پێکهاتەیەکی سیمانتیکییش هەیە، کە واتای ڕستەکە هەڵدەگرێتو بەپێی یاساکانی گواستنەوەش ئەم دوو پێکهاتەیە پێکەوە دەبەسترێنەوەو پێوەندیی نێوانیان دیاریدەکرێت.

زۆرجار لەلێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، دیاریکردنو دەستنیشانکردنی سنوورێك لەنێوان واتاو ڕێزماندا هەبووە، بەڵام کاتێك باس لەواتای ڕستە دەکرێت، ئەمە نەگونجاوە. بەبڕوای جۆن لاینز ئەستەمە سنوور لەنێوان ڕێزمانو واتادا دابنرێتو هەموو ڕستەیەك دەبێت بنەماکانی پەسەندیی ڕێزمانیو پەسەندیی واتایی تێدابێت. (نور الهدی لوشن: 2006: 86) ئەگەر هەر ڕستەیەکیش یەکێك لەم دوو بنەمایە ببەزێنێت، نەگونجاو دەبێت. بەم پێیەش واتاو ڕێزمان تێکەڵی یەکترینو جیاکردنەوەیان کارێکی نەگونجاوە. وەك:

**دوێنێ ڕاوکەرەکان کەروێشکێیان ڕاوکرد.**

*** دوێنێ ڕاوکەرەکان کەروێشکێك ڕاودەکەن.** ناپەسەندی ڕێزمانی

*** دوێنێ کەرویشکەکان ڕاوکەرێکیان ڕاوکرد** ناپەسەندی واتایی

زۆرجار بۆلێکدانەوەی واتای وشەش پەنادەبرێتەبەر واتای ڕستە، هەندێك لەزمانەوانان پێیانوایە، پەیوەستبوون بەو باسانەی، کە لەئاستی یەکە دابڕاوەکاندان خۆهەڵخەڵەتاندن و خەیاڵە، چونکە واتای وشە بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو ڕستەدا دەیبینێت، دەگۆڕێت. (کلۆدجیرمان و ریمۆن لوبلان: 2006: 73) بۆنموونە ئەگەر تەماشای وشەی (خواردن) لە هەریەکێك لەم ڕستانەی خوارەوەدا، بکەین دەبینین کە واتای جیاجیا دەدات:

| | |
|---|---|
| جگەرە ناخۆم. | (کێشان) |
| پارەکەت ناخۆم. | (خەرجکردن) |
| خەفەت ناخۆم. | (هەڵگرتن) |
| بلۆکی تەواو ناخوا | (پێویست بوون) |
| سوێند ناخۆم. | (قسم) |
| ڕۆژوو ناخۆم. | (گرتن) |
| تەڵاق ناخۆم. | (گوتن) |
| سێوەکە ناخۆم. | (خواردن) |

هاوڕێیەتیcollocation [1] وشەکان، لەهەریەکێك لەم ڕستانەی سەرەوەدا واتای جیاواز دەگەیێنێت. بۆیە ناتوانین لەواتای وشەی (خواردن) بگەین، ئەگەر لە دەوروبەرو ڕستەدا نەبێت، چونکە وەك دیارە لەهەر ڕستەیەکدا واتایەکی تایبەتی هەیە. لەبەرئەوە (وشە واتاکەی ڕوون نابێتەوە تەنها لە بەکارهێناندا نەبێت.)(سەرچاوەی پێشوو: 30)

کاریگەریی ڕێزمانیش ڕۆڵی خۆی لەدیاریکردنی واتای ڕستەدا هەیە، بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین، واتای ڕستە لەواتای ئەو کەرەستانەوە کە پێکیدەهێنێت لەگەڵ ڕۆنانی سینتاکسی، پێکدێت. (جون لاینز: 1987: 24) کەواتە ڕستە واتاکەی زیاترە لە کۆی واتای وشەکانی، ئەگەر تەماشای واتای هەریەك لەم دوو ڕستەیە بکەین، واتاکانیان جیاوازە، کەچی هەر لەو وشانەش پێکهاتوون. (Falk: 1987 :253) جیاوازییە واتاییەکەیان بۆ ڕێکخستنی کەرەسەکانی دەگەڕێتەوە. وەکو:

مناڵەکە سەگەکەی ڕاونا.

سەگەکە مناڵەکەی ڕاونا.

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پێکەوەهاتن (باهم ایی)، بڕوانە: (ازیتا افراشی: 1381)

ئەم دوو ڕستەیە لەڕووی واتاوە دژیەکن، بەڵام وشەکانیان هەرئەو وشانەن و لەهەردوو ڕستەکەشدا هەر بەو واتا فەرهەنگییەی خۆیان بەکارهاتوون. ئەم دژیەکییە بۆ کاریگەریی ڕێزمانی دەگەڕێتەوە، چونکە تەنها بەگۆڕینی شوێنی بکەرو بەرکار واتای ڕستەکە پێچەوانە دەبێتەوە. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ((واتای ڕستە بریتییە لە (واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی)) (عبدالواحید مشیر دزەیی: 2005: 42) ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە واتای ڕستە بڕوانین، ئەوا تەنها واتای سیمانتیکیی ڕستە لێکدەدەینەوە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە ڕستە خاوەنی واتایەکی پڕاگماتیکییە. بۆیە دەبێت بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە، ئەم جۆرە واتایەش لەبەرچاوبگرین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی لە واتاسازیی ڕستە دەکۆڵنەوە، پێیانوایە، دەبێت بیردۆزەکانی واتاسازی، واتای ڕستەی ناوێزەو پێچەوانەو لێڵ و سینۆنیم و هایپۆنیم و بەش لەگشت و.....هتد لێکبداتەوە. (طالب حسێن علی: 1998: 36و37)

لێکدانەوەی بەشێك لەواتای ڕستەکانیش بەلایەنی واتای پڕاگماتیکییەوە پەیوەستە، چونکە ئەو کەرەستانەی ڕستەکە پێکدەهێنن، سیمانتیك و ڕێزمان لە توانایدا نییە واتاکانیان لێکبداتەوە. (هۆگر مەحموود فەرەج: 2000: 6) بۆیە پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی دەورووبەر لەبەرچاوبگرین، بەشێوەیەك کە هالیدەی باوەڕی وایە زمان دەبێتە زمان بەهۆی بەکارهێنانی لەباری دەورووبەردا، هەرچی تێشیدایە بەدەوروبەرەوە بەستراوە. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2008: 30)

بەشێکی زۆری ڕستەکان سەرباری ئەو واتا سیمانتکییەی کە هەیانە ئەو کاریگەرییە ڕێزمانییەشی کە لەسەر واتاکە هەیە، هێشتا واتاکانیان لێکنادرێتەوە، بەتایبەتی لەکاتی بوونی نیشانەی پڕاگماتیکی، بۆیە پێویستمان بەدەورووبەر دەبێت بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتن لەواتاکانیان بۆیە واتای پڕاگماتیکی ڕستە (بریتیە لە واتای سیمانتیکی + واتای دەورووبەر) (عبدلواحید موشیر دزەیی: 2005: 52) بۆیە لەلێکۆڵینەوەی واتای ڕستەدا ناکرێت واتای پڕاگماتیکی لەبەرچاونەگرین، بۆنموونە:

**هەر گەلاویژ بئەنگوێ شەو فێنك دەبێت.**

لەم ڕستەیەدا دەبێت گوێگر شارەزاییەکی تەواوی لەژیانی لادێی و کستوکاڵ کردندا هەبێت، ئەوجا لەواتای ڕستەکە تێدەگات، چونکە نیشانەیەکی پڕاگماتیکیی کاتی تێدایە، کە واتاکەی لای هەموو کەس ڕوون نییە.

## 3-3: پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی ڕستەدا:

وەك چۆن پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی وشەو مۆرفیمدا هەن، هەربەوشێوەیە لەئاستی ڕستەشدا هەن، دەستنیشانکردنی ئەم پێوەندییانەش بۆ کارەکانی کاتزو فۆدەر دەگەڕێتەوە، کە باوەڕیان وایە، دەبێت تیۆری واتایی، ڕستەش لێکبداتەوە. پێوەندی نێوان ڕێزمان واتا لەبەرچاوبگرێت. (کورش صفوی: 1387: 59) بۆیە ئەو تیۆرییانەی، کە واتای وشە لێکدەدەنەوە واتای ڕستەش لێکدەنەوەو پێوەندییە واتاییەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دیاریدەکرێن. جا ئەگەر تەماشای ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین، ئەوا بوونی بەشێکی زۆری پێوەندییەکانمان باشتر بۆ دەردەکەوێت:

هاوڕێکەم ڕەبەنە.

هاوڕێکەم ژنی نەهێناوە.

هاوڕێکەم سەڵتە.

ئەم ڕستانەی سەرەوە سینۆنیمن، چونکە دەتوانرێت لەبریی یەکتری لەدەورووبەری جیاجیادا بەکاربهێنرێن و واتاکانیشیان تەواو لێکنزیکن یان دەتوانین بڵێن وەکیەکن. ئەگەر لەم ڕستانە وردبینەوە:

ئەمڕۆ هەوا گەرمە.

ئەمڕۆ هەوا ساردە.

ئەم دوو ڕستەیەش دژیەکن، هەردوو وشەی (گەرم)و (سارد) کە دژیەکن، واتای ڕستەکەشی کردووە بە دژیەك. هەروەها ڕستەکانی، وەکو:

باخەکەمان میوەی باشی گرتووە.

بەخەکەمان هەناری باشی گرتووە.

باخەکەمان هەرمێی باشی گرتووە.

لەنێوان ئەم ڕستانەشدا پێوەندیی هایپۆنیم (گرتنەوە) هەیە، بەشێوەیەك کە ڕستەی یەکەم واتای هەردوو ڕستەکەی دیکە لەخۆدەگرێت. هەروەها ئەگەر لە پێوەندیی ئەم دوو ڕستەیە بڕوانین:

ئەو مەیموونە شیر بەبێچوەکانی دەدات.

ئەو مەیموونە مێیە.

پێوەندیی واتایی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا پێوەستبوونی واتایییە entailment، کە مەبەست لێی ئەوەیە، واتای ڕستەی یەکەم بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەواتای ڕستەی دووەمەوە پەیوەستە. یان ڕستەکانی وەکو:

**ئازاد لەهەولێرەوە نامەیەکی بۆ ناردم.**

**ئازاد لەهەولێربوو.**

پێوەندیی واتایی نێوان ئەم دوو ڕستەیە، گریمانە پێشەکییەکانە Presupposition بەوەی کە لە واتای ڕستەی یەکەمەوە، گریمانەی واتای ڕستەکەی دیکە، دەکرێت. ئەم ڕستەیەی خوارەوەش پێوەندیی هاوبێژی Homonymی هەیە، وەکو:

**پێم داگرت**

ئەم پێوەندییە واتاییە لەئاستی وشەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت، (ڕستەش کاتێك هاوبێژ دەبێت، کە دوو ڕستە یان زیاتر لەسیمادا جووت بن، بەڵام لەئاستی ژێرەوەدا زیاتر لەلێکدانەوەیەکی هەبێت) (صباح ڕشید قادر: 2000: 18) بەواتایەکی دیکە (دانە زمانییەکان کە تەنها لەڕووی فۆنەتیکەوە لێك دەچن (بەڵام لە واتادا جیاوازن لەیەکتری‌و پێیان دەڵێن هاوبێژی) (Bloomfield:1954: 145) بەم پێیە ئەم ڕستەیەی سەرەوە، ئەم دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

**من سووربووم لەسەر کارەکە.**

**بارەکەم پێ هێنایە خوارێ.**

هەرئەمەش ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی لێڵی لەئاستی ڕستەدا، دەشێت بەهۆی گواستنەوە، یان بەکارهێنانی لەدەورووبەردا ڕوونبکرێتەوە. هەروەها دەشێت لەئاستی ڕستەدا پێوەندیی فرەواتایی Polysemy یش هەبێت. بەنموونە ڕستەیەکی وەکو:

**سەری هەڵدایەوە.**

ئەم ڕستەیە، کە لەسیمادا یەك ڕستەیە، بەڵام لەڕۆنانی ژێرەوەدا بەمانای:

1- بەمانای پەیدابوویەوە، ژیانەوە دێت. وەکو:

**کێشەکە سەری هەڵدایەوە.**

2- بەمانای سەر لابردن لەسەر شتێك، وەك:

سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە. (صباح ڕشید قادر 2000: 27)

بەم پێیەش ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەبێتە فرەواتا، قسەکەر دەتوانێت زیاتر لەواتایەك بەم دەربڕینە بگەیێنێت.

پێوەندییە واتاییەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا[1] سنوورەیان تەسکتر نییە، لەئاستی دانە واتاییەکانی دیکە، بەڵام لەزمانی کوردیدا کەمتر لەم ئاستەدا باسکراون.

## 3-4: سینۆنیم بوونی ڕستە:

کاتێك باس لەسینۆنیم لەئاستی ڕستەدا دەکرێت، پێویستە بەر لەهەموو شتێك، ئەو ڕێبازو قوتابخانەیە دیاریبکەین، کە لێوەی دەڕوانینە ڕستەو کارەکەمانی پێ شیدەکەینەوە، چونکە جیاوازییەکی زۆر، لەنێوانیاندا، لەبارەی دیاریکردنی ڕستە سینۆنیمەکان و پێوەرەکانیان بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جۆرە ڕستانە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین:

1- لەم وڵاتەدا ڕۆژانە هەزاران کەس بەدووای خەمی ناندا وێڵن.

2- ڕۆژانە هەزاران کەس لەم وڵاتەدا بەدووای خەمی ناندا وێڵن.

3- هەزاران کەس ڕۆژانە لەم وڵاتەدا وێڵن بەدووای خەمی ناندا.

4- لەم وڵاتەدا هەزاران کەس ڕۆژانە بەدووای خەمی ناندا وێڵن.

ئەگەر بەپێی ڕێبازی گواستنەوە، لەم چوار ڕستەیەی سەرەوە بڕوانین، لەڕووی واتاوە سینۆنیمن، ڕستەکانی ( 2، 3، 4) تەنیا لەڕووی داڕشتنەوە لەگەڵ ڕستەی ( 1) جیاوازن و لەویشەوە وەرگیراون، بەپڕاکتیزەکردنی یاسای گواستنەوە. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2008: 15)

ئەگەر بەپێی ڕێبازی ئەرکی یان واتای بابەتی، کە (بریتییە لەڕیزکردنی دانەکانی ڕستە بەگوێرەی دەورووبەری بەکارهاتوو.) (یحیی أحمد: 1989: 72) لەو ڕستانەی سەرەوە بڕوانین، نابن بەسینۆنیم، هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز دەبەخشن چونکە هەریەکەیان بۆ دەورووبەرێك دەگونجێت. هەریەکەیان دەبێتە وەڵامی پرسیارێکی تایبەت.[2] کەواتە بەپێی ڕێزمانی ئەرکی ناتوانین بڵێین ئەم ڕستانە سینۆنیمن.

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (کورش صفوی: 1385) و(کورش صفوی: 1387)

[2] - بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (یحیی أحمد: 1989) و (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2008)

(ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2008: 15) بۆیە ئێمە کاتێك باس لە سینۆنیم لەچوارچێوەی یەکە سینتاکسیەکاندا دەکەین، لەڕوانگەی ڕێبازی گواستنەوەوە لەم یەکە واتاییانە دەڕوانین. لایەنی ئەرکی، کە خۆی لەچوارچێوەی واتای بابەتیدا دەبینێتەوە، ڕەچاوناکەین.

مەبەست لەسینۆنیم لەئاستی ڕستەدا ئەوەیە، کە (بتوانین لەزنجیرە وتنێکدا ڕستەیەك لەشوێنی ڕستەیەکی دیکە بەکاربهێنین، بەبێ‌ئەوەی کە واتای گشتیی زنجیرە وتنەکە تێکبچێت.) (کورش صفوی: 1387: 132) هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەوەی بۆ سینۆنیم لەچوارچێوەی وشەدا دەوترێت، بۆ ئاستی ڕستەش گونجاوە، چونکە ئەم دیاردەیە، لەزماندا پێویستە بەپێی بەکارهێنان تەماشای بکەین. ئەمەش لەئاستی ڕستەو وشەش هەریەك شتە، بەجۆرێك کە بەکارهێنان‌و شوێن گۆڕکێی وشەکان، بەبێ گۆڕانی واتا لەناو ڕستەدا وشەی سینۆنیم دروست دەکات، هەروەها گۆڕینی ڕستەکانیش بەبێ گۆڕانی واتا لەچوارچێوەی دەق‌و ئاخاوتندا ڕستەکان دەکات بەسینۆنیمی یەکتری.

بەپێی بیروباوەڕی لاینز، هەر چەشنێك لە دانەکانی زمان، کە واتای وەکیەکیان هەبێت، دەبن بەسینۆنیم، بەپێی ئەم تێڕوانینە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە نەك تەنها وشەکان، بەڵکو فرێزو ڕستەکانیش دەتوانن ئەم تایبەتمەندییەیان هەبێت. (میترا معدنی: 1383: 104) بۆیە کاتێك باس لەسینۆنیم دەکرێت، پێویستە ئاماژە بەهەموو دانە زمانییەکان هەر لەفۆنیمەوە تاوەکو دەگاتە ڕستەو سەروتریش بکەین.

ئەوەی کە سینۆنیم لەئاستی ڕستەدا جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە چەندین ڕێگەی جیاجیا بۆ بەسینۆنیمکردنی دوو ڕستە هەن،[1] بەڵام بەهەر شێوازێك بێت بەوە پێناسە دەکرێت، کە (بریتییە لەپێوەندیی نێوان دوو ڕستە، کە یەك واتا هەڵدەگرن.) (بەکر عومەر علی: 2000: 81) ئەم واتایەش نابێت لەهیچ یەکێك لەڕستەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی هەبێت، کە واتای گشتیی دەقەکە یان ئاخاوتنەکە بگۆڕێت، چونکە لەئاستی ڕستەشدا سینۆنیم نزیکیی واتاییە نەك یەکسانی واتایی.

لەڕووی دووبارەبوونەوەی واتاشەوە، دووبارەبوونەوەکە لەئاستی ڕستەدا دەبێت، (هێمن عومەر خۆشناو: 2010: 136) ئەمەش لەچوارچێوەی دەق یان ئاخاوتندا دەبێت، بەتایبەتی کاتێك نووسەر یان قسەکەر بییەوێت ڕستەیەك یان دەربڕینێك

---

[1] – بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ( 3 – 6 )

دووباره بكاتەوە، بەڵام هەرئەو فۆڕمە بەكارنەهێنێتەوە، بۆیە پەنادەباتە بەر هەڵبژاردنی ڕستەیەكی سینۆنیم، لەڕووی ڕواڵەتی زمانیشەوە جوانكاریی ئەم دەقە پتر دەبێتو چێژێكی زیاتر، لەخوێندنەوەی دەقەكەدا، دەبەخشێت.

## 3-5: سینۆنیم لەچوارچێوەی فرێزدا:

فرێز وەك دانەیەكی زمانی، دەكەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە، لەدیارخراوێكو دیارخەرێك یان زیاتر پێك دێت. (ئاواز حمەصدیق بەگیخانی: 1996: 50) هەندێك جار بەدیارخراوەكە دەوترێت سەرە، هەریەك لەدیارخراو و دیارخەریش (پێكەوە یەكەیەكی ڕێزمانیی تاك دروست دەكەن.) (كەمال میراودەلی: 2007: 86) سەرباری ئەوەی كە پێوەندییەكی ڕێزمانی پێكەوەیان دەبەستێتەوە، لەڕووی واتایشەوە، بەدانەیەكی واتایی هەژماردەكرێتو پێوەندی واتاییش ڕۆڵێكی گرنگ، لەدروستكردنی ئەم یەكە زمانییە و داڕشتنی لە قاڵبێكدا دەبینێت.

پێوەندییە واتاییەكان لەچوارچێوەی فرێزیشدا دەبینرێن، وەك هەموو دانە واتاییەكانی دیكە، لەنێویشیاندا سینۆنیم. بەگشتی مەرج نییە، ئەم دیاردە واتاییە هەر لەسەر بنەمای وشە دروست ببێت، لە دەقدا لەسەرووی وشەشەوە دەبینرێت، لەوانە دوو فرێز دەبن بەسینۆنیم. (شێركۆ حمەئەمین قادر: 2009: 64)، وەكو:

**كوردستانی باكور≈ كوردستانی توركیا**

**كوردستانی ڕۆژهەڵات≈ كوردستانی ئێران**

**كوردستانی باشور≈ كوردستانی عێراق**

**كوردستانی ڕۆژئاوا≈ كوردستانی سوریا**

**لەهەولێر≈ لەپایتەختی كوردستان**

سینۆنیمبوونی هەریەك لەم فرێزانەی سەرەوە، بۆ زانیاریی قسەكەرو گوێگر لەبارەی جیهانی دەرەوە دەگەڕێتەوە. لێرەدا وشەكان، ڕۆڵیان لە دروستكردنی فرێزی سینۆنیمدا نەبینیووە، كە بەزۆری ئەم ڕێگایە لەفرێزدا كارایە. بۆنموونە:

**لەبن ≈ لەژێر**

**لەسەر ≈ لەبان**

**بەهاوڕێیەتی≈ بەبرادەرایەتی**

**باشترین ڕۆمان≈ ڕۆمانی هەرەباش**

نیوەی کتێبەکە≈ یەك لەسەر دووی کتێبەکە

سێیەکی زەوییەکە≈ یەك لەسەر سێی زەوییەکە

زۆرجار بەهۆی جێگۆڕکێی دیارخەرو دیارخراوەوە، دوو فۆڕمی جیاوازی فرێزێکمان بۆ دروستدەبێت، کە هەردووکیان دەبنە سینۆنیم، چونکە هەرئەو واتایە دەگەێنن‌و دەتوانرێت لەبریی یەکتری بەکاربهێنرێن. وەکو:

جەنگی یەکەمی جیهانی≈ جەنگی جیهانی یەکەم

کوردستانی باکور≈ باکوری کوردستان

کوردستانی ڕۆژهەڵات≈ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سێیەمین کۆڵان≈ کۆڵانی سێیەمین

خانووی یەکەم≈ یەکەم خانوو

هەریەکێك لەم فریزانەی سەرەوە، بە هۆکارێك بوون بەسینۆنیم، لەوانە جێگۆڕکێی کەرتە پێکهێنەرەکانی (دیارخەر و دیارخراو)ی فرێزەکە، یان بوونی وشەی سینۆنیم لەناو فرێزەکەدا، یان بەپێی زانیاریی قسەکەرو گوێر لەبارەی جیهانی دەرەوە، فرێزەکان بوونەتە سینۆنیم. کە هەریەکەیان کاریگەرییان لەدروستکردنی ڕستەی سینۆنیمدا هەیە.

بەم پێیە، دوو دانەی زمانی، کە لەڕووی پێکهاتنەوە پێیان دەڵێن فرێز، دەبن بەسینۆنیم. (بەڵام هەموو کاتێك دوو ڕۆنانی چوونیەك مەبەستمان کورتی‌و درێژی پێکهاتەکانە نابن بەسینۆنیم، لە دەقدا زۆرجار فرێز سینۆنیمی وشە دەبێت) (سەرچاوەی پێشوو: 65) هەروەکو لەپێکهاتەی وشە سینۆنیمەکانیشدا ئاماژەمان پێدا، دانەی زمانیی جیاجیا لەڕووی ڕۆنانەوە دەتوانن ببن بەسینۆنیم، بەڵام لێرەدا دوو یەکەی جیاواز، کە هەریەکەیان سەربە ئاستێکی زمانن، ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دەبینرێت. لێرەشەوە پێوەندییەکی دیکەی ئاستی مۆڕفۆلۆژی‌و سینتاکسی لەڕووی واتاییەوە دەردەکەوێت. وەکو:

زمانەوانی≈ زانستی زمان

برازا ≈ کوڕی برا

ئابووری زانی≈ زانستی ئابووری

هێمالۆژی≈ زانستی هێما

بەردەنوێژ≈ بەردی نوێژ

ئەم ڕێگایە، دەکرێت لە پێوەندیی نێوان ئەکرۆنیم [1] و ناوە تەواوەکەشدا ببینرێت، بەجۆرێك کە ئەکرۆنیمەکە وەك وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ناوە ئەکرۆنیم کراوەکە لەبنەڕەتدا فرێزێکی ناوییە. دیارە پێوەندیی نێوانیشان بەجۆرێك لەسینۆنیم هەژماردەکرێت. وەکو:

فیفا ≈ یەکیەتی تۆپی پێی جیهانی

سی ئای ≈ سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال

یو ئێن ≈ نەتەوەیەکگرتووەکان

## 3– 6: ڕێگاکانی بەسینۆنیم بوونی ڕستە:

لەهۆکارەکانی دروستبوونی سینۆنیمدا، ئاماژەمان بەوە دا، کە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردە واتاییە، لەهەموو زمانەکانی دونیادا، کۆمەڵێك هۆکار هەن. هەرچەندە ئەم هۆکارانە زیاتر لەچوارچێوەی وشەدا باسیان لێوەکراوە. هەندێکیشیان دەتوانن لەدروستکردنی ڕستەی سینۆنیمدا کاریگەربن، سەرەڕای ئەمانەش چەند ڕێگایەکی دیکە، بۆ پەیدابوونی ڕستەی سینۆنیم هەن، کە بەگشتی ئەمانەی خوارەوەن:

### 3–6–1: جێگۆڕکێی کەرەستەکان:

کەرەستەکان بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی ڕستەدا دوو جۆرە ڕیزبوونیان هەن، ڕیزبوونی چەسپاو، کە بوار بەکەرستەکان نادات جێگۆڕکێیان پێبکرێت. ڕیزبوونی ئازاد، کە کەرەستەکان دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن. (تالیب حسێن علی: 1998: 10) ئەم ڕێگایە تەنها دەتوانێت لەو جۆرە ڕستانەدا ڕۆڵ ببینێت، کە ڕیزبوونێکی ئازادیان هەیە. لەبەرئەوەی لەم جۆرەیاندا (ڕیزبوونی کەرەسەکان لەچوارچێوەی ڕستەدا چەند شێوازێکی جیاوازی هەیە، بێئەوەی کار لەواتای ڕستەکە بکات.) (محمد علی الخولی: 1983: 98) ئەم شێوە جیاوازە ڕیزبوونانەش دەتوانن ببن بەسینۆنیم، چونکە هەر ئەو واتایە لەفۆڕمی جیاجیادا بەدەستەوە دەدەن. پێشی دەوترێت (گوێزانەوە، ئەمەش بەگۆڕینی شوێنی وشەکان لەناو ڕستەدا دەکرێت، بەتایبەتی لەو زمانانەدا، کە جێگۆڕکێی کەرەسەکان ڕێگەپێدراوە.) (احمد مختار عمر: 1982: 222) وەکو:

---

[1] -بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت ئەکرۆنیمو سینۆنیم، بڕوانە: (2– 4)

شەماڵو بێری خوشكو بران.

بێری‌و شەماڵ براو خوشكن.

ئازادو شاسوار وەستاو شاگردن.

شاسوارو ئازاد شاگردو وەستان.

هەموو ساڵێك لەمانگی ئایاردا وەرزی دروێنە دەستپێدەكات.

وەرزی دروێنە هەموو ساڵێك لەمانگی ئایاردا دەستپێدەكات.

لەم ڕستانەدا، جێگۆڕكێ بەوشەكان كراوە، بەڵام واتای ڕستەكان هیچ گۆڕانێكیان بەسەردانەهاتووە. ڕستەكانیش دەبن بەسینۆنیم، چونكە (لەئاستی سەرەوەدا دوو فۆڕمی جیاوازیان هەن، بەڵام بەهۆی بوونی سیمای واتاییی هاوبەشی وشەكانو واتای یەكسانیان، سینۆنیمن.) (احمد ابو محبوب: 1383: 131) هەتاوەكو ڕستەكانیش بەكەرەسەی جیاجیا فراوانتر بكرێن، بوارو ڕێگاكانی ڕیزبوونەكەش زیاتر دەبن. بۆیە ڕستە فۆڕم جیاوازەكانیش هەربەو واتایە، فۆڕمی جۆراوجۆریان دەبن بەسینۆنیمی یەكتری‌و دەتوانرێت لەبریی یەكتر بەكاربهێنرێن.

جۆرێكی دیكەی جێگۆڕكێ لەنێوان تەواوكەر و بكەردایە، لەگەڵ گۆڕینی كردارەكە بە دژەكەی. (كورش صفوی: 1387: 132) كە تەنها لەدژیەكیی پێچەوانەیی بۆ ئەم جۆرەیان گونجاوە. وەكو:

ئازاد خانووەكەی لەباوكم كڕی.

باوكم خانووەكەی بەئازاد فرۆشت.

كاروان نامەیەكی لەنەورۆزەوە پێگەیشت.

نەورۆز نامەیەكی بۆ كاروان نارد.

لە هەریەكێك لەم ڕستانەدا، گۆڕینەوەی بكەرو تەواوكەر لەلایەكو گۆڕینی كردارەكە بەدژیەكی پێچەوانەی لەلایەكی ترەوە، دوو ڕستەیان دروستكردووە، كە هەرئەو مەبەستە بەدەستەوە دەدەن. بۆیە (ئەم ڕستانەی سەرەوە لەوەدا سینۆنیمن، كە هەموویان دەربارەی یەك ڕووداون.) (یوسف شەریف سەعید: 2009: 63) هەر لەبەرئەوەشە، كە دەتوانین بەسینۆنیم هەژماریانبكەین.

## 3– 6–2: بوونی وشەو دەستەواژەی سینۆنیم:

ئەم ڕێگایە بۆ دروستکردنی ڕستەی سینۆنیم، زۆر چالاکە. هەندێك لەوشەکان یان فریزەکان، کە لەبنەڕەتدا سینۆنیمن و لەناو دوو ڕستەی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن و ڕستەکانیش دەبنە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بەمەرجێك کەرەستەکانی تر نەگۆڕێن. هەندێکجاریش بەهۆی ڕوونکردنەوە یان لێکدانەوەی وشەکان لەڕستەیەکی دیکە، کە جۆرێکی سینۆنیمە، ئەم دوو ڕستەیە دەبن بەسینۆنیم و دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن. وەکو:

هێرۆ بووە بەقەیرەکچ.

هێرۆ تەمەنی چووەتە سەرو شووی نەکردووە.

براکەم هێشتا سەڵتە.

براکەم هێشتا ڕەبەنە.

براکەم هێشتا ژنی نەهێناوە.

یارمەتی هەتیوان دەدەین.

یارمەتی بێباوکان دەدەین.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، هەریەك لەوشەکانی (قەیرە)، (ڕەبەن)، (هەتیوو) واتاکانیان به وشەیەك یان دەستەواژیەك ڕوونکراوەتەوە، هەریەکێکیان بۆئەوەی تریان بووە بەسینۆنیم، واتای ئەوەی دیکەیان دەگەیەنێت. بەمەش ڕستەکان یەك مەبەست دەدەن و ئەم پێوەندییە واتاییەیان لەنێواندا دروستدەبێت. هەروەها هەندێجار تاکە وشە سینۆنیمەکان دەتوانن ڕستەی سینۆنیم دروست بکەن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو وشەکان کرداربوون، دەبنە ڕستەو لەپێکهاتەدا دوو ڕستەی شێوە جیا، واتاکانیان دووبارەدەبێتەوە، (هێمن عومەر خۆشناو: 2010: 136)، بەڵام دەبێت لێرەدا کردەی مۆڕفۆسینتاکس لەبەرچاوبگرین. وەکو:

نووستم ≈ خەوتم

نەمدۆزیوەتەوە≈ نەمبینیوەتەوە

تەماشامکرد≈ سەیرمکرد

سەرم بڕی≈ کوشتمەوە

هەندێکجار لەڕستە سینۆنیمەکاندا زیاتر لەوشەیەك ئەم ڕۆڵەیان بینیووە، کە دوو فۆڕمی تەواو جیاواز بۆ واتایەك بەکاردەهێنرێت، وەکو:

**أ- هیوادارم لەئیمتیحانەکانتدا سەرکەوتووبیت.**

**ب- ئاواتەخوازم لەتاقیکردنەوەکانتدا دەربچیت.**

سەرجەمی وشەکانی ڕستەی (أ)، سینۆنیمەکەیان لەڕستەی (ب)دا هاتووە، ئەم دوو ڕستەیەش یەك واتا و مەبەست دەگەیێنن. هەروەها دەشێت بەشێك لەوشەکانی ڕستەکە سینۆنیمیان دروستکردبێت و ئەوانی دیکە وەك خۆیان دووبارەبوونەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین، وەك چۆن ڕستە، (دەوروبەر) دەتوانێت دوو وشەی جیاواز لەواتادا بکات بەسینۆنیم، هەربەو شێوەیەش وشەیەکی سینۆنیم یان زیاتر دەتوانێت دوو ڕستە بکەن بەسینۆنیمی یەکتر، ئەمەش پێوەندییەکی دیکەیە لەنێوان وشەو ڕستەدا لەڕووانگەی ئەم پێوەندییە واتاییەوە.

## 3-6-3: سینۆنیمبوون بەپێی واتای شاراوە:

هەندێك لەوشەو دەستەواژەکان جیا لەواتا سەرەکییەکەی خۆیان، واتایەکی شاراوەشیان هەیە. ئەم واتایە لەگەڵ واتا ڕستەقینەکەدا یەك شتە، بەڵام لەفۆڕمێکی دیکەدا مەبەستەکە دەگەیێنێت. واتای هەریەکێکیان واتای ئەوەی دیکە دەگرێتەوە، (ئەو دوو ڕستەیە کاتێك کە واتاکەیان یەکتری بگرێتەوە دەبن بەسینۆنیم.) (احمد ابو محبوب: 1383: 131) وەکو:

**1 أ- ژاڵەو ژیان لەیەك پۆلن.**

**ب- ژاڵەو ژیان هاوپۆلن.**

**2- أ- دیارو دونیا دەڵێی لەیەك دایك و باوکن.**

**ب- دیارو دونیا دەڵێی خوشك و بران.**

**3- أ- ڕێباز شاگردی ئازادە.**

**ب- ئازادو ڕێباز وەستا و شاگردن.**

لەهەریەکێك لەم ڕستانەدا، کە سینۆنیمن، واتای ڕستەی (أ) واتای ڕستەی (ب)یش دەگرێتەوەو بەپێچەوانەشەوە. هەروەها مەرجی (هاوپۆلبوون) ئەوەیە کە لەیەك پۆلدا بن، یان مەرجی خوشك‌وبرایەتی ئەوەیە، کە لەیەك دایك و باوك بن.

هەرکاتێکیش ئەم دوو دەربڕراوە بەکارهاتن، دەبنە سینۆنیم. لەلایەکی دیکەشەوە ڕستەکانی (ب) واتای شاراوەی ڕستەکانی (أ) پیشان دەدەن. یان بەواتایەکی تر واتای ڕستەکانی (أ) بەشێوەی شاراوە لەڕستەکانی (ب)دا هەیە.

## 3-6-4: بوونی زانیاری لەبارەی جیهانی دەرەوە:

ئەم ڕێگایە بەپێی زانیاری قسەکەرە بۆ جیهانی دەرەوە. (کورش صفوی: 1385: 83) هەروەها مەرجە ئەو زانیارییەش لەلای گوێگر هەبێت. بەشێوەیەك (لیچ باوەڕی وایە، کە سینۆنیم زیاتر لەسەر زانیاریی زمانی وەستاوە، بەڵام پێویستی بەزانیاریی دەرەوەی زمانیش هەیە.) ( ازیتا افراشی: 1381: 24) بۆ نموونە وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

1- أ- کۆنگرەی ئابووریی جیهانی، لەپایتەختی چین بەسترا.
ب -کۆنگرەی ئابووریی جیهانی، لەپەکین بەسترا.

2-أ- لافاوێکی بەهێز، پایتەختی تورکیای گرتەوە.
ب -لافاوێکی بەهێز، ئەنقەرەی گرتەوە.

3-أ- سەرۆك کۆماری عێراق، گەیشتە پایتەختی ئێران.
ب- مام جەلال گەیشتە تاران.

هەریەکێك لەم ڕستانەی سەرەوە، کاتێك دەبن بەسینۆنیم، کە قسەکەرو گوێگر زانیاریی ئەوەیان هەبێت، کە (پەکین) پایتەختی (چین)ە، (ئەنقەرە)ش پایتەختی (تورکیا)یە، هەروەها (مام جەلال) سەرۆك کۆماری عێراقە. دەشێت زیاتر لەوشەیەك لەم ڕێگایەدا ڕۆڵی بەسینۆنیمکردنی ڕستەکان ببینێت. وەکو:

1- أ- وەزیری دەرەوەی عێراق، چاوی بەهاوتا ئێرانییەکەی کەوت.
ب- وەزیری دەرەوەی عێراق، چاوی بەوەزیری دەرەوەی ئێران کەوت.
ج- وشیار زێباری، چاوی بەمەنوچەهری موتەکی کەوت.[1]

هەریەکێك لەڕستەکانی (أ، ب، ج) دەبنە سینۆنیم، چونکە گوێگر بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەیەتی، دەزانێت کە هەرسێ ڕستەکە یەك مەبەست واتا و زانیاری بەدەستەوە دەدەن.

---

[1] – ئەم جۆرە ڕستانە زیاتر لەزمانی ڕاگەیاندندا، بەکاردەهێنرێن.

## 3– 6– 5: داڕشتن:

مەبەست لە داڕشتن، بەکارهێنانی کەرەسەکانی ڕستەیە لەگەڵ یەکتریدا، بەتایبەتی هاتنی ئاوەڵناو و کردار، لەباری ئەرێی و نەرێیدا. بەجۆرێك كە (بەکارهێنانی کردارێکی ئەرێ لەپاڵ ئاوەڵناوی نەرێدا، سینۆنیمی بەکارهێنانی کارێکی نەرێیە لە ئاوەڵناوی ئەرێدا.) (کورش صفوی: 1380: 188) ئەم پێکەوەهاتنانەش تەنها لەچوارچێوەی ڕستەدا دەبێت و ڕستەکان دوو شێوە داڕشتنی جیاواز وەردەگرن، بەڵام لەڕووی واتاوە یەك واتا دەگەێنن و بۆیە دەتوانیین وەك سینۆنیمیش بەکاریانبهێنین. وەکو:

1– أ– شار ئارام نەبوو.

ب– شار نائارام بوو.

2– أ– قسەکانی پیاوانە نەبوون.

ب– قسەکانی ناپیاوانە بوون.

3– أ– بڕیارەکانی یاسایی نەبوون.

ب– بڕیارەکانی نایاسایی بوون.

لەهەر یەکێك لەم ڕستانەدا، ئاوەڵناوێکی ئەرێ لەگەڵ کردارێکی نەرێ، هاتووە. کاتێکیش ئاوەڵناوەکان دەکەینەوە بەنەرێ و کردارەکەکان دەکەینەوە ئەرێ، هەر ئەو واتاو مەبەستیمان دەداتێ. بۆیە ڕستەکان، تەنها لەڕێگەی داڕشتنیانەوە دەبن بەسینۆنیمی یەکتری.

## 3– 6– 6: بوونە سینۆنیم بەهۆی واتای پڕاگماتیکییەوە:

وەك ئاستێکی واتا (پڕاگماتیك پەیوەستە بەلایەنی لێکۆڵینەوەی ئەو واتایەی، کە چۆن قسەکەر (یان نووسەر) دەیگەێنێت و چۆن گوێگر (یان خوێنەر) وەریدەگرێت و لێکیدەداتەوە.) (Yule: 2000: 3) هەندێکجار ڕستەکان لەواتای پڕاگماتیکییاندا دەبنە سینۆنیمی یەکتری، بەتایبەتی لەڕووانگەی تیۆری کردەقسییەکانەوە. بەتایبەتی کە ڕستەکان بەڕووکارێك دەردەبڕدرێن، کە قسەکەر مەبەستی لەوەنییە کەدەیڵێت، بەڵکو واتاو مەبەستێکی دیکەی دەوێت، بەڵام بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت. بۆ نموونە:

**أ- چایەکەت سارد دەبێتەوە.**

**ب- چایەکەت بخۆوە.**

لەڕستەی (أ)دا مەبەست گەیاندنی هەواڵ نییە، بەڵکو مەبەست لێی جێبەجێکردنی کارێکە. بەڵام ڕستەی (ب) مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکەیە، لەهەردوو بارەکەشدا گوێگر بەئاسانی لەمەبەستی قسەکەر دەگاتو هەردوو ڕستەکەش یەك کاردانەوەیان لەبەرامبەرا دەبێت، کە (خواردنەوەی چایەکە)یە، بەڵام لەڕستەی (أ)دا شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆ فەرماندان، کە واتای ڕستەی (ب) دەگەیەنێت، کە فەرماندانێکی ڕاستەوخۆیە. دەشێت ڕستەیەکی پرس مەبەستی فەرماندان بگەیێنێت وەکو:

**أ- ئەریێ ژوورەکە سارد نییە؟**

**ب- سۆپاکە دابگیرسێنە.**

لەڕستەی (أ)دا قسەکەر پرسیار لەبارەی هەوای ژوورەکەوە دەکات، سەرباری ئەوەی هەواڵی ساردییەکەش دەدات، بەڵام بەناڕاستەخۆیی داوادەکات سۆپاکە هەڵبکرێتو ژوورەکە گەرمبکرێتەوە، شێوازە ڕاستەوخۆکە دەبێتە ڕستەی (ب). بۆیە ئەم دوو ڕستەیە دەبن بەسینۆنیم. جیاوازیی نێوانیان لەوەدایە کە ڕستەی (ب) بەشێوازێکی ڕاستەوخۆیەو ڕستەی (أ) شێوازەکەی ناڕاستەوخۆیە.

ئەم ڕێگایانە [1] بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانن ڕۆڵی بەسینۆنیمکردن لەئاستی ڕستەدا ببینن. بەهەر ڕێگایەك ئەم ڕستانە دروست بووبن، لەڕووانگەی دروستیو نادروستیی واتاییەوە، (هەریەك لەڕستەکان بەشێوەیەك لەیەك نزیکن، کە ئەگەر ڕستەی (1) دروست بێت، ڕستەی ( 2)ش دروست دەبێتو بەپێچەوانەشەوە.) (أحمد ابو محبوب: 1383: 131) ئەمەش بۆ چوونییەکی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا دەگەڕێتەوە، چ لەڕووی مەبەستو واتاوە چ لەڕووی دروستیو نادروستییەوە، بەجۆرێك کە (ڕستەکان وەکیەك دەبن دروست یان نادروست.) (بەکر عومەر عەلی: 2000: 82) ئەمەش بەمەرجێکی سەرەکی بۆ بەسینۆنیمبوونی دوو ڕستەکە دادەنرێت.

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (کورش صفوی: 1385)، (کورش صفوی: 1387)، (أحمد ابو محبوب: 1383)

## 7-3: پارافرێز Paraphrase و سینۆنیمی ڕستە:

پارافرێز وەکو زاراوە لەزمانی کوردیدا، (داڕشتنەوە)ی بۆ بەکارهاتووە، کە (کردەیی یان ئەنجامی دروستکردنی شێوەی جیاوازە لەڕستەیەک یان دەقێک بەبێ گۆڕینی واتای ڕستەکە یان دەقەکە) (ابراهیم چگنی: 1382: 335) بەم پێیە واتای هەر دەقێک یان ڕستەیەک دەتوانرێت بەزیاتر لەڕێگایەک داڕبڕێژرێت. یان بەمانایەکی دیکە بۆ گەیاندنی هەر واتاو مەبەستێک قسەکەر یان نووسەر زیاتر لەڕێگایەکی لەپێشە، هەموو ئەم ڕێگایانەش هەرئەو واتایە بەدەستەوە دەدەن.

بۆیە پارافرێز ((شیتاڵکردنەوەی ڕستەیەکە بۆ دوو ڕستەی ستراکتوور جیا، بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکەی، ئەگەر یەکێك لەو ڕستانە ڕاست بێت، ئەوی تریش کەوایە دروستە.)) (کەمال میراودەلی: 2007: 95) هەر ڕستەیەکیش دەکرێت بەچەند شێوەیەک پارافرێز بکرێن، بەڵام لەهەر یەکێك لەڕستە پارافرێزکراوەکاندا (ڕۆڵی سیمانتکیی ناوەکان هەریەك شتە.) (Hudson: 2000: 279) هەروەها ئەرکی ڕێزمانیی وشەکانیش پێوستە وەکیەکبێت. وشەکان هەربەو واتا فەرهەنگیە بەکاردەهێنرێن. بۆیە لەڕوانگەی واتای سیمانتیکییەوە هەموو ڕستە پارافرێزکراوەکان دەبنە سینۆنیمو دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن.

ئەم دیاردە زمانییە، (بەزۆری لەبواری فێرکردنی زماندا بەکاردەهێنرێت. بەجۆرێك کە داوا لەفێرخواز دەکرێت دەربڕراوێك، کە ڕستەیەك یان دەقێك بێت هەربەو چەمكو واتایە دابڕێژێتەوە، کە ئەمەش توانای زانینی زمانیی پێویستە.) (ابراهیم چگنی: 1382: 335) بەمەش قسەکەر توانای ئەوەی دەبێت، کە هەرئەو واتایە لەچەند فۆڕمێکی جیاوازدا تەنها بەڕێگەی شیتەڵکردنەوە بگەیێنێت. کەئەمە بەیەکێك لە ڕۆڵو گرنگییەکانی سینۆنیم هەژماردەکرێت.

گرنگییەکی دیکەی سینۆنیم لەوەدایە، کە دەتوانێت لێڵی ambiguity ڕوون بکاتەوە. هەربەو شێوەیە پارافرێزیش ئەم ڕۆڵە دەبینێت، بەجۆرێك ((کە بتوانێ بەچەند خوێندنەوەیەکی جیاواز لێڵییەکە ڕوون بکاتەوە بەڕێگەی داڕشتنەوە Paraphrase واتە بەدووبارەکردنەوەی داڕشتنی وتەکە.)) (تالیب حسێن علی: 1998: 60) بەڵام پێویستە ڕستەی دووەم (داڕێژراوەکە) لەگەڵ ڕستەی یەکەمیاندا هیچ جیاوازییەکیان لەڕووی واتاییەوە نەبێت، چونکە بوونی هەر جیاوازییەك ڕستەکان دەکات بەڕستەی جیاوازو لێڵیی ڕستەی سەرەکیی پێڕووننا کرێتەوە.

هەموو ئەو ڕستانەی کە لێڵن، لەڕووی واتاییەوە تێگەیشتن لەچەمکەکانیان، قورسە، بەڵام پارافرێز بەزۆری تێگەیشتن لەچەمکەکانیان، ئاسانتر دەکات. (چك ڕیچارد و دیگران: 1375: 403) زۆرجار دەبینین، کە گوێگر لەڕستەیەك یان دەستەواژەیەك ناگات، ڕاستەوخۆ پرسیار دەکات و قسەکەریش بەشێوەیەکی دیکە هەرئەو ڕستەیە یان دەستەواژەیە، بەجۆرێك کە گوێگر ئاسانتر لەچەمکەکەی تێبگات دادەڕێژێتەوە.

ئەگەربێت و لەڕووانگەی پێوەندییە واتاییەکانەوە، لەپێوەندی نێوان ڕستە پارافرێزکراوەکان بڕوانین، ئەم ڕستانە دەبن بەسینۆنیم. بەواتایەکی دیکە، پارافرێز سینۆنیمی ڕستەیە. واتە ڕستەکان لەنێوان خۆیاندا سینۆنیمن، وتنی هەرئەو شتەیە لەهەر ڕستەیەکدا. ( Hudson: 2000: 279) هەربۆیە زۆرجار زاراوەی پارافرێزو سینۆنیم لەبەرامبەر یەکتری دادەنرێن بەتایبەتی کاتێك باسی پێوەندییە واتاییەکان لەئاستی ڕستەدا، دەکرێت. [1] هەروەها بەوە پێناسەدەکرێت، کە (دوو ڕستە خاوەنی هەریەك واتابن، لەزمانێکی دیاریکراودا.) (احمد مختار عمر: 1982: 222) ئەگەر بەپێی پێوەرەکانی بەسینۆنیمبوونی دانە زمانییەکان لەم ڕستە پارافرێزکراوانە بڕوانین، دەبینین کە واتاییەکی وەکیەکیان هەیە، لەزۆربەی دەورووبەرەکانیشدا دەتوانن لەبریی یەکتر بەبێ گۆڕانی واتای گشتی دەقەکە بەکاربهێنرێن. وەکو:

**سمۆرەکان هەندێك گوێز لەکونی دارەکاندا دەشارنەوە.**

ئەم ڕستە بەچەند شێوەیەك پارافرێزدەکرێت، یەکێك لەوانە:

**لەکونی دارەکاندا هەندێك گوێز لەلایەن سمۆرەکانەوە دەشاردرێنەوە.**

ئەم ڕستەیە کە پارافرێزکراوە، تەنها شێوەی داڕشتنی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ پاش وپێشکردنی هەندێك لەو کەرەستانەی کە ڕستەکەیان پێکهێناوە. بەم پێیەش واتاکەی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. بۆیەش ((جیاوازیی ڕۆنانی ڕێزمانی ڕستە مەرج نییە جیاوازی واتایی بەدواوە بێت.)) (سەباح ڕەشید قادر: 2009: 103) وەك لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە.یان وەکو:

**أ -گریاندمی**

---

[1] ئەم دیاردەیە لەناو زمانەوانە فارس و عەرەبەکاندا بەدیدەکرێت، بۆئەم مەبەستە، بڕوانە: (محمد دبیر مقدم: 1386: 125)، (احمد مختار عمر: 1982: 222)

ب- ئەو منی گریاند.

ج- ئەو منی هێنایە گریان.

ئەم سێ فۆڕمی ڕستانەی سەرەوە، یەك واتا بەدەستەوە دەدەن، کە دەکرێت ڕستەی (أ) بەشێوەی ڕستەی (ب) و (ج) پارافرێزبکرێت. لەڕستەی (ب)دا بەگۆڕینی جێناوی لکاو بۆ جێناوی سەربەخۆ دەکرێت، کە بەپێی کردەی مۆڕفۆسینتاکس ([1]) شێوەی ڕستەی (أ) دروستدەبێت. ئەمەش بۆ دەستپێوەگرتن (ئابووریکردن)ی زمان بەکارهاتووە. زۆرجاریش دەستپێوەگرتن دەگاتە ئاستی دروستبوونی لێڵی و تەمومژی. بۆیە ئەم جۆرە ڕستانەش پێویستییان بەپارافرێزکردن دەبێت. لەڕستەی (ج)دا سەرەڕایی ئەوەی کەجێناوەکان کراون بەسەربەخۆ، داڕشتنی کردارەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ڕۆنانە ڕیزمانییەکان جیاوازن، بەڵام واتا نەگۆڕاوە.

لەڕوویەکی دیکەوە (پارافرێزکردن میکانیزمێکی باشە بۆ ساغکردنەوەی مانای ڕستەی ئاڵۆز.) (کەمال میراودەلی: 2007: 95) بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە ئاڵۆزیی ڕۆنانی ڕێزمانی، واتاکەشی ئاڵۆزکردووە. وەکو:

**أ- ڕۆژنامەکان خوێنەری زۆریان نییە.**

**ب- ڕۆژنامەکان خوێنەری کەم ڕادەکێشن.**

**ج- ژمارەیەکی کەم خوێنەر ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە.(سەرچاوەی پێشوو:هەرئەو لاپەڕە)**

ڕستەی (أ) کە پارافرێزکراوە، بۆ هەردوو شێوەی (ب) و (ج) هەرئەو واتایە دەگەێنن، لەدەورووبەری جیاجیادا لەبریی یەکتر بەکاردەهێنرێن. بۆیە لەنێوان هەر سێ ڕستەکەشدا پێوەندیی سینۆنیمی هەیە. هەرچەندە لەوانەیە لەڕووی داڕشتنەوە یەکێکیان لەوانی دیکە ئاسانتر چەمکەکە بەدەستەوە بدات.

لەڕووانگەی دروستی و نادروستیشەوە، ئەگەر ڕستە سەرەکییەکە دروست بێت، دەبێت ڕستە شیتەڵکراوەکان (پارافرێزکراوەکان)یش دروست بن. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ڕستەکە نادروست بێت، ئەوا ئەوانیش نادروست دەبن. بۆنموونە لەڕستەی :

**کرێکارەکان بەجوانی شار پاکدەکەنەوە.**

ئەگەر واتای ئەم ڕستەیە، دروست بێت، واتای ئەم ڕستەیەش دروست بێت:

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر، سەبارەت بە مۆڕفۆسینتاکس، بڕوانە: (ئەبوبکر عومەر قادر: 2003)

شار بەجوانی لەلایەن کرێکارەکانەوە پاك دەکرێتەوە.

بەپێچەوانەشەوە، دەگونجێت ئەمەش ڕوویەکی دیکە بێت بۆ بەسینۆنیمبوونی ئەم دوو ڕستەیە، کە هەموو دوو ڕستەیەکی سینۆنیم، پێویستە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەبن.

هەموو ئەوانەی لەبارەی پارافرێز لەچوارچێوەی ڕستەدا باسکران، دەشێت بۆ دەقیش هەروابێت. بۆیە لەم ڕووانگەیەوە دەتوانین بڵێین دەقەکانیش دەبن بەسینۆنیمی یەکتری. هەروەها دەشێت ئەو فرێزانەی کە ڕۆنانێکی ئاڵۆزیان هەیە، لەڕێگەی پارافرێزەوە چەند شێوەیەکیان لێ دابڕێژرێت. بەمەش دەبێتە ڕێگایەك بۆ بەسینۆنیمکردنی فرێزەکان لەگەڵ یەکتریدا، هەرچەندە بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردە زمانییە پتر لەئاستی ڕستەدا باسی لێوەدەکرێت.

## 3–8: سینۆنیم لەنێوان چەند ڕستەو دەستەواژەیەکی تایبەتدا:

لەنێو هەموو زمانێکدا هەندێك ڕستەو دەستەواژەی تایبەتی فەرهەنگی هەن، کە وەك دانەیەکی واتایی ئامادەکراو و قاڵبگرتوو، لەبۆنەو مەبەستی جیاجیادا بەکاردەهێنرێن. هەریەکێکیش لەمانە خاوەنی ڕۆنانێکی ڕێزمانی و واتاییی خۆیانن، کە بەزۆری وەك یەکەیەکی فەرهەنگی بەکاردەهێنرێن. هەریەك لەڕۆنانە سینتاکسی و سیمانتیکییەکەیان تاڕادەیەکی زۆر چەسپاو و نەگۆڕن. ئەوەی لەم بابەتەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، هەریەك لە ئیدیۆم و دەستەواژەکانی دوعاکردن و سوێندخواردن و سڵاوکردنن.

هەریەکێك لەم دەربڕینە زمانییانە، بەڕستەیەك یان فرێزێك و هەندێکجاریش بەوشەیەك دەگەیێنرێن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، واتاکانیان بەدابو نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵەکەوە بەستراوەتەوە. بۆیە بۆ لێکدانەوەی واتاکانیانیان زۆرتر پەنادەبرێتە بەر دەوروبەر، بەمەش زیاتر لەسەر لایەنی پراگماتیکی، بۆ شیکردنەوەی لایەنی واتاییان هەڵوەستەدەکەین.

ئەگەر وەك دانەیەکی فەرهەنگی لە هەریەکەیان بڕوانیین، ئەوا هەر ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە، کە لەوشەو هەر دانەیەکی دیکەی فەرهەنگیدا هەن، بۆیە دەکرێت هەریەك لەپێوەندییەکانی سینۆنیمی و گرتنەوەو دژواتایی و............هتد، لەچوارچێوەی ئەم دانە زمانییەدا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانی و واتاییەی کە هەیانە دەستنیشانبکرێن.

دەبێت ئەوە بزانین، کە هەریەکێك لەمانە بەتایبەتی (سوێندخواردنو سڵاوکردنو دوعاکردن) لەڕوانگەی زمانەوانییەوە بەکەمترین شێوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە. بۆیە ئێمە لەچوارچێوەی کارەکەماندا لەهەریەکەیان دەدوێینو پێوەندیی سینۆنیمی لەنێوانیاندا دیاریدەکەین.

## 3-8-1: سینۆنیم لەچوارچێوەی ئیدیۆمدا:

ئیدیۆم وەك دانەیەکی فەرهەنگی، خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەیە کە دانەکانی دیکەی زمان هەیانە. لەڕووی زمانەوانیشەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە (زنجیرە وشەیەکن کە لەڕووی واتایی و ڕێزمانییەوە بەزۆری دیاریکراون، بەشێوەیەك کە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن.) (ابراهیم چگنی: 1382: 212) هەر بەو پێیە ئیدیۆم بەچەشنی یەکە واتاییەکانی دیکە، خاوەنی تایبەتمەندیی واتایی و فەرهەنگییە، بەڵام دەبێت لەڕووی واتاوە ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە (واتای ئیدیۆم لەڕۆنانی ڕێزمانی و ڕۆنانی واتایی کەرتەکانییەوە نایەت.) (محمد معروف فەتاح: 1986: 68) بۆیە وەك دانەیەکی فەرهەنگی دەشێت قسەی لەبارەوە بکەین.

لەڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە، ئیدیۆم وەك وشەو هەموو دانە واتاییەکانی دیکە، بەشێکی زۆری پێوەندییە واتاییەکانی وەکو سینۆنیمو دژواتایی و گرتنەوەو ......هتد لەنێوانیاندا دەبینرێت.

وەك زانیمان، ئیدیۆم خاوەنی تایبەتمەندیی واتاییە، هەربۆیە دەبینین، ((کە لەزمانی کوردیدا وشەی سینۆنیمو وشەی فرەواتا هەیە، هەمان دەستوور بەسەر ئیدیۆمدا دەچەسپێت.)) (عەبدولوەهاب شێخانی: 2009: 341) بەم پێیە هەریەك لەم دیاردە واتاییانە چ ڕۆڵێك لەئاستی وشەدا دەگێڕن، لەچوارچێوەی ئیدیۆمیشدا هەرئەو شتەیە. (ستیپانۆڤ: 1975: 60)

ئیدیۆمەکان لەڕووی پێکهاتنەوە جیاوازن، هەیانە وشەنو هەیانە فرێزو هەندێکیشیان ڕستەن [1]. بەڵام لەهەر پێکهاتەیەکدا بن، تایبەتمەندیی واتاییان ناگۆڕێت. بۆیە دەتوانین بڵێین (کە ئیدیۆمی سینۆنیم هەیە، زۆر ئیدیۆمو یەك واتا دەبەخشێت) (سەرچاوەی پێشوو: هەرئەو لاپەڕەیە) دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئیدیۆمەکان بەچەشنی جیاجیا دەبنە خاوەنی ئەم دیاردە واتاییە، بۆنموونە (زۆر

---

[1] - بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئیدیۆم، لەڕووی زمانەوانییەوە، بڕوانە: (محمد معروف فەتاح: 1986) و (فەتاح مامە عەلی: 1998) و (شیلان عومەر حسەین: 2009).

وشەی ئیدیۆم هەن، کە سینۆنیمن، واتە یەك مانایان هەیە) (سەرچاوەی پێشوو: 2)
بەم پێیە بوونی وشەی سینۆنیم لەناو دەربڕاوەکەدا ئیدیۆمەکە دەکات بەسینۆنیم.
وەکو:

**ئاگری گرت ≈ ئاگری تێبەربوو**

**یاری بەئەقڵی خەڵکی دەکات≈ گەمە بەئەقڵی خەڵکی دەکات**

**مانگای بەکەڵ ≈ چێڵەبەکەڵ**

**زمان پیس≈ دەوپیس**

**لووت بڵند≈ لووت بەرز**

ئەم جۆرە سینۆنیمە بەزۆری لەو جۆرە ئیدیۆمانەدا دەبینرێت، کە لەڕووی پێکهاتنەوە لەوشەیەك زیاترن. واتە وشەی لێکدراو یان فرێز یان ڕستەن. بەمەش فۆڕمی دوو ئیدیۆمەکە لێك نزیکن. هەرچەندە هەندێك ئیدیۆم هەن، کە فۆڕمەکانیان تەواو لێك جیاوازن، بەجۆرێك کە (دەربڕینی ئیدێۆمی هەیە، کە دەتوانرێت سینۆنیمەکانیان بەدوو یان سێ فۆڕم دەربڕدرێت.) (شیلان عومەر حسەین: 2009: 59) وەکو:

**لەگوێی گادا نوستووە≈ لەبن بەردی کەڕە**

**بەپێ خواسی بەناودەکەوێ≈ هەر تیرەی لەکەندەکی دەدا**

**لووتی بەرزە ≈ تڕی زلە**

**ئارووی بڕکێکن≈ مێرووی کونێکن**

**هەنارەشیرینە≈ ئەستێرەی سیوەیلە**

**ناوکی کەوت ≈ زراوی چوو**

ئەگەر لەو ئیدیۆمانەی سەرەوە وردبینەوە، لەڕووی پێکهاتنەوە، جیاوازن. لەڕووی فۆڕمیشەوە لەگەڵ یەکتری جیاوازن، بەڵام هەر ئەو واتاو مەبەستە دەگەیێنن. کەواتە (ئیدیۆم هەن یەك واتا دەدەن و هاومەبەستن. واتە یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن.) (جەلال مەحمود عەلی: 1982: 21و 22) وەکو نموونەکانی سەرەوە، بەڵام ئیدیۆمیش هەن دژیەکن. وەکو:

**شەرعی مار بەدار. × مار بەقسەی خۆش لەکون دێتەدەر.**

هەندێك لەئیدیۆمەكان، فرەواتان، بەجۆرێك كە (یەك ئیدیۆمە، بەڵام زۆر واتای هەیە) (عەبدولوهاب شێخانی: 2009: 2)، هەریەك لەواتاكانیش لەدەوروبەرەكەدا دەردەكەوێت. وەكو:

**لێوی خۆی گەست : 1– پەشیمانبوویەوە.**

**2– خەفەتی خوارد.**

**3–تووڕەبوو.**

**چاوقایم: 1– بێشەرم**

**2 – بەخیرەت**

بەشێوەیەكی گشتی سێ چەشنە ئیدیۆمی سینۆنیمان هەیە، یەكەمیان ئەوانەن كە لەڕێگەی بوونی وشەی سینۆنیمەوە دەبن بە سینۆنیم. دووەمیان ئەوانەن، كە فۆڕمەكانیان هیچ پێوەندییەكیان بەیەكەوە نییەو تەواو جیاوازن، تەنها مەبەست و واتاكانیان وەكویەكە. سێیەمیان ئەوانەن، كە فۆڕمەكانیان لێك نزیكن، بەڵام وشەی سینۆنیمیان تێدانییە. واتە دەكەونە نێوان هەردوو جۆرەكەی ترەوە. وەك:

**ئاوی لەبەردی دێنا ≈ بەردی بەئاو دەكرد.**

**بەتیرێك دوو نیشانی پێكا≈ بەبەردێك دوو چۆلەكەی كوشت**

**مارو سیر≈ مارو پونگ**

لەزمانی كوردیدا، ئەو دیاردەو شتانەی كە بەدرێژایی مێژوو بەلایانەوە گرنگ بوون، بۆ باسكردن و دەربڕینیان دەیان دەستەواژەو ئیدیۆمیان بەكارهێناوە. لەوانە مردنو لەدایكبوونو هاوسەرگیری. بەتایبەتی مردن [1] كە لێی ترساونو زۆر بەسەر زمانیانەوە بووە، هەروەها ویستوویانە دیاردەكە خۆشبكەن. بۆیە زۆرترین ئیدیۆمی بۆ بەكارهاتووە. ئەمانەش بەزۆری لەبریی یەكتر بەكاردەهێرێن. بۆیە زۆربەیان دەبن بەسینۆنیم. وەكو:

**عەمری خوای كرد ≈ كۆچی دوایی كرد ≈ خوا بۆخۆی بردەوە ≈ كۆچی یەكجاریی كرد ≈ عومری بەنگۆ بەخشی ≈ بەجێی هێشتین ≈ سەری نایەوە ≈ مەرگ بووە**

---

1 – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی واتا و مەبەستی ئیدیۆمەكانی مردنەوە لەزمانی كوردیدا، بڕوانە: (Jawad: 2010)

**میوانی ≈ ماڵاوایی لەژیان کرد ≈ سەری تیاچوو ≈ گیانی سپارد.......هتد.**
**(عەبدولوەهاب شێخانی: 2009: 341– 345)**

سەرەڕای ئەوەی ئیدیۆمەکان لەنێو خۆیاندا دەبنە سینۆنیم بۆیەکتری، لەگەڵ ئەو واتایەشدا، کەدەیگەیێنن، سینۆنیمن.

## 3–8–2: سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی دوعاکرندا:

هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، هەستی بەوە کردووە، کە هێزێك لەسەرووی خۆیەوە هەیە، کە کاروباری ڕۆژانەی ڕاییدەکاتو توانای بەخشینو خێرو شەڕیشی هەیە. ئەم هێزەش بەپێی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەهەریەکێك لەقۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر لەڕۆژو مانگو ئەستێرەو ئاگرو پەیکەری دروستکراو تاوەکو دارودرەخت، لەسەرووی هەمووشیانەوە خوای تاكو تەنیا لای یەکتاپەرستەکان. بەسەرچاوەی ئەم هێزە دانراوە.

مرۆڤ بەردەوام خۆی لەخوار ئەو هێزەوە بینیوە. بۆیە هەموو ڕووداوە سروشتییەکانی بۆ ئەو گێڕاوەتەوە. لەکاتی خۆشییدا سوپاسگوزاریی کردووەو لەکاتی ناخۆشییشدا لێی پاڕاوەتەوە.

دوعاکردن، پاڕانەوەو داخوازیی شتێکە لەخوای گەورە، کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە. لەهەر زمانێکدا کۆمەڵێك ڕستەو دەستەواژەی تایبەت بەو مەبەستە هەن، کە وەکو کەرەستەیەکی ئامادەکراو لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە بەکاردەهێنرێن. دوعاکردنیش لەناو هەر گەلو نەتەوەیەکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە بۆ بیروباوەڕو کەلتووری ئەو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە (لە کەلتووری هەر نەتەوەیەکدا چەندین لایەن لەخۆدەگرێت. هەریەك لەو لایەنانەش لەزمانی نەتەوەکەدا هێماو گوزارشتی تایبەت بەخۆی هەیەو تاکەکانی گەلو نەتەوەکە لەڕێیانەوە بیرو ویستو مەبەستەکانیان لەیەکتری دەگەیێنن و پێوەندی دەکەن.) (هۆگر مەحموود فەرەج: 2007: 128) کوردیش لەبەرئەوەی گەلێکی موسڵمان بووە، بۆیە کەلتووری ئیسلام کاریگەریی زۆری لەسەری هەبووە، هەموو لایەنەکانی ژیانیشی گرتووەتەوە. بۆیە دوعاکانیشی خۆی، سەرباری تایبەتمەندیی کەلتووری کوردی بەزۆری هەڵهێنجراوی ئاینی ئیسلامن.

ڕستەکانی زمان، بەشێوەیەکی گشتی، بیرێك یان مەبەستێك لەنێوان قسەکەرو گوێگردا دەگوازنەوە، بەڵام ڕستەی ((دوعاکردن یەکێکە لەباوترین شێوازەکانی

داخوازی کە تێیدا قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی دەکاتە کەسی دووەم کە خوایە کارێکی بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات، ئەویش بەناوهێنانی یان بەیەکێك لەسیفەتەکانی داوای لێ دەکات.)) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2007: 85)

لەڕستەکانی دوعاکردندا،[1] کەسی یەکەم (قسەکەر) داوا لەکەسی دووەم (گوێگر) دەکات بۆ جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی کارێك، وەك زانیشمان داواکارییەکە بەزۆری ئاڕاستەی خودا دەکرێت. زۆرجاریش دەکرێت ئەم داواکارییە لە شێخ و پیاوچاك بکرێت. داخوازیکردنەکە ئاسایی نییە. بۆیە گوێگر چاوەڕێی وەڵام و ئەنجامی ڕاستەوخۆ ناکات، بەڵکو لەداهاتوودا ئەنجامی دەوێت.

لەڕووی واتاییەوە زۆربەی ڕستەکانی دوعاکردن بەپێی واتای سیمانتکی، لێکدەدرێنەوە. بەجۆرێك کە واتای ڕستەکە لەواتای وشەکان و کاریگەریی ڕێزمانی پێکدێت، بۆ نموونە لەم دوعایەدا:

**خوایە لەئاگری جەهەنەم بمانپارێزیت**

ئەگەر لەڕووانگەی سیمانتیکەوە لێکدانەوە بۆ واتای ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین، کە لە (واتای وشەکان + واتای ڕێزمانی (ڕیزبوونی کەرەسەکان) پێك هاتووە.) (سەرچاوەی پێشوو: 84)

هەندێك جاریش ڕستەکانی دوعاکردن، پێویستە لەڕووانگەی پراگماتیکییەوە، لێکبدرێنەوە، وەك:

**خوایە ئەو کوڕەم بۆ بکەی بەداری بەری.**

لێرەدا بۆلێکدانەوەی واتای ئەم ڕستەیە پێویستمان بەشارەزایی ژیانی جوتیاری و باخداری، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە (داری بەر) لەناو کوردەواریدا گرنگیی زیاتری هەبووە، هەیە. بەوەی کە بەری هەبووە و سێبەریش، ئەو دارانەی کە بەرناگرن و تەنها بۆ سێبەرن (کەڕك). یان هەریەك لەم دوعایانە:

**شێخ بایزی باقلانێ ئاگادارتبێت.**

**کاك ئەحمەدی شێخ دەست بەباڵتەوە بگرێ.**

**شێخ پیریس فریام کەوە.**

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی لایەنی ڕێزمانیی ڕستەکانی دوعاکردنەوە، بڕوانە: (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: 2007)

لەهەریەکێك لەمانەدا داوالێکراو، کەسێکە کە پەیوەستن بەناوچەیەك و شوێنێکی دیاریکراوەوە، کە تێگەیشتنیان لەناوچەیەکی دیکە ئاسان نییە.

پێوەندییە واتاییەکان، وەك چۆن لەنێوان هەموو یەکە واتاییەکاندا هەن، لەچوارچێوەی ڕستەشدا هەن، لەنێویشیاندا ڕستەکانی دوعاکردن، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

**یاڕەبی عەمرت درێژ بێت. × یاڕەبی عەمرت کورت بێت**

**ڕوو سپیی دونیاو ئاخیرەت بیت. × ڕوو ڕەشی دونیا قیامەت بیت.**

**خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵ بکات. × خوا بەدڵی خۆتت لەگەڵ نەکا.**

**خوایە ئەم وڵاتە ئاوەدان بکەیەوە. × خوایە ئەم وڵاتە وێران بکەی.**

هەریەکێك لەم دوعایانەی سەرەوە، لەڕووی واتا و مەبەستەوە دژیەکن، کە بەشێوازی جیاجیا کراون بەدژیەك. بەشێوەیەکی گشتی دوعا لەڕووی مەبەستەوە دوو جۆرن، یەکەمیان دوعا بۆکردن، کە تێیدا داوای خێرو چاکە دەکرێت. دووەمیان دوعا لێکردن[1] کە لایەنی خراپەو شەڕ دەگرێتەوەو داوای شتی خراپ و ناخۆشی بۆ بەرامبەر دەکرێت. (سەرچاوەی پێشوو: 88) ئەم دوو جۆرەش هەریەکەیان لەڕووی واتاو مەبەستەوە پێچەوانەو دژیەك دەوەستن.

لەڕووی شێوازیشەوە، جیاوازی لەنێوان فەرهەنگی پیاو و ئافرەتدا لەڕووی دەوڵەمەندییەوە هەیە، کە (فەرهەنگی ئافرەت پڕە لەدوعاو هەندێك لەمانە داوای سزادانە بۆ کەسەکەو هەندێکیشی بۆ پاداشتە) (محمد معروف فتاح: 1987: 228) پیاویش لە زۆر کات و شوێندا دوعا، بەکاردەهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی (دوعا زیاتر بەسەر دەمی ئافرەتەوەیە.) (فاڕووق عومەر صدیق: چاوپێکەوتن: 2010/6/20).

بەم پێیە ڕستەکانی دوعاکردن بەهەرشێوەیەك بێت و هەرکەسێك بیانکات، لەڕووی واتاییەوە بەشێکی زۆریان واتاو مەبەستیان ئەوەندە لێك نزیکن، کە دەتوانرێت لەبریی یەکتر بەبێ گۆڕانی مەبەستە سەرەکییەکە بەکاربهێنرێن، پێوەرەکانی بەسینۆنیمبوون دەیانگرێتەوە. وەکو:

---

[1] – زاراوەی (تووککردن) لەهەندێك ناوچەدا لەجیاتی (دوعالێکردن) بەکاردەهێنرێت. ئەم وشەیە چووەتە ناو ئیدیۆمیشەوە، کە دەڵێن (کەس بەدوعایان نەبووە تا بەتووکان بچێت) هەندێك جاریش بۆ (دوعا بۆکردن) (دوعای بەخێر) دەوترێت.

**ناوت بەگەرووی ئاشا چێت≈ ئاو وئاوچیت ≈ ناو ناودێر نەبیت**

**عەمرت کورت بێت≈ عەمر درێژ نەبیت ≈ زۆری ژی نەبیت**

**خوایە لێمان خۆش ببە≈ خوایە عەفوومان بکە**

**ڕەبی خێر لەخۆتان نەبینن≈ ڕەبی خێر نەیەتە ڕێگەتان**

**خوا بیپارێزێت≈ خوا لەپەنای خۆی بگرێت**

**خوایە بەڕەحمی خۆت لەگەڵمان بکەی≈ خوایە بەعەمەلی خۆمان لەگەڵمان نەکەی**

هەریەکێك لەم دوعایانە لەچوارچێوەی ڕستەیەکی شێوازی داخوازیدا، یان شێوازی دانانیدا، دەربڕراون، لەڕووی واتاشەوە واتاکانیان وەکو یەکە، گۆڕینیان لەچوارچێوەی ئاخاوتندا واتای گشتیی ئاخاوتنەکە تێك نادات، هەریەك کاردانەوەش لەلای گوێگر دروستدەکەن، بۆیە دەبنە سینۆنیم.

لەڕستەکانی دوعاکردندا (کرداری داخوازی یان ڕانەبردووی دانانی بەکاردەهێنرێت) (حسن احمد گیویو حسن انوری: 1383: 46) شێوازی هەریەك لەم دوو جۆرە ڕستەیەش دروستیو نادروستییان تێناکەوێت.

دوو جۆرە سەرەکییەکەی دوعاکردن (دوعابۆکردن، دوعالێکردن) هەرگیز لەبەرامبەر یەکتریدا نابنە سینۆنیم، بەزۆری دەبنە دژیەك، ئەوانەی کە دەبنە سینۆنیم پێویستە سەر بەیەك گرووپ بن. وەك:

دوعابۆکردن:

**خوا ئەولادێکی ساڵحتان بداتێ≈ خوا منداڵێکی باشتان بداتێ**

**خوایە بەهەشتمان بەنسیب بکەی≈ خوایە بمانخەیتە بەهەشتەوە**

**خوایە بەرەکەت بخەیتە ڕزقمانەوە≈ خوایە ڕزقمان زیاد کەی**

دوعالێکردن:

**خوایە هەرچی زاڵمە لەسەر زەوی نەیهێڵی≈خوایە هەرچی زاڵمە لەسەر زەوی ڕەشی کەیەوە.**

**خوا لەناوت بەرێت≈ خوا بۆخۆت بەرێتەوە**

**ڕەبی بەبێ ئیمانی وەڕێ کەوی≈ ڕەبی ئیمانێ نەبەی**

لە هەریەکێك لەڕستەکانی دوعاکردندا، دەکرێت بەشێك لەکەرەسەکانی ڕستەکە لابرێت. بەجۆرێك کە ئەو ڕستانەی لەسڵاوکردنو یەکترناسینو دوعاو نەفرەت و پەند

بەکاردێن، دەشێت هەندێکجار بەهۆی (ڕێسای زمانی و تایبەتمەندیی دارشتنی ڕستەوە، کردارەکەو هەندێك لەبەش و کەرەسە بنەڕەتییەکان نەبن و بەکارنەهێنرێن). (حسن انوری و حسن أحمد گیوی: 1383: 317) وەکو:

ڕەحمەتت لێبێت.

خوا بتباتەوە.

بەزیاد بێت

نەعلەتت لێبێت.

## 3-8-3: سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردندا:

مرۆڤ بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەو قسانەی کەدەیکات، یان بۆ پاکانەکردنی ئەو کردەوانەی ئەنجامیاندەدات، هەروەها بۆ دڵنیاکردنەوەی بەرامبەرەکەی، کۆمەڵێك ڕستە یان دەستەواژەی ئامادەکراو لەفەرهەنگەکەیدا بەکاردەهێنێت، کە پێیان دەوترێت سوێندخواردن. کە لەناو ئەرکەکانی زماندا دەچنە خانەی ئەرکی ڕاپەڕاندنەوە. ئەم ئەرکە ((لەو گوتنانەدا، دەردەکەوێ کە خۆیان بریتین لەڕاپەڕاندنی کارێك بەواتای ئەوەی لەجیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بەگوێگر ڕاپەڕێنێ خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنێ و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە.)) (محمد معروف فتاح: 1990: 30) واتە کردەی قسەییە speech act هەر لەم ڕووانگەیەشەوە دەکرێت بڵێین، کە ((سوێندخواردن یەکێکە لەشێوازەکانی ڕاپەڕاندن و بڵاوترین شێوازە لەو شێوازانەی کە بەبەردەوامی بەسەر زاری خەڵکەوەیە.)) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی و شلێر ڕەسوڵ محمد: 2007: 6) وەك ئاشکرایە، کەلتوورو ئاین و بیروباوەڕی هەر نەتەوەیەکیش لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش لە ڕستەکانی دوعاکردندا باشتر دەردەکەوێت. ئەم جۆرە ڕستانە لەناو کۆمەڵ و نەتەوەیەك بۆیەکێکی دیکە، جیاوازییان هەیە، بەتایبەتی سوێند پێخوراو، کە (ناوێکە یان نازناوێکە یان سیفەتێك یان شتێکی پیرۆزە.) (سەرچاوەی پێشوو: 9) زۆرتر گۆڕانی بەسەردادێت.

لەڕوانگەی واتاییەوە، بەشێکی زۆری ڕستەکانی سوێندخواردن، واتاکانیان لەڕێگەی واتای سیمانتیکییەوە لێکدەدرێتەوە. واتە بۆ تێگەیشتن لەواتاکانیان، تەنها پێویستمان بەواتای فەرهەنگیی وشەکان و کاریگەرییە ڕێزمانییەکە دەبێت، وەکو هەموو جۆرەکانی دیکەی ڕستە. بۆنموونە:

بەخوا نەچوومە شار.

بەقورئان زوو دێمەوە.

لەم ڕستانەدا سوێندپێخوراو هەریەك لەوشەكانی (خوا، قورئان)ن، كە قسەكەر (سوێندخۆر) جەختیان پێ لەڕستەكانی (نەچوومە بازاڕ، زوو دێمەوە)دەكاتو لەڕێگەی واتای سیمانتیكییەوە لەواتاكانیان دەگەین، یان وەكو:

بەگۆڕی شەهیدان خیانەت ناكەین

بەخاكی كوردستان دڵسۆز دەبین.

لەم ڕستانەشدا، سوێندپێخوراو هەریەك لەدەستەواژەكانی (گۆڕی شەهیدان، خاكی كوردستان)ن، كە جەختیان پێ لەڕستەكانی (خیانەت ناكەین، دڵسۆز دەبین) كراوە، هەروەك ڕستەكانی سەرەوە، بۆ لێكدانەوەو تێگەیشتن لە واتاكانیان پێویستمان بەواتای دەورووبەر نییە.

هەندێك لەڕستەو دەستەواژەكانی سوێندخواردن پێویستیان بەزانیاریی دەوروبەر هەیە. بۆیە لەڕێگەی پڕاگماتیكەوە واتاكانیان لێكدەدرێنەوە. بەوەی كە تێكەڵ بەهەندێك زانیاریی تاكەكەسیو كەلتووریو بیروباوەڕی تایبەت دەكرێن، لەبەرئەوە بەتەنها بەواتای سیمانتیكی مەبەستەكەیان ناگات. وەكو:

بەمەلەك تاوس

بەگیانی شێخ ئادی

بەئاخا لالشێ

ئەم سوێندپێخوراوانە، لای هەموو كوردێك بەكارناهێنرێن. بۆیە كاتێك گویمان لێیاندەبێت دەزانین، كە سوێندخۆر كوردێكی ئێزدییە، لەمەشەوە پێویستمان بە زانیاریی دەوروبەر هەیە. هەروەها هەندێك لەڕستەكانی دیكەی سوێندخواردن، كە زۆریش بەكاردێن ناتوانین بەواتای سیمانتیكی لێكیانبدەینەوە. وەكو:

بەو بەردەی دەستم لێداوە.

سوێند بە دایكی موسڵمانان

بەشیخ عەبدولقادری گەیلانی

بەگۆڕێ جوانەمەرگ.

بەوەی دەستم پێوەگرتووە

لەهەریەکێك لەم سوێندانەدا پێویستە گوێگر شارەزایی ژینگەی نازمانی بێت، بۆئەوەی لەگرنگی ئەو ڕستەیە تێبگات، کە سوێندخۆر جەختی لێدەکات، چونکە کۆمەڵێك زانیاریی دیکە باسکراون، کە گوێگر لەدەوروبەرەکەوە وەریاندەگرێت. بۆیە لەم بارەدا پڕاگماتیك ڕۆڵی خۆی دەبینێت. لەڕووی سینتاکسیشەوە، ڕستەکانی سوێندخواردن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.[1]

لەڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە، ڕستەو دەستەواژەکانی سوێندخواردن چەند پێوەندییەکیان لەنێواندا دەبینرێت. لەنێویشیاندا سینۆنیم، بەتایبەتی کاتێك کە سوێندپێخوراو هەرئەو شتە یان کەسە بێت. لەزمانی کوردیدا بەهۆی کاریگەریی ئاینی ئیسلامەوە قسەکەرانی زمانەکە، بەزۆری سوێند بەخواو ناوەکانی یان سیفەتەکانی دەخۆن، هەروەها قورئانیش بۆ ئەم مەبەستە زۆر بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی لەسوێند خواردنی فەرمیدا، بۆ هەموو ئەوانەی کە موسڵمانن. لەهەردوو جۆرەکەیاندا ئەم پێوەندییە واتاییە بەشێوەیەکی فراوان دەبینرێت. وەکو:

**بەوخوایەی گیانی هەموومانی بەدەستە≈ بەوخوایەی ڕۆحی هەموومانی بەدەستە.**

**بەوخوایەی خوایەتی هەمووان دەکات≈ بەو خوایەی خوایەتی ئەرزو ئاسمان دەکات.**

**بەخوایەی کە تاكو تەنهایە≈ بەو خوایەی کە کەسی لێنەبووەو لەکەس نەبووە.**

دەکرێت ناوی خواش نەیەت، تەنها لەڕێگەی سیفەتەکانییەوە، مەبەستەکە دەربڕدرێت. هەروەها سوێند خواردن بەقورئانیش چەند جۆرێکی هەن، کە یەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن. وەکو:

**بەو قورئانە≈ بەکەلامی خوا≈ بەئایەتی خوا**

زۆرجاریش سوێند بە پێغەمبەر (د.خ) دەخورێت، ئەو دەستەواژانەی بەکاریش دەهێنرێن، دەشێت لەبریی یەکتر هەربەو واتاو مەبەستەش بەکاربهێنرێن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**بەپێغەمبەر≈ بەفەخری عالەم≈ بەڕەسولەڵڵا≈ بەخۆشەویستی خوا≈ بەپێغەمبەری ئاخیر زەمان≈ بەفەخری کائینات.**

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕستەکانی سوێندخواردنەوە، بڕوانە: (هۆگر مەمموود فەرەج: 2000)، (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی و شلێر ڕەسول محمد: 2007)

ئەو سوێندانەشی کە بە گیان یان گۆڕی مردووان دەخورێن، هەربەوشێوەیە چەند جۆرێکیان هەن، کە هەرئەو مەبەستە دەگەێنن. وەکو:

**بەگۆڕی شەهیدان ≈ بەقەبری شەهیدان**

**بەوخاکەی جوانەمەرگ چووەتە ناوی≈ بەوخاکەی جوانەمەرگ سەری لێناوەتەوە.**

**بەگیانی شەهیدان≈ بەڕۆحی شەهیدان**

**بەگیانی .........≈ بەڕۆحی ............**

هەندێك جاریش سویند بە (تەلاق) دەخورێت، کە سوێندخۆر بەچاوێکی دیکە تەماشادەکرێت. وەکو:

**بەتەلاقم ≈ بەنیکاحم.**

ڕستەکانی سوێندخواردن، لەو جۆرە ڕستانەن، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کورتکردنەوەیان تێدا دەکرێت، بەتایبەتی لابردنی وشەی (سوێند) لەزۆربەی ڕستەکاندا ڕێگە پێدراوە، هەندێکجار بەشەکانی دیکەشی[1].

## 3– 8 – 4: سینۆنیم لەچوارچێوەی ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردندا:

سڵاوکردن مەبەست لەو ڕستەو دەستەواژانەن، کە لەسەرەتای هەموو بەیەکگەیشتنەکاندا دەوترێن. بەدەروازەیەك بۆ چوونە ناو گفتوگۆوە دادەنرێن. بەواتاییەکی دیکە ئەو (جووتە گوتنانەی سەرەتای ئاخاوتن دەگرێتەوە، کە یەکێکیان لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت و گوێگر پێویستە وەڵامی بداتەوە.) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2005: 117) بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك گوێگر وەڵامی سڵاوکردن بداتەوە، بەتایبەتی کاتێك قسەکەر بۆ کۆمەڵێك خەڵك قسەبکات یان لەڕێگەی کەناڵێکی ڕاگەیاندنی، وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە قسەبکات یان هەموو ئەو سڵاوانەی کە لەڕێگەی زمانی نووسینەوە ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێن. بۆیە هەموویان نابنە جووتەگوتن. لەبەرئەوە تەنها بەو گوتنانە دەوترێت، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگریان دەکات.

---

[1] – بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ( حسن احمد گیوی و حسن انوری: 1383) و ( حسن انوری و حسن أحمد گیوی: 1383)

ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردن، لەهەر زمانێکدا زۆرتر بەلایەنی کەلتوورو بیروباوەڕی ئەم میللەتەوە پەیوەستن، لەکوردەوارییشدا بۆ هەر پیشەو کارێكو کاتو شوێنێك، دەستەواژەی تایبەتی هەبووە، بۆنموونە:

| | |
|---|---|
| **خەرمان بەرەکەت** | **بۆسەرخەرمان** |
| **خوا بازاڕت بدات** | **بۆ بازاڕوکڕینو فرۆشتن** |
| **خواخێرتان بنوسێت** | **بۆ سەرقەبران یان کردنی کارێکی خێرخوازی** |
| **ماندوو نەبن** | **لەکاتی ئیشو کاردا** |

دواتر لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلامو زیادبوونی کاریگەریی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی، بەشێکی زۆریان لە زۆربەی کاتو شوێنەکاندا دەستەواژەی (سەلاموعەلەیکم) یان لەشوێن بەکاردێت. بەجۆرێك کە خەریکە ئەوانی دیکە لەبیردەچنەوە، ئەمەش (فۆرمێکی خواستراوە لەشێوەی فرێز دایە) (محمد معروف فتاح: 1990: 133) لەلای موسڵمان ئەوەندە پیرۆزە بۆیە هەندێکجار بۆ خواحافیزیش بەکاردێت، بەتایبەت لای حیزبیە ئیسلامییەکان. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە گوایە ئەو کەسەی بەکاریدەهێنێت پاداشتێکی زۆر وەردەگرێت.

لەنێو زمانی کوردیدا هەندێك دەستەواژەی دیکە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بۆ سڵاوکردن بەکاردەهێنرێن. وەکو:

**ئەم کاتەتان باش، بەیانیتان باش، نیوەڕۆتان باش، ئێوارەتان باش، شەوتان باش.......هتد.**

هەروەها هەندێك وشەی وەکو (سڵاو، مەرحەبا، چاکی، چۆنی.......هتد) بەکاردەهێنرێن، بۆ سڵاوکردنی ئاسایی و نێو هاوڕێیان. ئەمانەش زۆر کورت، بەشێوەیەکی گشتی ڕستەو دەستەواژەکانی سڵاوکردن زۆر کورتدەکرێنەوەو هەندێك بەشیان لادەبرێن. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژانە بەبەردەوامی بەکاردەهێنرێن. بۆیە بەشێك لەکەرەسەکانیان دەسوێن.

لەڕووانگەی واتاییەوە، هەریەکێك لەم ڕستەو دەستەواژانە هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەپێی دەورووبەرو کاتو شوێنو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن. سەرباری ئەم گۆڕانەش هەندێکیان دەتوانن ببنە سینۆنیمی یەکتری لەبری یەکتریش بەکاربهێنرێنو شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەبێ گۆڕانی واتایی لەئاخاوتنەکەدا. بۆ نموونە دەستەواژەی (سەلاموعەلێك) دەتوانرێت لەبریی زۆربەی ڕستەو

**دەستەواژەکانی دیکەی ئەم بوارە بەکاربهێنرێت. یان دەستەواژەی (ئەم کاتەت باش) دەتوانێت شوێنی زۆربەیان بگرێتەوە.**

**ئەم دوو دەستەواژەیە، تاك لایەنانە شوێنی ئەوانی دیکە دەگرنەوە. هەندێکی تریان دەتوانن لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن و ببنە سینۆنیمی یەکتری، وەك هەموو ڕستەو دەستەواژەکان. وەکو:**

**سڵاو ≈ مەرحەبا**

**ماندوونەبن≈ خواقەوەتتان بدات**

**چاکی..... ≈ باشی......**

**سەلاموعەلێك≈ ئەم کاتەتان باش**

**لەناو یەك کەلتوورو کۆمەڵیشدا، سڵاوکردن بەپێی شێواز لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا جیاوازە. بەشێوەیەکی گشی ((وابڵاوە کە ژن زیاتر درێژە بەچاك‌وچۆنی دەدات لەپیاو)) (محمد مەعروف فەتاح: 1985: 227) ئەمەش بەشێکە لەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی لەنێوان شێوازی ژن و پیاودا هەن.**

**لەسڵاوکردن و چاکوچۆنیکردندا، زۆرجار هێمای نازمانییش لەگەڵ ڕستەو دەستەواژەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی بەکارهێنانی زمانی جەستە، لەوانە بەرزکردنەوەی دەست، جووڵاندی سەر بەرەو خوارەوە. هەر یەکێك لەم هێمایانە دەتوانن بەتەنهاش بەکاربهێنرێن، هەرئەو مەبەستە بەدەستەوە دەدەن. بەواتایەکی دیکە دەتوانن شوێنی ڕستەو دەستەواژەکانیش بگرنەوە. هەندێك کاتیش تەنها هێما نازمانییەکان کارا دەبن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو دووریی نێوان قسەکەرو گوێگر لەو ڕادەیەدا نەبوو، کە دەنگ بەکاربهێنرێت، یان دەورووبەر بۆ بەکارهێنانی دەنگ گونجاو نەبوو.**

# ئەنجام

دەتوانین ئەنجامە گرنگەکانی ئەم نامەیە، لەچەند خاڵێکدا پوخت بکەینەوە:

1- لەو کارە زمانەوانییە کوردییانەی، کە تا ئەمڕۆ، سەبارەت سینۆنیم کراون، وشە کراوە بەبناغەی کەرەستەی باسەکان، بەڵام لەم نامەیەدا بۆ یەکەمجارە فۆنیم کراوە بەبەردی بناغەی سینۆنیم. واتە کارەکانی پێشتر لەناوقەدەوە دەستیان بۆ سینۆنیم بردووە، کە دەبووایە لەفۆنیمەوە پەی بەبوونی ببرایە. کەواتە سێنۆنیم لەبچووکترین دانەی زمانی، کە فۆنیمە بۆ گەورەترین دانە، کەڕستەیە، هەیە. هەر ئەم خاڵەش دەشێت بکرێت بەبەڵگەو نیشانەی ئەو یەکیەتییە بەهێزو پتەوەی، کە لەنێوان بچووکترین دانەی زمانو گەورەترینیاندا لەناو دەزگای زماندا هەیە.

2- لەم نامەیەدا کەرەسەی لێکۆڵینەوەی سینۆنیمەکان، تەنها لەچوارچێوەی وشەدا نەوەستاوە، بەڵکو پەلی بۆ هەموو جۆرەکانی مۆرفیم لەڕووی پێکهاتنەوە هاویشتووە. بۆ یەکەمجارە کە (مۆرفیمی بەند) کراوە بەکەرەستەی لێکۆڵینەوەکە. واتە بەپێی چەشنی مۆرفیم، تیشك خراوەتە سەر کەرەستە سینۆنیمەکان، بەتایبەتی مۆرفیمە بەندەکان، کە وەك وشە دەتوانن ببنە سینۆنیم. هەروەها ڕۆڵ لەدروستکردنی وشەی سینۆنیمیشدا دەبینن.

3- بەپێی وردبوونەوەو قووڵبوونەوە لەسینۆنیم، گەیشتووین بەو ڕاستییەی، کە بوونی سینۆنیم ڕۆڵێکی گرنگو بەسوودی لەزماندا هەیە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە گوایە بارگرانییە بەسەر زمانەوە.

4- ناشێت سینۆنیم تەنیا لەمۆرفیمی سەربەخۆو بەندا، ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو هەردانەیەکی گەورەتر لەوان وەك فرێزو ڕستە، چ لەقاڵبی ئاساییدا بن یان ئیدیۆمو....هتد. بۆیان هەیە ببنە سینۆنیمی یەکتر، کە ڕێگای جیاجیا لەم ئاستەدا ڕۆڵ دەبینێت.

5- ئەکرۆنێمو نازناو دەشێت بەجۆرێك لەجۆرەکانی سینۆنیم دابنرێن، بەپێی بیردۆزو ڕووانگەی تایبەتیو بەکارهێنان لە دەورووبەری تایبەتدا.

6- دەشێت پارافرێز وەك سینۆنیمی ڕستە تەماشابکرێت، بەو پێیەی کە هەموو ڕستە پارافرێزکراوەکان، هەرئەو واتایە دەگەێنن و دەتوانرێت لەدەوروبەری جیاجیادا لەبریی یەکتر بەکاربهێنرێن.

* **بەزمانی کوردی:**

1- ئارا عەلی ئەحمد ( 2007) کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو (گۆڤەرا بەهدینان)، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ (بلاونەکراوە).

2- ئاواز حمەصدیق بەگیخانی ( 1996) ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحددین.

3- ئەبوبەکر عومەر قادر ( 2003) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بلاونەکراوە).

4- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1975) وشەی زمانی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

5- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( 1978)، کۆی ناو لەزمانی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

6- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1979) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم – ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

7- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1987) وشەڕۆنان لەزمانی کوردیدا، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی صلاح الدین.

8- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( 1998) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی چوارەم –ژمارە و ئاوڵکردار- دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرە ژمارە (313) بەغدا.

9- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

10- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ( 1367) ئامراز لەزمانی کوردیدا ، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی(انتشارات صلاح الدین ایوبی)، چاپی یەکەم، اورمیە.

11- بەکر عومەر عەلی ( 2000)، میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بلاونەکراوە).

12- بێخاڵ عبداللە سعید ( 1989) واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر (بلاونەکراوە).

13- تاهیر سادق (1998)، فەرهەنگی هاوواتاکانی کوردی، سلێمانی

14- جەلال مەحموود عەلی ( 1982) ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا ، دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی حسام، بەغدا.

15- جگەرخوێن ( 1961) اوائو دەستورا زمانی کوردی ، چاپخانەی سەلاحەدین، بەغدا.

16- چیا عەلی مستەفا ( 2008)، رادەو ئەرکی سینتاکسیو سیمانتکی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە (بڵاونەکراوە).

17- حاتەم ولیا محەمەد ( 2000) فرێزی ناوی‌و فرێزی کاری لەکرمانجی ژووروودا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).

18- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو ( 2008)، بەرکار لەزمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆرمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

19- دیار عەلی کەمال (2002)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیێکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر (بڵاونەکراوە).

20- ڕۆژان نوری عبدالله ( 2007) فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی ، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

21- ساجیدە عبدالله فەرهادی ( 2007)، شێوازی دوعاکردن لەزمانی کوردی دا ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (32).

22- ساجیدە عبدالله فرهادی و شلێر ڕەسوڵ محمد ( 2007)، سوێند خواردن لەزمانی کوردی دا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (35).

23- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی ( 2008)، ڕستەو پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

24- سازان رضا معین (2005)، واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (بڵاونەکراوە).

25- سازان زاهیر سەعید (2009) پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی چووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).

26- سەباح ڕەشید قادر ( 2009)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەستەڵاتو بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( 60)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

27- سەردار ئەحمەد گەردی ( 1997) ئەوزاری لێکچوان لەشیعری کوردیدا ، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە (2) بەرگی یەکەم، هەولێر.

28- سەلام ناوخۆش بەکر ( 2004)، زماننناسی و هەندێ بابەتی زماننناسیی کوردی، کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی زماننناسی یە ، لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران ژمارە (18)، هەولێر.
29- سەلام ناوخۆش ( 2008)، پوختەیەك دەربارەی زماننناسی مێژوویی- بونیادگەری- چۆمسکی، چاپخانەی کاروان، چاپی دووەم، هەولێر.
30- سعید صدقی کابان (1928)، مختصر صرف و نحوی کوردی، جۆ (1) طبع اول چاپخانەی نجاح، بغداد.
31- شیلان عومەر حسەین ( 2009) ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا ، بلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژی، زنجیرە (29)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
32- شێرزاد سعید صدیق (2008) ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هالیدەی ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر (بڵاونەکراوە).
33- شێرکۆ حەمەئەمین قادر ( 2002) مۆرفیمە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).
34- شێرکۆ حمەئەمین قادر ( 2009) شیکارکردنێکی گوتاریی چیرۆکە هەواڵ، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە (بڵاونەکراوە).
35- صباح ڕشید قادر ( 2000) هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەك)دا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).
36- طالب حسین علی ( 1998)، هەندێ لایەن لەپێوەندی نێوان ڕستەو واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر (بڵاونەکراوە).
37- طالب حسین علی ( 2002) دیاردەی هاوواتایی لەزمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (16).
38- عەبدوڕەحمانی زەبیحی ( 1367) قامووسی زبانی کوردی ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی).
39- عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ ( 1991)، ناکردن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
40- عبدالله حسێن ڕەسوڵ ( 1995) مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا (بڵاونەکراوە).

41- عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ ( 2005) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، زنجیرەی کتێبی گیرفان (2)، هەولێر
42- عەبدوڵا عەزیز محەمەد بابان ( 2005) هایپۆنیمو هەندێ پێوەندی واتایی لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (بڵاونەکراوە).
43- عبدالواحد مشیر دزەیی ( 1999)، هاوواتا لەنێوان بوونو نەبووندا ، گۆڤاری مەتین، ژمارە (88)، دهۆك.
44- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( 2005)، ڕەهەندی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندن دا ، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر.
45- عەبدولوەهاب شێخانی ( 2009)، فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا ، دەزگای توێژینەوو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
46- عەزیز گەردی ( 1972)، ڕوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم ڕوونبێژی ، چاپخانەی شاراوەنی، هەولێر.
47- غازی فاتح وەیس ( 1984)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الادیب البغدادی)، هەولێر.
48- فاروق عومەر سدیق ( 1975)، وشەسازی لەزمانی کوردیدا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، ژمارە (1)، بەغدا.
49- فارووق عومەر ( 1990) ناوی تایبەتی مرۆڤ لەزمانی کوردیو چەند زمانێکی تردا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125)
50- فاروق عومەر سدیق ( 2008- 2009) وانەی لێکسکۆلۆژی، ماستەر، کۆرسی دووەم. زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
51- فاروق عومەر سدیق ( 2008-2009)، وانەی مۆرفۆلۆژی ، ماستەر، کۆرسی یەکەم. زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
52- فاضل عمر ( 2005)، گیرەکێن زمانێ کوردی ، بەلاڤۆکێن کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە(14) چاپی ئێکەم، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.
53- فەتاح مامە عەلی ( 1998)، ئیدیەم لەزمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (بڵاونەکراوە).
54- فەرەیدون عەبدول محەمەد ( 1998)، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (بڵاونەکراوە).

55- قەیس کاکل تۆفیق ( 2000)، ژن و ئافرەت لەدیدی سیما پێکهێنەرەکاندا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
56- کەمال میراودەلی ( 2007)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
57- کەوسەر عەزیز ئەحمەد ( 1990) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (بڵاونەکراوە).
58- کەوسەر گەلاڵی ( 2006)، جووتە وشەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
59- کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان ( 2006)، واتاسازی، وەرگێڕانی یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
60- کورش سەفەوی ( 2005) حەوت گوتار دەربارەی وەرگێڕان ، وەرگێڕانی ڕەفعەت مورادی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
61- گیو موکریانی ( 1999)، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
62- محمد معروف فتاح (1985) شێوازی ئاخاوتن لەناو ئافرەتی سلێمانیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (107) بەغدا.
63 - محەمەد مەعروف فەتاح ( 1986)، دیسان ئیدیەم پێداچوونەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یازدەم، بەغدا.
64- محەمەد مەعروف فەتاح ( 1989)، وشەی لێکدراوی بەستراو لەزمانی کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (124)، بەغدا.
65- محمد معروف فتاح (1990)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
66- محمد معروف فتاح ( 1990 أ )، هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لەکوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (125)، بەغدا.
67- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر ( 2006) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
68- محەمەدی مەحوی ( 2001) زمان و زانستی زمان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرە (104) بەرگی یەکەم، سلێمانی.

69- محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما هێما، واتا و واتالێکدانەوە، چاپخانەی پێوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
70- محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما هێما، واتا و واتالێکدانەوە، چاپخانەی پێوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی دووەم، سلێمانی.
71- نەسرین فەخری ( 1985)، لێکۆڵینەوەیێك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگێڕانەوەو گۆڕینی شوێنی دەنگ لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.
72- هەژار (عبدالرحمان شرفکندی) ( 1381)، هەمبانەبۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپی سێیەم، تاران.
73- هۆگر مەحموود فەرەج ( 1989)، بوارە واتاییەکان ، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین (بڵاونەکراوە).
74- هۆگر مەحموود فەرەج ( 2000)، پڕاگماتیك و واتای نیشانەکان ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی (بڵاونەکراوە).
75- هۆگر مەحموود فەرج ( 2007)، زمانی کوردی و گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیی گوزارشتگەلێکی پێوەند بەکەلتووری ئیسلامەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (19).
76- هیمداد حوسێن بەکر و صباح ڕەشید قادر ( 2009) هەندێ لایەنی زمانەوانیی و ڕەخنەی ئەدەبی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (10).
77- هێمن عومەر خۆشناو ( 2010)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.
78- وریا عومەر ئەمین ( 2004)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (239)، چاپی یەکەم، هەولێر.
79- یوسف شەریف سەعید ( 2009) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆڕ و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( 59)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- **بەزمانی فارسی:**

80- ابراهیم چگنی ( 1382) دائره المعارفی زبان و زبانها ، چاپ اول، دانیشگاه لرستان، نشر بهنام، تهران.

81- ابراهیم چگنی ( 1384)، فرهنگ توصیفی اموزش زبان و زبانشناسی کاربردی ، ویراست سوم، چاپ اول، انتیشارات رهنما، تهران.
82- ابو الحسن نجفی (1387)، مبانی زبان شناسی و کاربرد ان در زبان فارسی، چاپ دهم، انتشارات نیلوفر، تهران.
83- احمد ابو محبوب (1383)، ساخت زبان فارسی، چاپ سوم، نشر میترا، چاپخانه تابش، تهران.
84- ار. اچ. روبینز ( 1385)، تاریخ مختصر زبانشناسی ، ترجمه: علی محمد حق شناس، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران.
85- ازیتا افراشی ( 1381)، اندیشه‌هایی در معنی شناسی (یازده مقاله) ، چاپ اول، انتشارات فرهنگ کاوش، تهران.
86- المیرا دادور ( 1387)، واژگان نیشانه - معناشناسی (فرهنگ تخصصی) ، چاپ اول، انتشارات مروارید، تهران.
87- برنارد کامری و دیگران ( 1384)، زبان های دنیا: چهار مقاله در زبان شناسی ، برگردان: کورش صفوی، چاپ اول، انتشارات سعاد، تهران.
88- جان لاینز ( 1383) مقدمه‌ای بر معناشناسی زبان شناختی ، ترجمه حسین واله، چاپ اول، نشر گام نو، تهران.
89- جك ریچاردز و دیگران ( 1375)، فرهنگ توصیفی زبانشناسی کاربردی لانگمن ، ترجمه دکتر حسین وثوقی و دکتر سید اکبر میرحسینی، چاپ دوم، مرکز ترجمه و نشر کتاب، تهران.
90- حسن احمدی گیوی و حسن انوری، ( 1383)، دستور زبان فارسی 1، ویرایش دوم، چاپ بیست و ششم، موسسه فرهنگی فاطمی، چاپخانه خاشع، تهران.
91- حسن انوری و حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی 2، ویرایش دوم، چاپ بیست و سوم، موسسه فرهنگی فاطمی، چاپخانه خاشع، تهران.
92- سیما وزیرنیا (1379)، زبان شناخت، چاپ اول، نشر قطره، تهران.
93- عبدالعطیم قریب و دیگران ( 1387)، دستور زبان فارسی- پنج استاد ، چاپ چهارم، چاپ دیبا، انتشارات ناهید، تهران.
94- فرانك ر. پالمر ( 1385)، نگاهی تازه به معنی شناسی ، ترجمه: کورش صفوی، چاپ چهارم، نشر مرکز، کتاب ماد، تهران.

95- فردینان دوسوسور ( 1382)، دوره زبان شانسی عمومی ، ترجمه: کورش صفوی، چاپ دوم، انتشارات هرمس، تهران.

96- کورش صفوی (1380)، گفتارهایی در زبانشناسی، چاپ اول، انتشارت هرمس، تهران.

97- کورش صفوی ( 1384)، فرهنگ توصیفی معنی شناسی ، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران.

98- کورش صفوی (1385)، اشنایی با معنی شناسی، چاپ اول، نشر بژواك کیوان، تهران.

99- کورش صفوی ( 1387)، در امدی بر معنی شناسی ، چاپ سوم، انتشارات سوره‌مهر، تهران.

100- محمد دبیر مقدم، (1386)، زبانشناسی نظری پیدایش و تکوین دستور زایشی، ویراست دوم، چاپ دوم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمیت)، تهران.

101- محمد رضا باطنی (1385) زبان و تفکر: مجموعه مقالات زبانشناسی ، چاپ هشتم، مرکز بخش موسسه انتشارات اگاه، تهران.

102- محمود فضیلت (1385) معناشناسی و معانی در زبان و ادبیات ، چاپ اول، انتشارات دانشگاه رازی، کرمانشاه.

103- مهدی مشکوه الدینی، (1373) سیر زبانشناسی، انتشارات دانیشگاه فردوسی (مشهد)، چاپخانه دانشگاه فردوسی (مشهد)، چاپ اول، مشهد.

104- مهری باقری، ( 1374)، مقدمات زبانشناسی، انتشارات دانیشگاه تبریز، چاپ سوم، تبریز.

105- میترا معدنی (1383)، نگاهی اجمالی به‌هم معنایی و درجات ان در زبان، مجلهء زبانشناسی، شماره اول، سال نوزدهم.

106- ویلیام اوگردی و دیگران ( 1386)، درامدی بر زبان شناسی معاصر ، ترجمه: دکتر علی درزی، چاپ اول، سازمان مطاله و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران.

• **بەزمانی عەرەبی:**


107- احمد مختار عمر ( 1982)، علم الدلالة ، مكتبة دار العروبة للنشر ء توزيع، الطبعة الاولى، كويت.

108- جمعة سيد يوسف ( 1990)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي ، سلسلة عالم المعريفة، سلسلة (145)، الكويت.

109- جون لاينز ( 1987)، اللغة والمعنى والسياق ، ترجمة: عباس صادق الوهاب، مراجعة د. يوئيل عزيز، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافيه العامة (افاق عربيه)، بغداد.

110- رشيد عبدالرحمن العبيدى (2002) مباحث فى علم اللغة والليسانيات ، الطبعة الاولى، دار الشوون الثقافية العامة، بغداد.

111- حاكم مالك لعيبى ( 1980)، الترادف فى اللغة، منشورات وزارة الثقافة والعلام، سلسلة الدراسات (221)، بغداد.

112- ستيفن أولمان ( 1997)، دور الكلمة فى اللغة ، ترجمه وقدم له وعلق عليه: دكتور كمال بشر، الطبعة الثانيه عشرة، دار غريب للطباعة والنشر، القاهيرة.

113- عبدالرحمن بن حسن المحسني (2009)، قضية الترادف النظرية والتطبيق، من موقع انترنيت: http://www.adabiabha.com/biader/4.htm

114- عبدالسلام المسدى ( ؟ ) الاسلوبية والاسلوب، الطبعة الثالث، الدار العربية للكتاب، تونس.

115- عبدالقادر ابو شريفة و اخرون، ( 1989)، علم الدلالة و المعجم العربى ، دار الفكر، عمان.

116- ماجد نجاريان(2009)، ظاهرة الترادف فى العربية، مجلة افاق الحضارة الاسلامية عدد (14) من موقع انترنت: www.hawazah.net/per/magazin/ah/014/AH014FE.HTM

117- محمد على الخولى ( 1982)، معجم علم اللغة النظرى انكليزى – عربى ، مكتبة لبنان، بيروت.

118- محمد محمد يونس علي ( 2007)، المعنى وظلال المعنى أنظمة الدلالة في العربية، طبعة مزيدة ومنقحة، دار المدار الاسلامي، ليبيا.

119- محمد محمد يونس علي ( 2004)، مقدمة فى علمى الدلالة والتخاطب، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت.

120- محمود عكاشة ( 2005)، التحليل اللغوى فى ضوء علم الدلالة ، دار النشر للجامعات، مصر.

121- نور الهدى لوشن ( 2006)، علم الدلالة (دراسة وتطبيق) ، المكتب الجامعى الحديث، الازاريطه – الاسكندريه.

122- هدسن (1987)، علم اللغة الاجتماعى، ترجمة: محمود عبدالغنى عياد، مراجعة وتقديم عبدالامير الاعسم، ط 1، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشون الثقافية العامة، بغداد.

123- يحيى احمد ( 1989)، الاتجاه الوضيفى و دوره فى تحليل اللغة ، مجلة عالم الفكر، مجلد (20) عدد (3)، كويت.

124- هادي نهر (2008)، علم الدلالة التطبيقي في التراث العربى، الطبعة الاولى، جدارا للكتاب العالمي – عمان و عالم الكتب الحديث – اربد، الأردن.

- **بەزمانی ڕووسی:**

125- ئۆ. س. ئەخمانۆڤا (1966)، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانییەکان، مۆسکۆ.

126- ڕا. بوداگەڤ (1974)، مرۆڤو زمانی، چاپخانەی زانکۆی مۆسکۆ، مۆسکۆ.

127- ڤ. ن. کلیوێڤا ( 1961)، کورتە فەرهەنگی سینۆنیم لەزمانی ڕووسیدا ، چاپی دووەم، پوختەکراو و زیادکراو، مۆسکۆ.

128- یو. س. ستیپانەڤ ( 1975)، بناغەکانی زمانەوانی گشتی ، چاپی دووەم، مۆسکۆ.

129- یو. س. ماسلۆڤ (1975)، سەرەتایەك لەزمانەوانی، مۆسکۆ.

- **بەزمانی ئینگلیزی:**

130- Aitchison, J. (1993) Linguistics. 4th ed. London: Hodder and Stoughton.

131- Bloomfield, L. (1954) Language. New York: Henry Holt and Company.

131- Cruse, D. A. (1986) Lexical semantics. Cambridge, Cambridge University Press.

132- Crystal, D (1992) An Encyclopaedia Dictionary of Language and Linguistics. Oxford: Blackwell publishing.

133- Crystal, D. (2003a) A Dictionary of Linguistics and phonetics. 5th ed. Oxford: Blackwell publishing.

134- Crystal, D (2003b) The Cambridge Encyclopaedia of the English Language 2nd ed. Cambridge: Cambridge University press.

135- Falk, J. S. (1978) Linguistics and Language: A Survey of Basic Concept and Implications. 2nd ed. New York: John Wiley and Sons.

136- Finch, G. (2005) Key Concepts in Language and Linguistics. 2nd ed. Hamphshire: palgrave Macmillan Press.

137- Fromkin, V., Rodman, R. and Hymas, N. (2003). An Introduction to Language. 7th ed. Boston: Thomson Heinle.

138- Hudson, G, (2000). Essential Introductory Linguistics. Oxford: Blackwell Publishing.

139- Jawad, H. F. (2010) A COGNITIVE VIEW OF EUPHEMISTIC EXPRESSIONS IN KURDISH. In JORNAL OF KOYA UNIVERSITY. No: 14.

140- Manser, M. H. (2005) Dictionary of Synonyms and Antonyms. Cambridge: Cambridge University press.

141- McCarus, E. N (1954) A Kurdish grammar Descriptive analysis of The Kurdish of Sulaimaniya, Iraq. New York.

142- Saeed J. I. (1997) Semantics. First published Oxford: Blackwell publishing.

143- Yule, G. (1996) The study of Language. 2nd ed. Cambridge: Cambridge University Press.

144- Yule, G. (2000). Pragmatics. Oxford, Oxford University Press, Fifth impression, New York .

# ملخص البحث


هذه الرسالة التى عنوانها **(نظرة حديثة للترادف فى اللغة الكرديه)** دراسة يحاول الباحث فيها ابراز ظاهرة الترادف في اللغة الكردية من خلال المنهج الوصفى بشكل عام وكذلك المنهج التحويلي فى جانب آخر من الدراسة.

تتكون هذه الدراسة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة بأهم الاستنتاجات وقائمة بأهم المصادر والمراجع، كالآتي:

الفصل الأول: بعنوان **(التعمق في الترادف كظاهرة لغوية)** والتى تم فيها بحث الوحدات الدلالية والعلاقات الدلالية ومفهوم الترادف، ثم دراسة الترادف من وجهة نظر النظريات الدلالية. و اسباب حدوث الترادف وانواعها وأهميتها، بالاضافة الى مراجعة و تقييم الدراسات السابقة في هذا الموضوع.

والفصل الثاني: تناول **(الترادف ضمن الفونيم والمورفيم)** والتى تم فيها بحث كيفية تحول وحدات كل من المستويات الفونولوجية والمورفولوجية الى المرادف، والعلاقة بين الترادف والاختصار (الاكرونيم). ثم دراسة الاسم و اللقب من خلال الترادف الاشاري.

وخصص الفصل الثالث ل **(الترادف في اطار العبارة والجملة)** والتى تم فيها بيان تكوين ومعنى الجملة والعلاقات الدلالية فى مستوى الجملة، ثم تشخيص طرق الترادف الجملي وعرض الصياغة (بارافرين) و الترادف الجملى، وفي نهاية الفصل تم بحث الترادف في اطار كل من (العبارات الاصطلاحية، والدعاء ، والقسم، وعبارات التحية)

وفي نهايه المطاف توصل الباحث الى مجموعة من الاستنتاجات أبرزها أن المرادف موجود في كل الوحدات الدلالية، و لوجودها دور وأهمية في اللغة و .......الخ.

# Abstract

This thesis which is entitled (**A new view of synonnyms in the Kurdish Languge)** is a study in which the researcher is trying to show synonym phenomena in the Kurdish language, through following a descriptive method in general and also in a conversional method in another side of the resarch.

The thesis consists of an introduction, three chapters and an end with important results and a list of biblography and resources, as the follows:

Chapter one is titled **(Look sharply to synonym as a linguistic phenomena)** and it deals with semantic units, semantic realations, the concept of synonym. Studying synonyms in the point of view of some semantic theories, the reasons that cause synonms, its kinds and its importance, in additon to the revision and evaluation of the previous studies in this field.

Chapter two studies **(Synonyms in phoneme and morpheme)** and it deals with how to alter units in phonological and morpholoical levels to synonyms, and the relation between synonym and acronym, then studying names and surnames through referntial synonymy.

Chapter three is devoted to **(Synonyms in the phrase and sentence' framework)** that studies structures and meanings of sentences and semantic relationships in sentence level, then indicates the ways of making sentences synonyms, and paraphrase and sentence synonyms are shown. At the end of this chapter synonyms are studied in the framework of (idoms, prayers, oaths, and greetings)

At the end the reseacher gets some result. The most obvious is that synonyms are existing in all semantic units, and their existence has an important role in language………etc.